
شانۆگەریی



# دەروێشەکان بەدوای ڕاستییا ئەگەڕێن

مستەفا حەللاج

وەرگێڕانی لەعەرەبییەوە بۆ کوردی

مەحمود مەلا عززەت

چاپی دووەم—٢٠٠٠

حكومەتی هەرێمی كوردستان
وەزارەتی رۆشنبیری
بەڕێوەبەرێتیی گشتیی چاپ و بڵاوكردنەوە
زنجیرەی (٣٥)

تایبـەتی
...ی مەلا عـزەت
٢٠١ / /

# شانۆگەریی
# دەروێشەكان بەدوای ڕاستیدا ئەگەڕێن

مستەفا حەللاج

مەحمود مەلا عززەت
وەریگێڕاوەتە سەر كوردیی

دووەم چاپی كوردی – تشرینی دووەم ٢٠٠٠

...ی تایبەتی
...ری مەلا عززەت
٢٠١ / /

- ناوی کتێب: دەروێشەکان بەدوای ڕاستیدا ئەگەڕێن
- وەرگێڕان: مەحمود مەلا عززەت
- بەرگ: قادر میرخان
- تیراژ: ٥٠٠ دانە
- کۆمپیوتەر: تارا رەئوف ، ئاراس شەریف
- مونتاژ: نیاز عمر علی


- چاپی دووەم چاپخانەی بەدرخان - سلێمانی ٢٠٠٠
- ژمارەی سپاردنی (٤٧٧)ی وەزارەتی ڕۆشنبیری پێدراوە



- مافی لەچاپ دانەوەی پارێزراوە بۆ وەزارەتی ڕۆشنبیری

یەکەم چاپی دەقی عەرەبی- دیمەشق ١٩٧٢
دووهەم چاپ- بەیروت ١٩٧٩
یەکەم چاپی دەقی کوردییەکەی- سوید ١٩٨٣
دووهەم چاپی سلێمانی ٢٠٠٠

ئەم شانۆگەرییە یەکەم خەلاتی ئەو پێشبڕکێیەی ئەنجومەنی بەرزی سەرپەرشتیی هونەرو وێژەو زانیارییەکانی کۆمەلایەتیی وەرگرت کەلەسالی ١٩٧٢ دا بۆ شانۆگەریی درێژ کرا.

چاپی دووهەمی ئەم بەرهەمە

بە پارێزەرانی مافی مرۆڤ

پێشکەشە

# "دەروێشەكان بەدوای ڕاستیدا ئەگەڕێن"*

بەشدارانی شانۆگەرییەكە :-

-دەروێش

-شیرین ---------- ژنەكەی

-شەماڵ، سیروان، مەریوان، ژیان، منداڵەكانی دەروێش و شیرین

-نەسرین ---------- ژنی ئەویتر

-حاكم

-لێكۆڵەری یەكەم

-لێكۆڵەری دووەم

- پیاوی سێیەم

- پاسەوان

---

تێبینی:

١-ناوی بەشدارانی شانۆگەرییەكە كراون بەكوردی، جگە لەناوی دەروێش كەهەروەك خۆی ماوەتەوە.

٢-لەم چاپەدا كەمە دەستكارییەكی هەندێ ڕستەكراوە.

# پەردەی یەکەم

**شوێن**

(لەناوەڕاستی شانۆکەدا ژوورێکی تەنگی زیندانێکە لەبەشی سەرەوەی لای چەپی دیوارەکە، کونێکی بچووکی چوارگۆشەیەکە بەشیشی ئاسن تەنراوەو ئەمە تاکە ڕوانگەیە بۆ دەری ژووری زیندانەکە،

لەسەر ئەرزەکەی قاپێکی کۆنو دۆلکەیەکی شکاوی چا دانراون. لەهەندێ کاتدا ژوورەکە بەچۆڵێوهۆڵیی دەردەخرێت. لای ڕاستو چەپی شانۆکەو هەردوولای ژووری زیندانەکە چۆڵو تاریکە، هەرکاتێك پێویست بێت رووناکیی ئاراستەی هەردوولا دەکرێت.)

(دەرگای ئاسنینی ژوورەکە لەپێشەوەیە.)

(بازنەی رووناکیی لەزیندانەکەدا ناوەڕاستی شانۆکەشی گرتۆتەوە، دەروێش بەرامبەر چاودێرگەکە دانیشتووە. هەردوو چاوی لێکناوەو بەپەستییەکەوە سەری ئەهێنێو ئەبا. لەپڕ دەنگی مۆسیقای سەما بەتوندییو تێکەڵ بەگۆرانیو پێکەنین بەچەند وێنەیەکی نواندن دەستپێدەکات.

لەگەڵ بەرزبوونەوەی دەنگی تەسجیلەکە لەدەرەوەی ژوورەکە، دەروێش لەجێگەکەی خۆیەوە رادەپەرێت).

**دەروێش:** (کەمێك گوێقولاغ دەبێت، مۆسیقاکە ئەوەستێ، هەناسەیەکی خۆشیی ئەداتەوە) ئاخخخ، خۆ کات زۆری بەدەمەوەماوە، ئاخخخ لەدەست مۆسیقای شەو لەپڕ بۆڕەی دێتو کاتیش زۆری بەدەمەوە ماوە!

(رووناکییەکە لەسەر دیواری ناوەوەی ژووری زیندانەکە فراوان دەبێت)

توخوا مۆسیقای ناوەخت کەمێك سەبرو بەزەیی..!

لەدەرگا ئاسنینەکە دەدرێت) من لێرەم ..(بەواق وڕماوییەکەوە سەری ئەلەقێنێ) پاسەوان گیان بەسەر سەرو بەسەر چاوان، من لێرەمو هیچم ناوێ (قسەکەی ئاراستەی خودی پاسەوانەکە ئەکات بەبێ ئەوەی بیبینێت) بەمۆسیقاکە بڵێ با جارێ بوەستێو سەبر بگرێت، ئەگەر یەکێکیان ویستی شتەکان بخاتە کار وابیی بڵێ جارێ کات بەدەمییەوە ماوە (دووجار لەدەرگای زیندانەکە ئەدرێت)هیچم ناوێ ئەوە نەبێت کەبەو پیاوەی دانیشتووەو چاوی بڕیوەتە شتەکان بڵێیت جارێ کات زۆری بەدەمەوەیە بەزەیییەکت پێمدا بێتەوە، توخوا پاسەوان: کەمێك بەزەییو دوو وشەی بچکۆلە بەگوێی ئەو پیاوەدا بچرپێنەو بڵێ: جارێ کات

زۆری بەدەمەوەیە (پاسەوانەکە پەنجەرۆکەکەی دەرگا ئاسنینەکە ئەکاتەوەو چاوێک بەژوورەکەدا ئەگێڕێ، دەروێش ئەبینێت وا خۆی بەدیوارەکەوە مەڵاس داوە).

**پاسەوان:** (لەدەرەوە) هۆۆ کوڕە تۆ!

**دەروێش:** (لەشوێنی خۆیەوە لەنزیك دیوارەکەوە) بەڵێ گەورەم پاسەوان.

**پاسەوان:** وەرە ئێرەوە، وەرە بەردەمم!

دەروێش (دێتە پێشەوە) بەڵێ گەورەم فەرموو.

**پاسەوان:** ئەوە چی ئەکەیت لەپشت دەرگاکەوە؟

**دەروێش:** قوربان وەستاوم.

**پاسەوان:** ئینجا بۆچی لەوێدا وەستاویت؟ چیت لەژێر سەردایە؟

**دەروێش:** هیچ گەورەم.. بەچیت بڕوایە هەر تەنها لەوێدا وەستاوم و هیچی تر.

**پاسەوان:** (بەتوڕەییەوە) نەفرەتت لێبێت ئەزانم لەوێدا وەستاویت، بەڵام من ئەڵێم چیت ئەکرد؟

**دەروێش:** (بەشڵەژاوییەکەوە): چیم ئەکرد!؟

**پاسەوان:** بەڵێ چیت ئەکرد؟

**دەروێش:** گەورەم پاسەوان: نازانم، بەڵام من، (قسەکەی تەواو ناکات)

**پاسەوان:** (ئەنەڕێنێت) من چی؟ دەی قسە بکە.

**دەروێش:** وامدەزانی یەکێك مۆسیقاکەی کردەوە.

**پاسەوان:** یەکێك مۆسیقاکەی کردەوە؟ جا مەبەستت چییە؟

**دەروێش:** قوربان گوێ ئەگرم!

**پاسەوان:** (قاچی بەئەرزەکەدا ئەدات) گوێ ئەگریت! یان شتێکت لەژێر سەردایە؟

**دەروێش:** خوا ئەیزانێت گەورەم هیچ شتێکم لەمێشکدانییە، ئەوە نەبێت کەیەکێکیان شتەکانی خستە کار بەبێ ئەوەی کاتشی هاتبێ، ئیتر وا (بەسەرسووڕمانەوە هەردوو دەستی بەرز ئەکاتەوە) بەوجۆرە منت لەپشت دەرگاکەوە بینی..![1]

---

١- مەبەست لەوشەی شتەکان، دوابڕاوەکان، ئامرازەکان کەرەسەی ئەشکەنجەدانە.

**پاسەوان:** (بەوردی پێیدا هەڵدەڕوانێت) وەرە (دەروێش نزیک ئەبێتەوە) دەی وەرە پێشەوە.. زیاتر دەی زیاتر (دەروێش بەترسەوە نزیکتر دەبێتەوە) ئەوە چییە وا ئەزانیت ئەتخۆم.

دەروێش (نزیك ئەبێتەوە): نا گەورەم.. ناتخۆیت!

**پاسەوان:** ئاخخ.. ئاخر توخوا کەس شتی وای بیستووە؟ هەر بەڕاستی وا دەزانیت کەنایکەم..!

**دەروێش:** (سەری بەنەخێر رائەوەشێنێت).

**پاسەوان:** کوڕە ئەوە تۆ شێتیت؟

**دەروێش:** نەخێر گەورەم.

**پاسەوان:** بەڵێ تۆ گەوجیشیو شێتیشیت..

**دەروێش:** نا نا گەورەم.

**پاسەوان:** (بەتوڕەییەوە) با هەر بەڕاستی تۆ گەوجیشیتو شێتیشیت!

**دەروێش:** (ئەیەوێت وەڵام بداتەوە، ئینجا ئەچێتە دواوە).

**پاسەوان:** باشە... ئێستا راستییەکەیم پێ بڵێ، تۆ هیچ پەڕلەیەك، شتێکت لەژێرسەردا نەبوو؟

**دەروێش:** گەورەم، ئەگەر بڕوام پێئەکەیت، وا من هەر نازانم مەبەستت لەپەڕلەو شت چییە.. هەر بەڕاستیش من هیچم نەکردووە. (ئینجا بەچرپەوە قسەئەکات) ئەو مۆسیقایە وای لێکردم کە لەجێگەی خۆمەوە رابپەڕمو خۆم بدەمە پەنا دیوارەکە (سەیرێکی پاسەوانەکە ئەکات، بەڕووخساری پڕ لەپاکانەوە. داوای بڕواپێکردنی لێدەکات).. باوەڕم پێدەکەیت..؟

**پاسەوان:** (لێی ورد ئەبێتەوەو بەچاوێکی بەزەییەوە): باشە باوەڕت پێئەکەم، بەڵام ها بۆ لەمەودوا جارێکیتر شتی وا دووبارە نەکەیتەوە. (دەروێش سەری بۆ ئەلەقێنێت، وەکو وەڵام بۆ هەڕەشەکەی) دووجاریش لەدەرگاکەم دا، کەچی هیچ وەڵامت نەبوو..!

**دەروێش:** بەڵێ وایە... چونکە پێویستم بەهیچ نەبوو..!

**پاسەوان:** ئەی ئێستا پێویستت بەهیچ نییە؟

**دەروێش:** (بەترسێکەوە لێی ورد ئەبێتەوە، نەوەك ئەمجارەش لێی توڕەببێتەوە.. ئینجا بەدەنگێکی لەسەرخۆوە) نەخێر گەورەم.

**پاسەوان:** (هەروەك دەروێش، بەدەنگێکی هێواشەوە) ئەزانیت؟ ئەگەر بەتەواوی نەمزانیایە کەگەوجیت، وا گومانی شتێکیترم لێدەکردیت..

**دەروێش:** (بەناچارییەکەوە) لەگەڵتام گەورەم.. من گەوجم! وا بزانم هەر بەڕاستی من گێلەپیاوم..!

**پاسەوان:** ئەی ئەگەر شتێکت لەژێر سەردا نەبووایە، فریای خۆت نەئەکەوتیتو ئێستا بۆخۆت لەدەرەوە پڕ بەسییەکانت هەوای پاکت هەڵبمژیایە..!؟

**دەروێش:** (بەسەری خۆیدا ئەماڵێت هەروەك دوای کات بەسەرچوون ڕاستی بۆ دەرکەوتبێت) ئاخخخ ئاخ .

**پاسەوان:** هەموو ئەوانە دەریدەخەن، کەتۆ گەوج نیت.

**دەروێش:** ئاخخخ .. بەخوا هیچ شتێکی وام بەبیردا نەهاتووە..

**پاسەوان:** ئەی ئێستا نایکەیت..؟

**دەروێش:** بەڵێ ئەگەر ڕێگەم پێ بدەیت..

**پاسەوان:** (ئاوڕ ئەداتەوەو هاوار لەیەکێك ئەکات هۆ کوڕە تۆ، جارێ بوەستە هێشتا نۆرەی تۆ نەهاتووە..(ئینجا ڕوودەکاتەوە دەروێش) چاوت لێیە، هەر هەلیان بۆ هەڵبکەوێت جار لەدوای جار لەدەرگا ئەدەنو ئەئاوا ئیسراحەتمان لێ تێك ئەدەن..! ئەی جەنابت چیت؟ مشتەری کۆنیت یان تازە؟

**دەروێش:** (ڕووی وەرئەگێڕێتو لەبەرخۆیەوە قسە ئەکات!) ئایا ئەبێت چی بڵێم! کۆن یان تازە، دەبێت کامیان بم! ڕەنگە ئەم پرسیارە داوێکی لەپشتەوە بێت.. ئەی باشتر نییە کەلێی بپرسمو بزانم مەبەستی چییە!

**پاسەوان:** (بەقاڵسبوونێکەوە) ئەوە چییە... بۆچی مشاوەرەی خۆت ئەکەیت؟ ئەی گوایە نازانیت تۆ لێرەدا کۆنیت یان تازە..؟

**دەروێش:** (ڕوودەکاتە پاسەوان) گەورەم ئەگەر ڕاستیت دەوێت، وا من نازانم مەبەستت چییە، مەگەر بۆم ڕوون بکەیتەوە، من تەنها دەمویست لەمەبەستەکەت تێبگەم، تا بەدڵی تۆ وەڵام بدەمەوە!

**پاسەوان:** گوێ بگرە! (بەچرپەیەکەوە قسە ئەکات) من بۆ خۆشم نازانم چی وام لێدەکات کەوا زۆر لات بوەستم، من لێکۆڵەر نیم! قسە بکەو لەهیچ مەترسە... (جوان سەرنجی لێدەدات) من شتێك لەڕووخسارتدا بەدی ئەکەم هەڵسوکەوتت بەوجۆرە سەرنجم ڕائەکێشێت ڕەنگە ئەوە زۆر لەسەرنجیش زیاتر بێت... دەی قسەبکە..!

(دەروێش ئەیەوێت قسە بکات) جارێ با سەیرێك بکەم (پاسەوانەکە کەمێك ئەڕوات و ئەگەڕێتەوە) دەنگت بەرز مەکەرەوە، تا خۆم ئامـاژەت بـۆ نەکـەم...! پێم بلێ چی تۆی گەیاندۆتە ئێرە؟

**دەروێش:** (دەرگـای رازەکـانی بـۆ کرایـەوەو یـەکێکی دەسـتکەوت هـەندێك لەنهێنییەکانی نـاو دەروونـی بـۆ بدرکێنێـت، ئینجـا هەناسـەیەك هەڵئەکێشـێت) رێگەم ئەدەیت وەك هەڤاڵێك قسەت بۆ بکـەم، زۆر باشـە ئـەوە کارەکـەم لا ئاسـان ئەکات... راستییەکەی...راستییەکەی ئەوان لەبەر هۆیەك منیان بۆ ئێرە هێناوە.

**پاسەوان:** خودی باسەکە چییە... تۆ لەخودی باسەکە بـدوێ جـارێکیتر خـۆت گەوج مەکەرەوە.

**دەروێش:** (سەری رائەوەشێنێت) خۆ منیش لـەخودی باسـەکە ئـەدوێم هـەموو هەر ئەو داوایەم لێدەکەن، کە لەخودی باسەکە بدوێم.

ئەوان لەبەر هۆیەك منیان هێناوەتە ئـێرە... بێگومـان ئـەبێت کارەکـە وابێـت، بەڵام (کەمێك ئەوەستێ و لەپاسەوانەکە ورد ئەبێتەوە؛ کاکی خۆم بەگێل لەقەڵـەمم مەدە، ئەگەر راستییەکەم بەدوو وشە پێگوتیـت: مـن بـۆ خۆشـم نـازانم لەبـەر چـی منیان بۆ ئێرە هێناوە!

**پاسەوان:** (چـاوەڕوان ئـەبێت تـا دەروێـش شـتێکی بـۆ روون بکاتـەوە، بـەڵام دەروێش هەر سەیری ئەکات، بەبێئەوەی شتێکیتر بلێت، بەڵکو هـەروەکو هـەموو راستییەکی گوتبێت).

**دەروێش:** نازانم کاتێکیش دەستیان کرد بەپرسیارو لێکۆڵینـەوە منـیش خـێرا پرسیاری خۆمم لێکردن.

**پاسەوان:** (لـەو قسـەیەدا گاڵتەوگـەپێکی دەستکەوت) ئـێ تـۆش پرسـیاری خۆتت لێدەکردن!؟

**دەروێش:** بـەڵێ هـەڤاڵ، ئـەوان گـەلێ پرسـیاریان لێکـردم یـەك لـەدوای یـەك پرسیاریان ئاراستەم ئەکرد، منیش بیرم لەخودی خۆم ئـەکردەوە! ئـەوان پرسـیاریان ئاراستەی یەکێك ئەکرد قسەکان دەربارەی زەلامێکی دیـاریکراو بـوون، بێگومـان ئەو کەسەش من نەبووم، خۆ بەخوا هێندەیان دەربارەی ئەوکەسە ئـەزانی، کەرەنگـە زۆر زیـاتر بووبێـت لـەوەی پێویسـت بێـت، ناوەکـەی، خـێزانی، ئیشـی، تایبەتییـەکانی... ئیـتر هـەموو وردە نهێنییـەکیان دەربـارەی ئـەو پیـاوە ئـەزانی، هەروەك بۆ هەر جێگەیەك رۆیشتبووبێت و پێی نابێتە هەر شوێنێك بەدوایەوە بوون!

دوای ئەوە، بەڵێ ئیتر دوای ئەوە، کەزانیمو لەوە دڵنیا بووم کەئەو کەسەی ئەوان مەبەستیانە ئەوە من نیم، ئیتر داوام کرد کەرێگەی پرسیارکردنم بدەن.

**پاسەوان:** (تائێستاش لەزەت لەگاڵتەوگەپی ناو قسەکانی حەپسەکە ئەبینێ) هەروەك چۆن ئەوان پرسیاریان لەتۆ ئەکرد، تۆش ئاوا پرسیاری خۆتت لێدەکردن..!

**دەروێش:** بەڵێ.. بەڵێ هەر بەوجۆرە.

**پاسەوان:** (بەگاڵتەپێکردنێکەوە) وا بەئاسانی.. و هەر بەوجۆرە؟

**دەروێش:** (سەرنج لەشێوەی گاڵتەپێکردنەکەی پاسەوانەکە نادات) گوتم: گەورەم سەرۆك، ئێوە لەبەر هۆیەك منتان بۆ ئێرە هێناوە، گومانی تێدانییە کەمنتان لەبەرشتێك بۆ ئێرە هێناوە دەی گەورەم تو ئەو خوایە بەزەییەکت پێمدا بێتەوەو پێم بڵێ، ئەو هۆیە یان ئەو شتە چییە...؟

**پاسەوان:** ئەوەت پێگوت..؟

**دەروێش:** بەڵێ بەڵێ..

**پاسەوان:** ئەی وەڵامی سەرۆك چی بوو؟

**دەروێش:** سەرۆك خۆی هیچی نەگوت، بەڵام یەکێکیتر کەژوورەکەی بەهاتوچۆ دەپێوا، لەکاتی پرسیارکردنا خێرا هاتە پێشەوەو تا توانی زللەیەکی تێسرەواندم..

**پاسەوان:** موستەحەق بوویت.

**دەروێش:** ئیتر خۆم بەخۆم دەگوت رەنگە شێوەی پرسیارکردنەکەم خراپ بووبێت دەی دەروێش ئەمجارەش تاقی بکەرەوەو بەشێوەیەکیتر بۆیان روونبکەرەوە.. بەڵام داخی گرانم نەمتوانی.. چونکە ئەوان هەموو دەرگاکانیان لەسەرم داخستبوو.. هەر کەئەمویست شتێك بڵێم یان شتێك روون بکەمەوە خێرا تێیان دەسرەواندم.

**پاسەوان:** زللە..! (بەدەنگێکی نزم) هەر زللە..؟

**دەروێش:** (خۆی جیڕدەکاتەوە): دە توخوا وازم لێ بێنە ..ناتوانم بیگێڕمەوە.

**پاسەوان:** بۆچی..؟

**دەروێش:** دە توخوا ئەگەر واز لەوە نەهێنیت، با برینەکانم نەکولێنەوە.

**پاسەوان:** (سەری بۆ ئەلەقێنێ وەك نیشانە بۆ تێگەیشتن لێی) باشە تێیگەیشتم ئەی دوای ئەوە چی بوو؟ دوای پرسیارکردن (ئاماژە بۆ شوێنی زللەکان ئەکات) چی بوو.

**دەروێش:** هیچ..!

**پاسەوان:** (بەسەرسوڕمانێکەوە) هەر هیچ هیچ..؟

**دەروێش:** نەخێر، هیچ نەبوو.

**پاسەوان:** تائێستاش هەر پرسیار لەیەکتری دەکەن..؟

**دەروێش:** نەخێر کارەکە لەوەدا نەما.. دوای گێرمەوکێشەیەکی زۆر، دەستمان کرد بەئەنجام هەڵهێنجان.

**پاسەوان:** پرسیار ئەکەن‌و وەڵام ئەدەنەوە..؟

**دەروێش:** کارەکە زۆر ئاڵۆز بوو، پاسەوان گیان ئەوەی ئەوان مەبەستیان بوو من هەر تێینەدەگەیشتم، دەشبوو هەموومان بگەینە وەڵام‌و ئەنجامی روون‌و ئاشکرا.. ئیتر بەرەبەرە وام لێهات بەمەسەلەکەوە بەسترامەوە.. برگە برگە مەسەلەکەمان باس ئەکرد روونمان ئەکردەوەو ئینجا ئەمانووسییەوە، دوای ئەوە جارێکی‌تر ئەگەڕاینەوە سەری. ئیتر بەتەواوی تاووتویێ‌و ئەمسەرو ئەوسەری راکانمان ئەکرد، تا وای لێدەکرا کەپەسندو گونجاوبن‌و بەدڵی ئەوان بێت.. ئەوسا ئەچووینە سەر برگەیەکی‌تر.. ئیتر بەوجۆرە.

**پاسەوان:** بەلەعنەت بم ئەگەر هیچ شتێکت لێ‌حاڵی بووبم.

**دەروێش:** (ئەیەوێ رەزامەندی بکات) هەڤاڵ ئاخر دەتۆ تورە مەبە، حاڵەکەم بۆ ماوەیەك هەروا مایەوە. دوایی.

**پاسەوان:** (بەپەلەلێکردنەوە) ئێ ئەی دواییەکەی چی بوو؟

**دەروێش:** دوایی، دوایی ئیتر ناچاربووم‌و رێگەی خۆمم دۆزییەوە، خۆ ئەوەندەشیان دەربارەی ژیانی ئەوی‌تر ئەزانی کەپیاوی هەر وڕو گێژ ئەکرد.

**پاسەوان:** (بەسەرسوڕمانێکەوە): بەوجۆرە!

**دەروێش:** (بەکزییەکەوە) بەڵێ بەوجۆرە..

**پاسەوان:** (سمێڵەکانی با ئەدات‌و دەکەوێتە بیرکردنەوە) ئەی دوای ئەوە؟

**دەروێش:** ئیتر دوای ئەوە، ئەوەی ئەوان پێیان خۆش بووایە ئەوەم ئەگوت، بەبێ‌ئەوەی گوێ بەپاشەرۆژو کەوتنەناوداوەوە بدەم..! خۆ هەندێ کات ئەمویست خۆم بگرم‌و هەر سووربم لەسەر راستی‌گوتن، بەڵام (بەدوودڵییەوە) خۆت ئەزانی، خۆ ئەوەی لەبەینی من‌و ئەو پیاوەدا هەبوو تەنها ناوەکە بوو ئیتر لەوە بەولاوەو لەهیچ رووبەکی‌ترەوە لەیەکتری نەدەچووین... ئەوەندەی خۆم خۆمم ناسی‌بێت‌و لەخۆم گەیشتبم، من‌و ئەو دووپیاوی تەواو لەیەك جیاواز بووین، دوو پیاو یەك ناویان هەبوو، بەڵام بەدرێژایی ئەرزو ئاسمان لەیەکتری دوور بووین..! مەسەلەکە لای خۆم ئاشکراو سادە بوو!

بەڵام لای ئەوان..!

**پاسەوان:** زۆر ئاڵۆزبوو..؟

**دەروێش:** ئیتر ئەوە حاڵەکە بوو..!

**پاسەوان:** ئەی دوای ئەوە.. راستییان بۆ دەرنەکەوت؟

**دەروێش:** راستی..!! ئاخخ پاسەوانی هەڤاڵم.. هەریەکەمان وێڵی راستین‌و بەدوویدا رائەکەین، بەڵام بەدوو رێگەی جیاوازو پێچەوانەدا کەهەرگیز یەك ناگرنەوە..

**پاسەوان:** ئەی کەمێك لەمەوبەر تۆ نەتگوت رێگەی خۆمم دۆزییەوە...؟

**دەروێش:** وابوو گەورەم وابوو، دە تۆ کەمێك لێم بوەستە با باسەکەت بۆ تەواوبکەم، من...

**پاسەوان:** (قسەکەی پێدەبڕێت) جارێ بوەستە با سەیرێکی راڕەوەکە بکەم. (پەنجەرۆکەکە دائەخات‌و ئەڕوات).

**دەروێش:** (بەتەنها لەسەر قسەکانی بەردەوام دەبێت) بەناچاری‌و تا زیاتر لەوە نەوروژێن، رێگەی خۆمم دۆزییەوە. ئا بەوجۆرە دەروێش هەڵخلیسکایت‌و کەوتیتە عەودالی شتێك کەمەحاڵە پێی‌بگەیت، هەروەك خانوویەك دروست بکەیت‌و بەرد بخەیتە سەر بەرد لەکاتێکدا خانوو و بەردەکان لەبۆشاییدا هەڵواسراون، بەڵام کار لەکار ترازاو هەڵخلیسکایت‌و ئیتر کارەکە کۆتایی هات، کۆشکێك دروست بکەو لەبۆشاییدا هەڵیبواسە! ئەمە گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە بەردەکان یەك لەسەر یەك بن، (بەبێ‌ورەییەوە سەری رائەوەشێنێت) گوێ مەدەرە بناغە دەروێش! با لەبۆشاییشدابێت، تۆ کۆشکەکە دروست بکە.

**پاسەوان:** (بەسەر قسەکانی دەروێشدا ئەگەڕێتەوە بەبێ‌ئەوەی دەروێش سەرنج بدات) بەخوا سەیرە دەروێش... ئێ، ئەی دوای ئەوە، دەی کوڕم تەواوی بکە.

**دەروێش:** ئیتر بەوجۆرە تا دەهات زیاتر رووبەڕووی مەسەلەکە ئەبوومەوە، زیاتر لام ئاسان ئەبوو هەریەك لەپرسیارەکان بەربینی ئەوی‌تری دەگرت، تا وام لێهات هەر رووداوو چیرۆك بوو هەڵمدەبەست، چونکە هەر تەنها بەوجۆرە ئەمتوانی پشوو بەخۆم بدەم‌و قورسایی کارەساتەکە لەسەر شانم سووك بکەم.. هەر بەوشێوەیە دوابڕاوەکانیشیان دەوەستان‌و ئیتر دەحەسامەوە.

**پاسەوان:** ئەی پرسیارەکان چییان لێهات دەروێش؟ ئایا پرسیارەکانیشیان وەستان؟

**دەروێش:** (جلّەوی بۆ خەیالّ شلکردووەو بێئەوەی ئاگای لەپاسەوان بێنێت..)
ئاخخ.. ئاخخ کاکی پاسەوان پرسیارەکان.. پرسیارەکان.. بەجۆرێکم لێهاتبوو کەئەگەر یەکێکیان پرسیارێکی لێ بکردمایەو بیگوتایە: ئایا کارەکە بەوجۆرە نەبوو؟ ئیتر من وا خۆم نیشان ئەدا کە بەوردی بیر ئەکەمەوە، ئەوسا وەڵام ئەدەمەوە. ئەمگوت: هاااا لەوانەیە، بەڵام با جارێ بێتەوە بیرم، نا نا بەڵکو هەروابوو، ئا ئا هەر بەتەواوی وابوو، ئیتر گۆڕینێك لەملاو زیادکردنێ لەولا تا تەلارێ دروست دەکرا، بەڵام لەبۆشاییدا هەڵواسرابوو، گرنگ لای من ئەوەبوو کەدوابڕاوەکان بوەستێنرێن، (لەپڕێکا ئاوڕ لەپاسەوانەکە ئەداتەوە) خۆ بۆخۆت ئەزانیت دوابڕاوەکان چین؟

**پاسەوان:** (لەپڕو بەشلّەژاوییەکەوە) ها..من.. ئینجا من پەیوەندیم بەوانەوە چییە!؟

**دەروێش:** (لێی نزیك ئەبێتەوەو لەسەر قسەکانی بەردەوام ئەبێت)... خۆ تۆ دوابڕاوەکان ئەناسیت!! ها وا ئێستاکە زانیم کەئەزانیت دوابڕاوەکان چییە...

**پاسەوان:** (بەرووگرژییەکەوە) لەعنەتیان لێبێت یەك جار بینیومن.

**دەروێش:** (ئەکەوێتەوە ناو ساتەکانی ئەشکەنجە) بردمیانەوە لای... دوایی... دوایی... (خۆی گرژ ئەکاتو ئەلەرزێو بەهەردوو دەستی ناوقەدی خۆی توند ئەگوشێت) ئیتر خستیانەوە کارو خۆیان ڕۆیشتن... دوایی کەهاتنەوە سەیرێکیان کردم... ئەوکاتە کارەکە کۆتایی پێ نەهێنرابوو!! ئاخخ...ئاخخ... هەر تاوە ناتاوێك بەتیلەیەکی چاو سەیرێکیان ئەکردم، بەڵام کاتێك چەرخی راستی ئەسووڕایەوە، ئیتر دوابڕاوەکان ئەوەستان..) بەوجۆرە دۆخەکەی ژیان ئاواهی بوو... (ئەوەستێ).

**پاسەوان:** (بەبێبیرکردنەوە) ئاوا!

**دەروێش:** هەر بۆئەوەی دوابڕاوەکان بوەستێنن، بڕیارم دا چییان ئەوێتو چۆنیان بووێت بیڵێم... ئیتر دەستیان کرد بەنووسین، چییان ویست گوتمو نووسییان... بۆیە وامزانی ئیتر مەسەلەکە بەتەواوی کۆتایی پێهێنراو فایلەکەم داخرا، کەچی لەپڕ (ئەوەستێو دەستێکی پەشۆکاویی بەسەر سنگیدا ئەهێنێ) شتێك لەناو سنگمدا هەڵقوولا، دزەی کردە ناو دڵو دەروونم، هەروەك چۆن دزێکی لێهاتوو لەسەر پەنجەی پێیەکانی بەبێخشپەو چرپە ئەڕوات... ئەی بیرەکان دزی

بلیمەت نین‌و هەر خولیای ئەوەیانە کەدڵنیایی‌و بەختەوەری بدزن... ئیتر بەوجۆرە لەگێچەڵێ سەرفراز نەدەبووم ئەکەوتمە ناو گێچەڵێکی‌ترەوە..

**پاسەوان:** ...سەرفراز نەئەبوویت‌و تووشی یەکێکی‌تر ئەبوویت..!

**دەرویش:** (رووی تێ‌ئەکات) فایلەکەم داخرا (لێرەدا بەسنگی خۆیدا ئەکێشێت) لەسنگمدا فایلێکی تازە کرایەوە... ئەی تۆ وائەزانیت کەکارەکە هەروا بەئاسانی ئەڕۆی..؟

**پاسەوان:** ئەی راستییەکانیان تۆمار نەکردو مەسەلەکە کۆتایی پێ‌نەهێنرا؟

**دەرویش:** لێرەدا (ئەکێشێت بەسنگی خۆیدا) بەڵێ ئالێرەدا مەسەلەیەکی تازە دەستی پێکرد... لێرەدا (ئەکێشێت بەسەریدا) بەلێ وابوو، بەڵام ئالێرەدا یەکێکی‌تر پەیدابوو، لەخەمی خۆم بوومەوە خەمی ئەوی‌ترم تێ‌ئالا، دزەی کردو خۆی خزانە ناو دڵ‌و دەروونمەوە.

**پاسەوان:** (لێی ورد ئەبێتەوەو جارێکی‌تر گومان لەوە ئەکات کەتێك نەچووبێت) ئەوی‌تر؟ ئەوی‌تر کێیە؟

**دەرویش:** بەڵێ ئەوی‌تر، دەرویشەکەی‌تر کەخاوەنی کێشەکەیە! ئەو لەدەستیان رزگاری بووبوو، ئیتر منیان تووش کرد، ئەوان ئەمیان ئەویست‌و من گیرۆدەی دەستیان بووم‌و منیان کرد بەو..

**پاسەوان:** دوای ئەو هەموو پرسیارو وەڵامە، دوای ئەو هەموو چەرمەسەری‌و گێرمەوکێشەیە، نەتتوانی بۆیان بسەلمێنیت کەتۆ کێیت‌و تۆ ئەونیت؟

**دەرویش:** پێم گوتن، زۆرم بۆ رستن، بەڵام بڕوایان پێنەکردم.

**پاسەوان:** یەعنی تۆ نەتتوانی شوناسنامەی خۆتیان بۆ بسەلمێنیت؟

**دەرویش:** نەخێر.

**پاسەوان:** تێی‌گەیشتم، بڕواناکەن کەتۆ تۆیت..!!

**دەرویش:** بەڵێ، بڕواناکەن کەمن منم‌و من.

**پاسەوان:** (ئەکێشێت بەڕووی خۆیدا): خوای ئەرزو ئاسمان..!

**دەرویش:** ئا ئەوەیە راستییەکەی.

**پاسەوان:** ئەی دوای ئەوە..؟

**دەرویش:** ئای کاکی برا (لێی نزیك ئەبێتەوەو دەست بەشیشەکانی پەنجەرۆکەکەوە ئەگرێت، ئەوەی ویستیان پێی رازی بووم، من بووم بەوو وازم لەخۆم هێنا..

**پاسەوان:** (پاشەكشەیەك ئەكات) هەی گێلەپیاو، گەوجە..!

**دەروێش:** چار نەبوو بڕوام پێبكە.. من رازیی بووم كەخۆم تووش بكەمو ببم بەوی‌تر، وام ئەزانی كێشەكە وا چارەسەر ئەكرێ، كەچی خەمی چارەڕەش خۆی خزاندە ناو دڵمەوە، ئەوسا خۆم بەخۆمم دەگوت: دەروێش، كوڕە دەروێش! تۆ ئەزانیت چیت بەخۆت كرد..؟ كوڕە تۆ دەستبەرداری خۆت بوویت، خۆتت فرۆشت خۆت گۆڕییەوە بەیەكێكی‌تر، ئێستاش.. دەی هەش بەسەر بینۆشە، ژەهراو بنۆشە، خەمێ هەڵگرە كەهی خۆت نییە، ببە بەگیانێك كەهی خۆت نییە، بچۆرە پێستێكەوە كە بەخۆت نامۆیە، لەناو خەڵكا بیدركێنەو بڵاوی بكەرەوە، ببە بەوەی نەبوویتو ببە بەوەی خۆشت نایناسیت... بەوجۆرە بەڵێ كاكی خۆم ئا بەوجۆرە دەروونم قسەی بۆ ئەكردم.. ترسیش هێرشی بۆ هێنام، كەوتمە زۆرانبازی، بەڵام بەسەرما زاڵ بوو، ئیتر كار لەكار ترازاو هیچ شتێك لەشوێنی خۆی نەما.

**پاسەوان:** دەروێش! ئاخر چۆن كار لەكار ترازا...؟

**دەروێش:** (هەردوو دەستی هەڵئەبڕێتو بەنائومێدییەكەوە) جارێكیتر نكولیم كرد، كەمن ئەویتر بم.

**پاسەوان:** دووبارە..؟

**دەروێش:** بەڵێ، دووبارە.

**پاسەوان:** (سەیرێكی ڕاڕەوەكەی دەرەوە ئەكاتو دوایی ئەگەڕێتەوەو بەچرپە قسە ئەكات) هەتیو پارچە پارچەت ئەكەن.

**دەروێش:** (سەری رائەوەشێنێت) ئەزانم..ئەزانم.

**پاسەوان:** تائێستاش هەر سووریت لەسەر نكولێكردن؟

**دەروێش:** ئەی ئەگەر وا نەكەم دەبێت چی بكەم ؟ پێم گوتن چیم لێدەكەن بیكەنو نابم بەوی‌تر..ئیتر بەوجۆرە چەندم توانی دەستبەرداری خۆم نەبووم.

**پاسەوان:** (بەوردی سەرنجی لێ ئەداتو لەڕووخساریدا نیشانەی گومانو دوودڵی دەرئەكەوێت): دەروێش!

**دەروێش:** بەڵێ هەڤاڵ.

**پاسەوان:** دەروێش! ئەرێ باوەڕ بەوە ناكەیت، كەتۆ هەر گەوج نیت! ڕەنگە هەر شێت بیت!!

**دەروێش:** ئاخخخ كاكی هەڤاڵ... ئاخخو سەدان ئاخخ، خۆزگە بەخۆزگایەتی خوا وابوومایە!

**پاسەوان:** ئاخر هەی دەروێش چۆن ئەقڵ ئـەیگرێ کەکارەکـە بـەجۆرێك ئـاڵۆز بێت‌و وا لەخـەڵك بکـات، کـەگومـان لـەوە بکـەن کـــەخودی زەلامێـك بگـۆڕن‌و بەیەکێکی‌تری بدەنە قەڵەم؟

**دەروێش:** (بەبێ‌ورەو بێ‌هیواییەکەوە هـەردوو دەسـتی بـەرز ئەکاتـەوە): راسـتە قوربان راستە، ئەقڵ نایگرێ، بەڵام بۆ نەگبەتی من، وا ئێسـتاکە ئـەقڵ ئـەیگرێ‌و ئەولاتریش.

**پاسـەوان:** (ئەیـەوێ خـۆی لـەو کارەسـاتە دوور بخاتـەوە) دەروێـش! گـوێ لـەم ئامۆژگارییەم بگرە: ببەرەوە بەخۆت.

**دەروێش:** کام خۆم؟

**پاسەوان:** (لەپەنجەرۆکەکەوە دوور ئەکەوێتەوە) ببەرەوە بەخۆت!

**دەروێش:** ئاخر کام خۆم؟ خۆمی خۆم یان خۆمی ئەوی‌تر..؟

**پاسەوان:** (خەریکە پەنجەرۆکەکە دابخات) بەسە، نەختێکی‌تر چاودێرەکە دێت، خواحافیز.

**دەروێش:** (ئەپاڕێتەوە) دەی کەمێکی‌تر بوەستە کاکی پاسەوان، توخـوا ئەگـەر تاوێکی‌تر نەوەستیت.

**پاسەوان:** دەروێش! تـۆ خـۆت بـاش ئـەزانیت کەقسـەکردن لەگـەڵ زیندانیـدا قەدەغەیە! ئەبێت بڕۆم.

**دەروێش:** کەوابوو تۆش بڕوام پێ ناکەیت، وا ئەزانیت من شێتم، باشـە ئەگـەر تۆ بڕوام پێ نەکەیت ئەی من چۆن بڕوا بەخۆم پەیدا بکـەم کـەمن ئـەو کەسـە نیم ئەوان بەدویدا ئەگەڕێن..؟ دڵم قسـە بـۆ مێشـکم ئـەکات: دەروێـش: کـورە ئـەوەتۆ شێتیت، چۆن ئەتوانیت بڕوا بکـەی کـەتۆ دەروێشـێکی تـری پێچەوانـەی خۆتیـت؟ مێشکم وەڵام ئەداتەوە: ئەبێ بەوی‌ترو خۆم سەرفراز ئەکەم. دڵـم وەڵام ئەداتـەوە: تـۆ چۆنت دەوێ هەر وابکە، بەڵام من ناتوانم ئـەوە بکـەم، مێشـکم ئـەڵێت: دەروێـش! قایل ببە بەو ئاڵوگۆڕەو خۆت بحەسێنەرەوە، دڵیشم بێ‌سرەوتەو تا دێت ترپەی زیادو زیـاتر ئـەکات‌و ئیـتر گوێـم کەڕئـەکات، هـەر ترپەیەکیشـی ئـەڵێت: نـا.. نـا.. نـا (پەنجەرۆکەکە دائەخرێت‌و پاسەوانەکە ون ئەبێت، دەروێشـیش لەسـەر قسـەی خـۆی ئەڕوات): کاکی پاسەوان وەرە، وەرەو خـۆت گـوێ لەترپـەکانی بگـرەو بزانـە چـۆن هـاوار ئـەکات، نـا ئـەی پاسـەوانە دڵسـافەکە، ئـەی هەڤاڵـە پـڕ لەبەزەییەکـەم (بەنائومێدییـەوە دەسـتەکانی رائەوەشێنێ‌و بەهەموولایـەکی ژووری زیندانەکـەدا

دێتو دەچێت) کات..! کات ئەوەندەی بەبەرەوە نەماوە.. (بەرامبەر بەکونی سەر دیوارەکە ئەوەستێو سەیرێکی ئاسمان ئەکات). ئەی ئەستێرەی ناو شەوە زەنگ، تروسکەت بێو چاو داگرەو گوێ مەدەرێ! ئەی مانگە درەخشاوەکە! دەی دەرکەوە بەرەو ژوور سەرکەوەو خۆت ئاسایی هێدی هێدی تەنگ بەپەڵە هەورەکان هەڵبچنە، تا رووە گەشەکەت لەنێوانی ئەم شیشانەوە جیهانی ئەم زیندانەم ببینێو چاوی گەشی درەخشاوت تیشك ئاراستەی ئەم مەڵبەندە بکات، ئەودەمەش تێدەگەیت کەکاتی هاتووە..! ئەی مانگی وێڵ، وا هەنگاوهەنگاو نزیك ئەبێتەوە، ساتێکیتر دەنگو ئاوازی خوێنەری بەختەکان چواردەوری ئەم قەڵایە پڕئەکەنو هاوار ئەکات: یەك، دوو، سێ، چوار، پێنج، (لەپڕ دەنگێکی زل بەرز ئەبێتەوەو ژمارەکان ئەخوێنێتەوە): ١١٧، ٢٢٨، ٣١، ٧١، ١١٢، ١٢٣، ٣٣، ٣٨، ٧٥ ..

**دەروێش:** بەخۆی ئەڵێو ئەیڵێتەوە: ١١٣، ١١٣، ١١٣.. (دەنگەکە لەدەرەوە هەر بەردەوامە لەسەر خوێندنەوەی ژمارەکان.. دەروێشیش هەر ئەیڵێتەوە: ١١٣، ١١٣...)

دەنگەکە : ١١٣..

**دەروێش:** (لەشوێنی خۆیەوە رائەپەڕێت) ١١٣.. بەلێ ١١٣ بەلێ ١١٣.. پاسەوانەکان دەی گازەرەی دەرگا ئاسنەکان بخەنە سەرپشت! ئێوەش ئەی ئەشکەوتنشینەکان ئەی داماوە بێدەرەتانەکان! خۆتان ئامادەکەنو دەرپەڕێنە دەرێ ..(زرمەو گرمەی کردنەوەو داخستنی دەرگا ئاسنەکان بەرز دەبێتەوە) دەرگای یەکەم بۆ لای چەپ، سێیەم بۆ لای راست، چوارەم بۆ لای راست ئاخخ، ئاخخو سەدان ئاخخ (بەخێراییەکەوە ئەچێتەوە سەر جێگەیەکیو دەست ئەکات بەپشکنینی، هەروەکو شتێکی لێ ون بووبێت، چاویشی هەر لەڕوانگەکەیە) دەی دڵە بەسەزمانەکەم دە کەمێك بسرەوە، کەمێ ئارامی (دەستی ئەخاتە سەر دڵی) ئەی نازانی توانام نەماوەو ورەم رووخاوەو ئیتر چیتر بەرگە ناگرم، هەر لەبەرئەوەشە ئەی دڵە بێئارامەکەم کەدەبێت هەر راستییەکە بڵێم، من چیمە بەسەر خەمەکانی تۆوە! پێستم شەقار بووە، ئەوەی لەفایلەکەدا نووسرا هەموو شتێکەو بڕایەوە..

راستی کێشەکەم هەر فایلەکە ئەیزانێ، ئەوەی لەفایلەکەدا نووسراوە هەموو راستییەکان دەرئەخەن، تۆش ئەی دڵە وێڵەکەم! تائێستا ئازاری قامچییەکان نەیبرژاندوویت، لەئێشو ئەشکەنجەکانی قامچییەکان، لەدڕندەیی دوابڕاوەکان

پارێزراو بوویت، لەژێر پێستو ناوەندی قەفەزەی سنگمدا شارراویتەوەو پارێزراویت..! دە وازم لێ بهێنەو بەرۆکم بەردە! (لەپڕ دەنگی مۆسیقای تێکەڵ بەگۆرانیو قسەو دەنگەدەنگو پێکەنین بەرز ئەبێتەوە، هەر لەوکاتەدا دەنگی تەپەتەپی پۆستاڵ تا دێت نزیك ئەبێتەوەو لەبەر دەرگاکەدا ئەوەستێ) دەستبەردارم بە (دەنگەکە خێراتر ئەبێ) وازم لێ بهێنە..

(دەرگای زیندانەکە ئەکرێتەوە، لەناو تاریکاییەکەوە پیاوێك دەرئەکەوێ، ئینجا یەکێکیتر، هەردووکیان ئەملاوئەولای دەروێش ئەگرن، پیاوی سێیەمیش لەسەر ئەو خەتەی نێوان رووناکییەکەی دەوری دەروێش لەناو ژوورەکەداو ئەو دووپیاوەی تەنیشتیو تاریکایی دەوریان ئەوەستێت... سێیەم پیاو هەنگاوێك ئەنێتو رووناکییەکە ئەکەوێتە سەر هەردوو قاچیو قامچییەك بەدەستییەوە شۆڕ بۆتەوە... لەکاتی قسەکردندا دەنگی مۆسیقاکە نزم ئەکرێتەوە، بەڵام بەتەواوی ناوەستێ هەندێك کاتیش بەپێی باری کرژو ئاڵۆزیی هەڵوێستەکان بەرز ئەبێتەوە).

**لێکۆڵەری یەکەم:** (لەلای چەپەوە ئەوەستێت) ئێوارەت باش دەروێش.

**لێکۆڵەری دووەم:** (لەلای ڕاستەوە ئەوەستێو لەسەر یەك نەزم پێیەکانی بەزەویدا ئەدا)

**دەروێش:** (سەری هەڵئەبڕێو سەیرێکی هەردووکیان ئەکات) جارێ.. ئەگەر کەمێك مۆڵەتم بدەن، هەر تەنها کەمێ مۆڵەتم بدەن، وا چارێکی خۆم ئەکەم..

**لێکۆڵەری دووەم:** ئێوارەت باش دەروێش..

**دەروێش:** (رووی قسەی تێ ئەکات) تکات لێئەکەم گەورەم..

**لێکۆڵەری یەکەم:** کاکە ئێمە هەر بۆ سەردانت هاتووین! ویستمان سەرێکت لێ بدەین!

**دەروێش:** هەر تەنها مۆڵەتێکی کورتم بدەنێ تا چارەیەکی خۆم بکەم، تکاتان لێ دەکەم گەورەکان، لەدوێنێوە تائێستاش من هەر منمو خۆ نەگۆڕاوم.

**لێکۆڵەری یەکەم:** بەڵێ بەڵێ، ئێمەش تەواو دڵنیاین کەتۆ لەدوێنێوە لەوەوبەریش تۆ هەر تۆیتو نەگۆڕاوی.

**دەروێش:** (دەمی تەتەڵە ئەکات) من..من مەبەستم ئەوەیە کەمن هەر منمو ئەویتر نیم.

**لێکۆڵەری دووەم:** ئەی گوایا بۆچی تۆ ئەو نەبیت، نەك ئەویتر (بەبرادەرەکەی) بۆچی؟ وەڵامم بدەرەوە! دەی برادەر بۆچی ئەم پیاوە نابێت بەویتر!

**دەروێش:** (چاوەکانی لەنێوان هەردووکیاندا دەهێنێ‌و دەبا) تێئەگەم گەورەکانم تێئەگەم‌و ئەزانم ئەتانەوێت هەر بەڕاستی بزانن مــن کێم! دەی کـەوابوو پێم بڵێن کەئەبێت من چی بکـەم‌و چی بڵێم! مــن راســتی ئـەڵێم‌و هــەر قســەی راستیشم پێگوتوون.

**لێکۆڵەری یەکەم:** کام قسەی راست؟ ئەوەکەی دوێنێ یان ئەوەکەی پێری؟

**دەروێش:** دەی باشە مۆڵەتێکم بدەن، کەمێك مۆڵەت.

**لێکۆڵـەری دووەم:** (بەبرادەرەکـەی) بـرادەر هـەلێکی بـدەرێ، لەوانەیــە ئـەم هەڤاڵەمان خۆی بکـات بـەزەلامی سـێیەم کـەمام نـاوەنجی بێـت لـەنێوان هـەردوو زەلامەکـەی‌تردا. ئـاخر بــرادەری خۆشەویســت توخــوا لەهــەموو ژیـانتدا قــەت یەکێکی‌تری وەك ئەم پیاوەت بینیوە ئا بەم جـۆرە لـەزەت لـەخۆگۆڕین‌و نـاوگۆڕین وەربگرێت‌و بشیکات بەخوو؟

**دەروێش:** دەی ئەگەر ئێوە رێگـەم بـدەن وا مــن نـاوی خـۆم بـاش ئـەزانم، ئـەوە سیی‌ساڵی رەبەقە من ئەو ناوەم پێوەیەو لەناو خەڵکیشدا هــەر بـەم نـاوە ناسـراوم‌و هەر ئەم ناوەشم بووە. گەورەکانم من ناوی خۆم زۆر بەباشـی ئـەزانم، هـەرگیز جێـی نەهێشتووم‌و بەجێم نەهێشتووە! ئاخر توخوا چۆن مرۆڤ واز لەناوی خۆی ئـەهێنێ. ئاخر کێ هەیە دەستبەرداری ناوی خۆی بێت‌و ناوێکی‌تر لەخۆی بنێت؟

**لێکۆڵەری یەکەم:** ئەی بۆ نەبێت، ئا ئـا هەیـە بۆنموونـە خـۆت رەنگـە لـەبیرت چووبێت.

**لێکۆڵەری دووەم:** بەڵێ وایەو لەبیری چـووە، ئـەی هـەندێ جار پیـاو نایـەوێت خۆی لەبیر خۆی بباتەوە کەکێیە؟

**دەروێش:** تێی ناگەم گـەورەم، ئـەبێت ئـەوە چی بێـت کـەپاڵ بـەپیاوەوە بنێـت کارێکی وا سەیرو بێ‌سەمەر بکات..؟

**لێکۆڵەری دووەم:** دەگوێ بگرە بـا مـن بـۆت روون بکەمـەوە، جاری وا هەیـە زەلامێك تووشی زەلەیە یـا شـتێکی زۆر زەحمـەت ئـەبێت‌و بەرگـەی نـاگرێت، وەك هەڵەیـەکی نـاقۆڵا، تـاوانێکی گــەورە، کارەسـاتێکی نـاخۆش، یــان بــا بڵێــین کەیەکێکمان ئەکەوێتە ناو گێژاوێکەوە.

**دەروێش:** (ئەیەوێ لایەنگیری قسەکەی ئەو بکات‌و بـەوجۆرە سـۆزو رەحمـی بـۆ لای خۆی رابکێشێ)... گێژاو... لەوانەیە گەورەم، راستە... دەی ئێستاکە من لـەناو گێژاودام.

**لێکۆڵەری دووەم:** نالێم... (هەردوو دەستی هەڵئەگلۆفێت) زۆر راستە، تۆ ئێستا لەگێژاودایت، دەی هەر ئەو گێژاوەشە بەوجۆرەت لێدەکات کەناوە راستییەکەی خۆتت لا ببێتە بەلا، بەڵکو هەروەك جۆرێك لەتاوان بێت، هەر لەبەرئەوەشە کەئەتەوێت هەرچی چۆنێك بێت لێی رزگار ببیتو لەکۆڵت بێتەوە..!

**دەروێش:** ئاخر خۆ من لەم ناوەی خۆم بەرپرسیار نیم، خۆ من خۆم هەڵم نەبژاردووە، بەڵکو لەباوکمەوە وەرمگرتووە! دەی ئەبێت گوناهی من چی بێتو بۆچی ئەبێت ئەو ناوە بۆ من ببێتە تاوان!

**لێکۆڵەری یەکەم:** (بەگاڵتەپێکردنەوە) لەبەرئەوەی لە سێ وشە پێکهاتووە: دەروێش عەبد ئەلرەحمان.

**دەروێش:** گەورەم .. ئەوە راستە لەسێ وشە پێکهاتووە ... دەروێش عەبد ئەلرەحمان، بەڵام..

**لێکۆڵەری یەکەم:** وا گەراینەوە سەر "بەڵامە لەعنەتییەکە" (بەتورەبوونەوە) بەسە ئیتر! تۆ دەروێش عەبدولرەحمان-یت... کەوابوو تۆ بازرگانەکەی ناو قەیسەری وەسمان پاشایتو لەگەرەکی سەرشەقام خانووی ژمارە ١١٤-٦٠دا ئەژیت، ئەو پیاوەیت کەدەمێکە لەگەڵ سیاسەت خەریکیت، نهێنگرو گەریدەی ناو شەوەزەنگ، تێکدەرو ئاژاوەچیت.

**لێکۆڵەری دووەم:** ئەم دەروێش عەبدولرەحمانە ئیشێکی کردووە ئیشێکی ترسناکی وا کەحەتمەن خاوەنەکەی بەلەناوبردن ئەدات، دوای ئەوەی دەستمان بەسەر ئەو پیلانە گەورەیەدا گرت، ئیشەکەی بوو بەمارەکەی شێخ هۆمەرو لەگەردنی ئاڵاو حەیشی لێ تاڵ کردو ئارامی لەبەر بری، لەبەرئەوەی ناشتوانێت خۆی لێ سەرفراز بکاتو ناشتوانێت بیسرێتەوە، وا ئێستا بەو پەلەپەلە بریاری داوە کەخۆی لەناوەکەی بێبەری بکاتو خۆی لێ بدزێتەوەو ئیتر بەیەکجاری لێی رزگار ببێت، وا ئەزانێت هەر تەنها ناوەکەیە بەوکارە ترسناکە هەستاوە، بۆیە ئەیەوێت هەردووکیان پێکەوە، ناوەکەو کارەکە بپێچرێنەوەو فرێ بدرێنو ئیتر کێشەکە کۆتایی پێبهێنرێو لەوکارە سەرفرازی ببێت..

**دەروێش:** ئاخر گەورەم کام کار؟ سوێند ئەخۆم...

**لێکۆڵەری یەکەم:** (لەتەنیشتییەوە دائەنیشێت) نا..نا دەروێش پێویست بەسوێندخواردن ناکات، حەزئەکەم ئەوەش بزانیت کەمن خۆم ئەمەوێت بڕوات پێبکەمو...

**دەروێش:** (بەدڵخۆشییەوە هەڵئەداتیّ و نایەڵێت قسەکە تەواو بکات): دەی بە قوربانت بم، کەوابوو ڕێگەم بدە با قسەت بۆ بکەم، گەورەم تکات لیّ ئەکەم ددان بەخۆتدا بگرەو گوێم لیّ بگرە، بەخوا هەوڵیش ئەدەم هەموو کاتو ساتەکانم بەبیر بێتەوە، تا بتوانم زۆر لەخۆم ئەکەم تا سەرجەم فلیمی ژیانم بهێنمەوە بەرچاوم و هەموو ڕووداوەکانی تێدا دەربکەویّ و پیشانتانی بدەم..!

**لێکۆڵەری یەکەم:** زۆر باشە! خۆ ئێمەش هەر وێڵی ئەوەین و ئەو ڕاستییەمان ئەوێت. دەی بەباشی بیربکەرەوە هەموو شتێکی ژیانت بهێنەرەوە یاد.

**لێکۆڵەری دووەم:** ئافەرین دەروێش ئیتر ویژدانیشت ئاسوودە ئەکەیت و بەئارەزووی خۆت ئیعتراف ئەکەیت.

**لێکۆڵەری یەکەم:** (بەبرادەرەکەی) منیش باوەڕم هەر وایە (بەدەروێش) دەی زۆر لەسەرخۆ بیربکەرەوە ئەوسا ئیعتراف بکە، لەهەمووی گرنگتر ئەوەیە ئیعتراف بکەیت، خۆ هەر بەوەش دەتوانیت یارمەتییەکی گەورەی ئێمە بدەیت ئیتر هەموولایەکیشمان لەم نەهامەتییە ڕزگار ئەبین، دوای ئەوەش شتێك نامێنێت کەوا لەتۆ بکات ڕقت لەئێمە بێت، بگرە هەر دەبینە هاوڕیّ.

**دەروێش:** خۆ من هیچ ڕقم لەئێوە نییە، نا...نا خوا نەکات! جا بۆچی من ڕقم لەئێوە بێت! ئەوەی کردووتانە ئەرکێکی سەرشان و وەزیفەی خۆتان بووە، منیش بڕواتان پێدەکەم و دەزانم کەگوناه گوناهی ئێوە نییە گوناهی ئەوەکەیترە، دیارە ئەبێت هەڵەیەك لەئارادابێت!

**لێکۆڵەری یەکەم:** چی؟ ئەوە باسی کام هەڵە دەکەیت؟ ئەی ئێمە لەسەر ئەوە ڕێك نەکەوتین کەتۆ ئەو دەروێش عەبدولڕەحمانەی ناو فایلەکەیت؟ (دەست بۆ فایلەکە درێژ ئەکات).

**دەروێش:** ڕاستە گەورەم لەسەر ئەوە ڕێك کەوتین، بەڵام تائێستا لەسەر ئەوە ڕێك نەکەوتووین کەمن... گەورەم! مەبەستم ئەوەیە کەبڵێم من ناتوانم لەسەر ئەوە ڕێك بکەوم و بڵێم من ئەوم.

**لێکۆڵەری دووەم:** (ئارامی لەبەر هەڵئەگیریّ) دیارە هیچ شتێك لەگەڵ ئەمەدا کەڵکی نییە! دیسان گەڕایەوە سەر تەڵەکەبازییەکانی.

**لێکۆڵەری یەکەم:** (دەست بەدەستدا ئەکێشیّ) چاوتان لێیە چۆن چۆنی بایدایەوە سەر فڕوفێڵەکانی. (بیر ئەکاتەوە) لەگەڵ ئەوەشدا هەر ئەبێت بەزەییەکمان

پێیدا بێتەوە (بەدەروێش) دەروێش گوێ بگرە! با ئیتر لەسەرخۆو بێهەرەشەو گورەشە قسە بکەین، هەروەك هەڤاڵی یەکتر لەیەك بگەین.

**دەروێش:** گەورەم ئێوە چۆنتان ئەوێت من ئامادەم..

**لێکۆڵەری دووەم:** بەڵام تۆ ئەڵێیت من ئەو نیم، ئیتر ئامادەی چیت!؟

**لێکۆڵەری یەکەم:** (قسە بەبرادەرەکەی ئەبڕێتو بەهێمنییەکەوە دەست بۆ دەروێش درێژ ئەکات):

نا...نا دەروێش نەیگوتووە من ئەونیم خۆ ئەگەر ئەوەشی گوتبێت ئەوە وا ناگەیەنێت کەئەگەر بیری کەوتەوە نەڵێت من ئەوم... من بێگومانم هەر کەبیری کەوتەوە خێرا ددانی پێدائەنێت کەخۆیەتی، ئیتر دەڵێی چی ئیشەکەی ئێمە ئاوهاییە هەموو ئەوانەی لێکۆڵینەوەمان لەگەڵ کردوونو ئەو پرسیارەمان لێکردوون لەسەرەتادا، ئەیانگوت ئێمە ئەوان نین کەچی لەدواییدا ددانیان بەڕاستیدا ئەناو هاتنە ژێر بارو ئەیانگوت ئەوانین. جا مەسەلەکە هەمووی مەسەلەی کاتە، بەڵام بۆ ئێستاو ئەم حاڵەتەی دەروێش، بەپێی زۆری کارەکانمانو بەرژەوەندی گشتی ئێمە کەمێك پەلەمانەو وەختمان بەدەستەوە نەماوە، وا بزانم دەروێش خۆشی لەوە ئەگات، ئەی چۆن تێی‌ناگات، ئەی خۆی یەکێك نییە لەئێمە! بگرە هاونیشتمانییەکە وەك ئێمەو وەك ئێمەش بەرژەوەندی گشتی رەچاو دەکات، بۆیە بێسستی نواندنو زۆر بەئازادیی ئیعترافی خۆی ئەکات، ناشمەوێت بیری بخەمەوە کەئەگەر بەئازادیو بێ‌گوشار ئیعتراف نەکات، چی لێ بەسەردێت، من بڕوام وایە کەزۆر بەئازادیو بەخواستو ئارەزووی خۆی ئیعتراف ئەکات! ئەی توخوا وانییە دەروێش؟ دەی کەواتە با دەست پێبکەین دەی بەئازادی قسەی خۆت بکە دەی با لەدەمی خۆتەوەو بەدەنگی خۆت گوێم لەئیعترافەکانت ببێت، چونکە هەر بەڕاستی ویژدانم قبووڵی ئەوە ناکات کەئیعترافێك لەدەمی خاوەنەکەیەوە بەهەردوو گوێچکەی خۆم (دەست بۆ گوێچکەکانی درێژ ئەکات) نەیبیستم بڕوای پێبکەم! دە توخوا تۆش بڕوات بەوە نییە کاکە دەروێش؟

**دەروێش:** من...من بڕوام بەهیچ نییە، بڕوام پێ بکە من بڕوام بەهیچ شتێك نییە، هەرگیز رێگەش بەخۆم نادەم کەهیچ یەکێك لەئێوە بەرپرسیار بکەم لەوەی رووی داوە.. ئەبێت یەکێك تاوانێکی گەورەی وەك ئەم تاوانەی کردبێت خۆ ئەم جیهانە پڕێتی لەوجۆرە تاوانە نەفرەت لێکراوانە، بەڵام ئەگەر ئێوە تاوێك گوێم لێبگرن، هەر تەنها بۆ یەك سات وا راستییەکانتان بۆ دەرئەکەوێت، هەر بۆنموونە

دەبا باسێکی منداڵەکان بکەین، من بەتەواوی منداڵەکانی خۆم ئەناسم، باشە ئەگونجێت من گومان لەوە بکەم گەورەم؟ دە توخوا خۆت بڵێ، ئایا ئەگونجێت باوك منداڵەکانی خۆی نەناسێت، یان تێکەڵیان بکاو ناوو ژمارەیانی لا روون نەبێت! چوار منداڵەکەم، گەورەم من چوار منداڵم هەن نەك سیان، چوارن...چوار، چوار پارچەن لەجگەرم... رێگەم بدە گەورەم با ئیعتراف لەسەر ئەو راستییەشت بۆ بکەم، لەناو هەرچوار جگەرگۆشەکانمدا بچکۆلەکەیانم خۆشتر ئەوێ، خۆشەویستی ئەویان مەزنترینە.. دەی توخوا ئێوە پێم بڵێن چۆن...

**لێکۆڵەری یەکەم:** (قسەکەی پێ ئەبڕێت) بچکۆلەکەیان؟ (بەسەرسووڕمانێکەوە) ئەوە کام بچکۆلەیەیە دەروێش؟ خۆ من هەر ئێستا گوتم بڕوات پێدەکەم، کەچی وا دووبارە گەڕایتەوە سەر قەوانە کۆنەکە، ئەرێ ئەوە تۆ مێشکت دارە، بەردە، چییە، وا وڕێنە ئەکەیتو لەخۆتەوە ئەڵێیت چوارن...چوار ئینجا...

**لێکۆڵەری دووەم:** دەی باشە تۆ بۆم روون ناکەیتەوە بزانم ئەم بچکۆلەیەت کوێوە هێنا؟ دەی بڵێ بزانم لەکوێوە؟

**دەروێش:** گەورەم ئەوە کچمە...کچم!

**لێکۆڵەری یەکەم:** ئاخخ لەدەست ئەم دەروێشە، دەی بۆئەوەی لەم بەزمەش قورتار بیت، بابڵێین تۆ ئاواتت ئەوەبوو یەزدان کیژێکی ژیکەڵەت بداتێو ماڵەکەت ئاوەدان بکاتەوە، دەی ناهەقیشت نییە، چونکە کیژۆڵە خنجیلەکان هەمیشە بزۆزو خۆشەویستن، بەسۆزو ژیکەڵەترن لەکوڕ، بۆیە ناهەقت نییە بەوئاواتەوە لەگینگڵداندا بیت.. دەی وا بەجۆرە ئەم لاپەڕەیەشمان هەڵدایەوە.. (بەدەنگێکی پڕ لەهەڕەشەوە) دەروێش! ئەی ئەو لاپەڕەیەشمان هەڵنەدایەوە..؟

**دەروێش:** (بەملکەچیو ناچارییەوە بۆ دواجار هەوڵ ئەدات): وا بوو گەورەم وابوو... بەڵام... بەڵام ئەی کچە بچکۆلەکەیان..؟

**لێکۆڵەری یەکەم:** ئاخر هەڤاڵ دەروێش تۆ ئێستاش ئەوە بەئەقڵتا ناچێت کەئەو ئاواتەت خەیاڵێك بوو خەیاڵ، ئاواتێك بوو بەڵام نەهاتە دی..!

**دەروێش:** ئاخر قوربان ئەوە راستییەکەو هەیەو ئەژی..

**لێکۆڵەری دووەم:** (بەقاچی پاڵی پێوە ئەنێ) ئاخر کام راستی دەروێش..؟

**لێکۆڵەری یەکەم:** (بەبرادەرەکەی) نا...نا تووڕە مەبە، رێگە مەدە تووڕەبوون لێت نزیك بکەوێتەوە، با کەمێکی‌تر چاوەڕوان بین (بەدەروێش) وا دیارە

ئێستاکەش باش لەوە نەگەیشتوویت، وا ئێستا خـۆم حـاڵیت ئەکـەم... خـەڵکی وا هەیە هەندێ جار وا ئەزانێ ئاواتەکەی خەریکە بێتە دی، چونکە هەمیشـە بـیری لێ دەکاتەوەو لەگەڵیدا ئەژی‌و لەناویدا ئەخەوێ، کـەچی لەڕاسـتیدا ئاواتەکـە هـەروەك ئاوات ئەمێنێتەوە، بەڵکو هەندێ جار ئەوە هـەر خـەیاڵو خـەوەو هیچی‌تـر، ئـەوەتا دەروێش یەکێك لەوکەسانەیە کە تائێستاش لەناو ئەو خەیاڵو خەوەدا ئەژی.

**لێکۆڵەری دووەم:** خـۆ لەوانەشـە ئـەوە راسـتییەك بوویێـت لەمێشـکتداو ئیـتر هێندە ئەمسەروئەوسـەرت بەخەوەکـە کـردووەو بـیرت لێکردۆتـەوە، تـا ئـەو ئاسـتە کەخەریك بووە خەوەکەت لێ ببێتە راستییەك، کەچی خەوەکە هەر بەخەو ماوەتەوەو هیچی‌تر.. لەبەرئەوە گوێی مەدەرێ‌و هـەر خەفەتیشـی پێ‌مـەخۆ. ئـەوەش چیرۆکی بچکۆلەکە. کەوابوو با باسی ئەو بچکۆلەیەش لەبیر خۆمان ببەینەوە. کێش دەڵێـت لەپاشەڕۆژدا خەوەکەت نایەتە دی.

**دەروێش:** (چاوی لـەنێوان هـەردوو پیاوەکـەدا ئـەهێنێ‌و ئـەبا، سەرسـووڕماوو رووخاو) بەڵێ... بەڵێ با وابکەین (هەروەك قسە لەگەڵ خۆی بکات) چوار (بەپەنجە ژمارەیان ئەکات‌و لەژێر لێوەوە قسە ئەکات بەبێ‌ئەوەی کەس لێی تێ‌بگات).

**لێکۆڵەری یەکەم:** کەوابوو با بلێـین منداڵـەکان سـیانن دەی دەروێـش ئینجـا بیهێنە بەر چاوت سێ‌مـنداڵی خۆشەویست لەناکاو پێی‌ئەزانن کـەباوکیان بزربـووە، رۆیشـت‌و ئیـتر نەگەڕایـەوە، ئـا لەوسـاتە ناهـەموارەوە ئـەو منداڵـە بەسـزمانە بێدەرەتانانە وێڵو سەرگەردان ئەبن. لانەیان لێ تێك ئەچێت‌و سەریان لێ ئەشێوێت، لەماڵەکەیاندا دێن‌و دەچن، سەرگەردان‌و وێڵی باوکیان ئەبن‌و ئەم ژوورو ئەو ژووری بۆ دەکەن، بەواق وڕماوی سەیری هەموولایەك ئەکەن‌و نایبیننەوە..

**لێکۆڵـەری دووەم:** کـەهاناش ئەبەنـە بـەر دایکیـان‌و یـەك لـەدوای یـەك لێـی ئەپرسن: دایە گیان! ئەوە باوکم لەکوێیە؟ دایکـی سەرلێشـێواویش مـات‌ومـەلوول، کزۆڵەو بێ‌دەرەتان فرمێسکی گەرم لەچاوانیدا قەتیس ئەبێ‌و توانای وەڵامدانەوەی نامێنێ‌و نازانێ چۆن دڵی دڵشکاوەکان بداتەوە.

**لێکۆڵەری یەکەم:** کـاتێکیش منداڵـە بەسـزمانەکان سـەرنجی حـاڵی پەشـێوو رووخساری پڕ لەخەم‌و ئەسرینی گەشی قەتیسماو ئەکەن، زیاتر پڕ لەخەم‌و ژاکـاوتر ئەبن‌و هەمـووان بەجارێك بارانی ئەشك ئەڕێژنە سەر فرمێسکی دایکیان.

**لێکۆڵەری دووەم:** دەی دەروێش بڕوانەو بزانە تۆ چی کارەساتێکت خولقاندووە، چۆن هێلانەی ئەو سـاوا ناسـکانەت رمـاندووە دەروێـش! رەنگـە تـۆ وابزانیـت لـەم

جیهانـەدا شـتێکی‌تری وا هەیـە کەبۆشـایی بـاوکێکی بەسـۆزی ونبـوو پڕبکاتـەوە! بەتایبەتی ئەگەر دڵێکی گەورەو پڕ لەسۆزی خۆشەویستی وەك دڵی تۆی هەبێت..!

**دەروێش:** (بەتەواوی ئەژاکێ‌و دەستی خۆی ئەگوشێ‌و بەئاخ‌و داخەوە): ئای بـۆ منداڵە خۆشەویستەکانم، داخ‌و سەد داخ بـۆ منداڵـە لانـە لێتێکچووەکـانم، توخـوا ئەبێت ئێستاکە حاڵیان چۆن بێت!

**لێکۆڵەری دووەم:** (بەدەنگێکی پڕ لەخۆبایی‌بوون‌و دڵنیایی‌یەوە) گەورەکەیان، کاکە دەروێش حەوت ساڵە (ددان بەقسەکانیدا ئـەنێ) هـەڤاڵ.. ئـا ئـەرێ دەروێـش ناوی هەڤاڵ نییە؟

**دەروێش:** (بەئەبڵەق بوونەوە) هەڤاڵ!

**لێکۆڵـەری یەکـەم:** کـوڕە ناوبجێکەشـــیان نــاوی ئــاوات-ە (وای دەرئــەخات کەدەیەوێت بیری بکەوێتەوەو لەناوەکەی دڵنیا ببێ نا..نا..نا ناوی هیوا-یە.

**لێکۆڵـەری دووەم:** بـەڵام بچکۆلەکـەیان، خۆشەویســـترینیان کــە لــەناو دڵ‌و دەروون‌و هەموو دەمارەکانی لەشدا جێگەی خۆی کردۆتەوەو هەرگیز لەبیرناچێتەوە، ناوی سەرکەوت-ە

**دەروێش:** (بەسەری خۆیدا ئەکێشێ) ئەی هاوار فریام کەون، خۆ نازانم داد بـۆ کـێ بـەرم! ئـاخر بـەچیتان بڕوایـە وانییـە، هیـچ ناوێکیـان راســـت نییـــە، تەنــها ناوێکیشیان راست نییە!

**لێکۆڵەری یەکەم:** (بەهەڕەشەوە) ئەوە ئەڵێیت چی؟ ئـەڵێیت وانییـە؟ (پیـاوی سێیەم قامچییەکەی رائەوەشێنێ‌و خێرا خێرا بەپۆستاڵەکەیدا ئەکێشێ)...

**دەروێش:** (چاوی بڕیوەتە جۆری راوەشـاندنی قامچییەکـە) مـن گـوتم.. ئـەڵێم گوتم..

**لێکۆڵەری یەکەم:** گوتت چی؟ دەی خێراکەو بڵێ بزانم گوتت چی؟

**لێکۆڵەری دووەم:** (بەهەڕەشـەو گوڕەشـەوە) ئەرێ دەروێـش! ئـەوە تـۆ ئاگـات لەخۆتە چی ئەڵێیت! کوڕە ئاگاداربە هاااا...ئاگادار..

**لێکۆڵەری یەکەم:** دەی دەبا بزانین چی ئەڵێیت؟ ئەرێ منداڵەکان سیان نین؟

**دەروێش:** (بەبێ‌ورەو کەساسییەکەوە، چاویشـی هـەر لەقامچییەکەیـە) بـەڵێ سیانن..

**لێکۆڵەری یەکەم:** ئێ... زۆرباشە ...کوڕە دە قسە بکە قسە، خۆ ئەڵێی زمانت لەدەما نەماوە، دەوا بڵێ، ئەوا ئێستاکە بەرەو ئەوە ئەچین کەبگەینە ئەنجامی راستی کەوابوو منداڵەکان سیانن..

**لێکۆڵەری دووەم:** هەڤاڵو هیواو...

**دەروێش:** (بەپاڕانەوە) دەی توخوا هیچ نەبێت با یەکێکیان بەناوەکەی خۆیەوە بێت، تکاتان لێ ئەکەم با تەنها یەکێکیان بەناوە راستییەکەی خۆیەوە بێت، با ناوە راستییەکەی پێوە بمێنێت!!

**لێکۆڵەری یەکەم:** کوڕە ئەوە تۆ وڕێنە ئەکەیت! یان خەڵەفاویت! دیسان گەڕایتەوە سەر تەڵەکەبازییەکەت.

**دەروێش:** (رووی قسەی ئەکاتە لێکۆڵەری یەکەم) ئاخر گەورەم ئێوە چۆنتان ئەوێت با وابێت، چیتان ئەوێ وا ئەکەم، با منداڵەکان سیان بن، بەڵام تەنها یەك شتم لەئێوە ئەوێت، ئەوەش تەنها بایەکێکیان، هەر یەکێکیان ناوەکەی خۆی پێوە بمێنێتەوە، تاتواناى ئەوەم هەبێت کەخۆم بەپێوە بگرم، تا سەرم تواناى خۆگرتنی بەسەر ملمەوە بمێنێت (دەست بۆ ملی ئەبات) گەورەکانم! من ئەمەوێ تەنها راستیتان بۆ روون بکەمەوە دە ساتێك گوێم لێ بگرنو تەنها یەك وشەم بەڕاستی لێوەربگرن تا بتوانم خۆم بەسەر پێوە بگرم..

(قامچی بەدەست لێی نزیك ئەبێتەوەو قامچییەکە بەڕانیدا ئەماڵێت، دەروێش دێتەوە سەرخۆیو هۆشیار ئەبێتەوە..)

**لێکۆڵەری یەکەم:** باشە، خۆ ئێمەش هەروەك تۆ ئەمانەوێت خۆت بەسەر پێوە بگریت تا بەوشیارییەوە ئیعترافەکەت بکەیت، بەتایبەتی ئەگەر پیاو تەواو هوشیار نەبێت وا نەئیعترافەکەی بەتەواوی ئەبێت نەقسەکانیشی جێگەی بڕوا ئەبن، کەوابوو هۆشیاری زۆر زۆر گرنگە.

**دەروێش:** بەڵام من تێی ناگەم مەبەستتان لەو هۆشیارییە چییە؟ نازانم ئێوە ئەتانەوێ چۆن چۆنی من هۆشیار بم!! چۆن ئەتوانم هۆشیاریم لەکەللەدا بمێنێو هۆشم لەسەر خۆم بێت، ئەگەر ئێوە یەکەیەکەی داوی بیرەکانم بپچڕێننو تەنها یەك داویشم بۆ نەهێڵنەوە کەدەستی پێوە بگرمو بتوانم بەهۆیەوە خۆم لەسەر زەوی بگرم (پیاوەکە زیاتر نزیك ئەبێتەوە) بەڵێ.. سیان (نزیکتر ئەبێتەوە تا پێڵاوەکانی بەدەروێشەوە ئەنووسێنێ، دەروێشیش زەق زەق ئەڕوانێتە جووڵەی قامچییەکە) من دەروێش عەبدولڕەحمانم، ماڵم... دەی خوایە ئەبێت بڵێم لەکرێیە، ئا...ئا

لەگەڕەکی سەرشەقامەو خانووی ژمارە ١١٤-٦٠-ە رۆژێك لەرۆژان سیاسەتم نەکردووە (خێرا پاشگەز ئەبێتەوە) نا...نا ببورن، جارێکیان کردم.. با..با شتێکی وام لەبیرە، هەر بەڕاستی ئەو لایەنەی ژیانم لەبیر چووبووەوە، بەڵام وا ئێستاکە دێتەوە بیرم..

**لێکۆڵەری یەکەم:** ئافەرین دەروێش، تائێستاکە بەدڵی منی.. (کەمێك بێدەنگی) هەر زۆرباشە. ئێ کوڕم دوای ئەوە؟ ئەی دەورت لەپیلانەکەدا چی بوو؟

**دەروێش:** پیلان؟

**لێکۆڵەری یەکەم:** بەڵێ پیلانەکە!

**دەروێش:** بەڵام من..! گەورەم توخوا پرسیارەکە چی بوو!؟

**لێکۆڵەری یەکەم:** (بەقاڵسییەکەوە) دەربارەی رۆڵت بوو لەپیلانەکەدا..

**دەروێش:** بەڵێ بەڵێ! (گوێی لەدەنگی قامچییەکە ئەبێت) تێیگەیشتم دەوری من (ئەوەستێ، بەڵام دەنگی قامچییەکە هەر بەردەوامە) دەوری من، دەورێکی ئەوتۆ نەبوو.

**پیاوی سێیەم:** (بەتوندی قامچییەکە رائەوەشێنێت)

**لێکۆڵەری یەکەم:** یا دەورێکی زۆر گرنگ‌و ترسناك بوو.

**دەروێش:** دەی با وابێت، یەعنی گەورەم تۆ چۆن ئەڵێیت هەروایە، رۆڵێکی زۆر ترسناك بوو، دیارە یەکێك هانی منی داو تووشی کردم.

**لێکۆڵەری دووەم:** ئەوکەسە کێیە؟

**دەروێش:** ها... ئەوکەسە، ها، رەنگە برادەرە کۆنەکەم بێت، ئا...ئا برادەرەکەی قوتابخانەم. (خۆی وا نیشان ئەدات کەهەوڵ ئەدات ناوەکەی بیر بکەوێتەوە) ئا...ئا جەمال، بەڵێ ناوی جەمال بوو.

**لێکۆڵەری یەکەم:** کام جەمال، ناوی تەواوەتی بڵێ، ئەرێ ئەوە جەمال قەراخی نییە؟

**دەروێش:** (بەترسەوە) بەڵێ خۆیەتی گەورەم، خۆیەتی گەورەم ئەو قورمساغە بوو هانیدام‌و خۆم تووشی ئەم داوە کرد. ئەو رۆڵەکەی بۆ دانام، رۆڵێکی زۆر گرنگ‌و خەتەر بوو، من نهێنگری هەموو کۆمەڵەکە بووم، هەموو نهێنییەکان لای من کۆئەبوونەوە.. بەڵام ئەی ئامانجەکە چی بوو؟

دەی خوایە گیان بێتەوە بیرم..ئا.. بەڵێ...بەڵێ کەوتەوە بیرم، ئامانجەکەمان رووخاندنی رژێم بوو. بەڵێ کۆمەڵێکی چەپڕەوی شۆڕشگێر نەخشەی دانابوو

هەمووشتێك تێكوپێك بدرێو ئەم جیهانە سەرەوژێر بكاتو باری ئاساییو خواكرد لەیەك بترازێنێ، چینی ڕەشوڕووتو هەرچیوپەرچی بخاتە شوێنی گەورەپیاوانو دەوڵەمەند.

**لێكۆڵەری دووەم:** بەڵكو هەر دەیویست دەستكاری كاری یەزدان بكاتو ئەوەی هەر لەسەرەتای خوولقانی مرۆڤەوە خواوەندی مەزن داینــاوە، تێكوپێكی بدات، چاكەو خواپەرستی، خێروخۆشی، خووڕەوشتو كرداری باش، هەمووی لەناو بەرن!

**دەروێش:** (تائێستاش چاوی بڕیوەتە جوولەی قامچییەكە) بەڵێ.. بەڵێ گەورەم كۆمەڵێك گەنجی ئاژاوەچیو نۆكەر، فەرمانیان وەرگرت كەسیستمی جیهان هەڵبگێڕنەوە، خوای مەزن خۆوبەخت ئەم جیهانەی ئاوا دروستكردووە، گەورەو دەوڵەمەند هەر گەورەبوون، چونكە خوا خۆی وای ویستووە، ڕەشوڕووتیش هەر ڕەشوڕووت بوون، كەچی گەنجە ئاژاوەچییەكان، خورمای بابیان دەخوارد دەدراو كەوتنە خولیای هەڵتەكانی سیستمی دادپەروەرانەی جیهان، ویستیان گەورەپیاوو بەشانوشەوكەتەكان كەنار بخەنو ماڵوموڵكو نازونیعمەتیان زەوت بكەنو ڕەشوڕووتی پێ تێروتەسەل بكەن، واتە ئەوەی لەسەرەوەیە توڕی بدەنە خوارێو ئەوەی لەژێرەوەیە سەریبخەنە سەرەوە، منیش ..دەی بڵێم چی.. ئیتر هەڵخلیسكامو تووشی ئەم چارەڕەشییە بوومو بوومە مایەی دروستكردنی ئەم فیتنەیە.

**لێكۆڵەری دووەم:** هەڵخلیسكانی چی دەروێش؟ تۆ بۆخۆت دانەری نەخشەی پیلانەكەو جێبەجێكەریشی بوویت، ئەی نهێنگر مانای چیی؟ دەی پێم بڵێو بۆم ڕوونبكەرەوە بزانم نهێنگر مانای چیی‌یە!

**دەروێش:** بەڵێ! بەڵێ! هەروابوو، بەڵام من ئەمەوێ بزانم لەبەرچی منیان هەڵبژاردو ئەو بارە گرانەیان دا بەكۆڵمدا! ئەرێ ئەبێت لەبەرچی هۆیەك بوویێت گەورەم؟

**لێكۆڵەری دووەم:** دە سەیری ئەم قەشمەرەكەن! لەیەكێك وایە ئێمەشی لەگەڵ بووین! ئەوە هەر خۆت ئەزانیت خۆت، هەر خۆت باشی لێ دەزانیت، دەی خۆت گێل مەكەو بیڵێ.

**دەروێش:** بەڵام نازانم بۆچی (بەپاشگەزبوونێكی ترساوییەوە) مەبەستم ئەوەیە كەئێستا نایەتەوە بیرم.

**لێکۆڵەری یەکەم:** دەی لەسەرخۆ بیربکەرەوە، حەزم ئەکرد زیاتر ماوەمان بدایتایە، چونکە لەم جۆرە کارە هەستیارانەدا لەسەرخۆبیرکردنەوە زۆر گرنگە، بەڵام بەداخەوە ئێمە ئەمجارە پەلەمانەو ناتوانین زۆر چاوەڕوان بین، بۆیە ئەبێت لێمان ببوریت!

**لێکۆڵەری دووەم:** گوێت لێبوو دەروێش؟ ئێمە پەلەمانەو ناتوانین لەوە زیاتر بوەستین، ئیتر بەسێتیو پەلە بکەو باش بیربکەرەوە با زوو بێتەوە بیرت! (بەتوڕەییەوە) بەسە ئیتر لەتاقەتو حەوسەڵەماندا نەما، پشوو بەخۆت بدەو با ئێمەش لەوەزیاتر هیلاك نەکەیت.

**دەروێش:** فەرمانی تۆیە گەورەم، ئەبێ نەیەڵم جەنابتان لەوە زیاتر ماندوو بن، هەر بەڕاستی وەك من پێویستتان بەحەسانەوەیەکی زۆرە، بەڵێ من حەسانەوەو دڵنیایی ئێوەم مەبەستە، بەڵام نازانم.. من (خێرا پاشگەزئەبێتەوە) مەبەستم ئەوەیە کەمن ئەو هۆیەم بیر ناکەوێتەوە! ئەگەر بفەرموویتو یارمەتییەکم بدەیتو هەر تەنها سووچێکم بۆ دەربخەیت، هەر سەری داوەکەم بدەیتە دەست (بەپاڕانەوەوە) گەورەم بەخوا ئیتر بەوردەکارییەکانەوە خۆم بۆتان تەواو ئەکەم. بیکەن بۆ ڕەزای خواو سەریشم لەڕێتاندایەو هەر ئەو یارمەتییەم بدەن گەورەم دە توخوا سەرفرازم بکەنو خۆت پێم بڵێ لەبەر چ هۆیەك بوو! ئاخر..

**لێکۆڵەری دووەم:** (قسەکەی پێئەبڕێت کوڕە ئەوە تۆ گێلیت یان خۆت گەوج ئەکەیت! ئاخر ئەوە پرسیارو داوایە تۆ لەمنی ئەکەیت)؟

**دەروێش:** گەورەم خۆ خۆت هەموو چیرۆکەکە باش ئەزانیت، هەر لەسەرەتاوە تا کۆتاییەکەی لای خۆتانە، بەخوا ئێوە هیچ شتێکتان لێ‌بزر نییەو هەمووی ئەزانن.

**لێکۆڵەری دووەم:** (بەهەڕەشەوە) بەڵێ.. بەڵێ.. ئەتانەوێ سەرجەم یاساو سستێمو ئاوەدانیی وڵاتەکەمان هەڵبتەکێننو ئینجا گەجەروگوجەرو ڕەشوڕووت دەسەڵات وەربگرن، کەچی هەروا بەئاسانی ئەتەوێت بەنازانمێ، یان بەبیرم ناکەوێتەوەیەك، خۆتی لێ‌ قووتار بکەیت! دەی بڵێ خۆت بیڵێو بزانین لەبەرچی بوو وا پیلانگێڕان هەموو نهێنییەکانیان بەتۆ سپارد!

**دەروێش:** سا بەچیتان بڕوایە نایزانم.

**لێکۆڵەری یەکەم:** (بەهەڕەشەوە) کوڕە دەروێش!

**لێکۆڵەری دووەم:** (بەهەڕەشەوە) دیسان گەڕایتەوە سەر فرتوفێڵەکان (ڕووی تێدەکات) دیارە ناتەوێ قسەبکەیو ڕاستییەکە بڵێیت؟ دەروێش! خۆ خۆت باش

ئـەزانی کەئێمـە هەمووشـتێکمان لایـەو هیچمـان لیٚ ون نـابێت، چـۆن وشـیاری پارێزەرانی دڵسۆز بەنیشتمان بەمەڵاسدراوی لەناو پیلانەکەدا دەریانـهێنایت، هـەر بەوجۆرەش هەموو راستییەکان لەناو مێشكو دڵتا دەرئەهێنین!

**دەروێش:** لەوانەیە گەورەم، خۆتان باشتر لەمەسەلەکە ئەزانن، مـن هـەر لەگـەڵ ماڵومنداڵو ئیش‌وکاری خۆم خەریك بووم.

**لێکۆڵـەری دووەم:** ئـەی فێڵبـازی سـاختەچی وا دەرکـەوت کـەتۆ چ درِندەیـەك بوویت، ماڵومنداڵی چـیو ئیشـی چـی! تـۆ باسـی شـتێکمان بـۆ بکـە کـەبڕوات پێبکەین.

**دەروێش:** بەڵی باشە گەورەم دەی با باسی ئەوشتە بکەین.. بەڵام هەر ئەوەندەش یارمەتیم بدەن کەئاگاداری خۆم ببمو ئەوەی ئێوە ئەتانەوێت هـەر ئـەوە بڵێم، هـەر ئەوەندە یارمـەتیم بدەن کەهۆشم لای خۆم بێتو بتوانم خۆم بگرمو دەمم گۆ بکات.

**لێکۆڵەری یەکـەم:** (هەڵئەسـتیٚ) زۆر باشـە، کـەوابوو ئێسـتاکە ئیشـی ئێمـە پەیداکردنی هۆشو گۆشە بـۆ ئـەم پیـاوە تـا بتوانێـت خـۆی رابگرێـت، (بـەپیاوی سێیەم) دەی دەمێکە ئەم زەلامـە مردووی هۆشیاری هۆشە، کەوابوو هەر ئێسـتاکە ئەیکەیت بەو پیاوە مەعقولەی کـەخۆی ئەیـەوێت. دەی (ئـەقیڕێنیٚ) دەی خێراکـەو بیخەرەوە ناو پێستەکەی خۆی تا لەم سەریەشەیە رزگارمان ببێت.

**پیاوی سێیەم:** (قامچییەکە بەبەری دەستیدا دەکێشێت) بەڵیٚ گەورەم ئێستا چاوی بەخۆی ئەکەویٚ.

**دەروێش:** (خۆی گرمۆڵە ئەکاتو بەخاوەن دەنگەکە) ئەزانم..ئەزانم بڕیارەو هەر ئەبێت بچمە پێستەکەیەوە ئەچم..ئەچم..

**لێکۆڵەری دووەم:** یانی ئەچیتەوە ناو پێستە پیسەکەی خۆت.

**دەروێش:** ئەچم..ئەچم گەورەم، بۆ ئەوان دەسـت لـەخۆم هەڵئـەگرم.. بۆئـەوی‌ترو ژنو منـاڵەکانی، بەچیتان ئەویٚ ئەبم، ئەبم بەلەشێك لەتەختە، بەبیچمێکی سـاختەو بۆشو بیٚمانا، ئەبم بەتارمایی، بەسێبەر بەڵام توخوا گەورەم ئەگەر ئەگـەر ویـژدانم لێی پرسیمو گوتی: دەروێـش! ئەگـەر قـایل بیـت بـەوەی پێـی رازی بوویـت، ئایـا دەتوانیت بەوە چاوی ساوا نەناسـراوەکان تینـوو بکـەیتو سـۆزیان بـۆ لای خـۆت رابکێشی، ئینجا ئەتوانیت ژنە نەناسراوەکە دڵنەرم بکەیتو پێشوازیت لێبکـاتو باوەشی خۆشەویستیت بۆ بکاتەوەو پەنجـەکانی یـاری لەسـەر پشـتە تەزواوییەکـەت بکەن؟

ئینجا ئەگەر تۆش بەوە قایل ببیت، ئایا خەڵکی‌تر ئامادەن واز لەدڵو گیانی خۆیان بێنن بۆ تۆ؟

**لێکۆڵەری دووەم:** (ئەنەڕێنێ) بەسە... بەس ئەوە تۆ ئەڵێی چی؟ (بەبرادەرەکەی) چەند ساختەچی‌و تەڵەکەبازە، ئەیەوێ بەورێنەو تەمسیل خەریکمان بکات.. لەبری ئیعتراف تەمسیلمان بۆ ئەکا (بەدەروێش) قسە بکە کێن ئەوانەی باست کردن؟

**دەروێش:** قوربان، ژن‌و منداڵەکان، ئەوانەی خۆتان ناوتان هێنان، گەورەم! ئەتانەوێت لەدەروازەی دەرگاوە هاواریان لێبکەم‌و بڵێم: ئێوە ئەی منداڵە خۆشەویستەکان، ئەی وردیلە بێباوکەکان! تۆ ئەی ژنە ژیرەکە! ئەی قەشەنگە بێمێردەکە، باوك‌و مێردتان ئەوێ؟ دەی ئا ئەمەتا وا ئەم پیاوە ئامادەکراوەتان پێشکەش ئەکرێ، دەی منداڵان ئێوەش بیکەن بەباوکی خۆتان، تا زووە لەدەوری کۆببنەوە، تۆش ئافرەتە دڵ شکاوەکە. دڵی بدەرێ‌و ماچ بەڕوویدا ببارێنە هەمووتان بانگی بکەن‌و بەناوی خۆیەوە هاواری لێبکەن، شوێنەواری ماچی باوکە ونبووەکەتانی نیشان بدەن، فێری بکەن چۆن چۆنی یاری لەناو هێلانەی قژەکانتانا بکا، فێری بکەن چۆن یاری لەسەر سنگ‌و پشتی بکەن چۆن قاقای خۆشەویستی‌و بزەی سۆزتان بۆ ببارێنێ‌و چۆن یاری‌و گاڵتەوگەپتان لەگەڵ بکات.. دەی تۆش ئافرەتەکە! بچۆرە تەنیشتییەوەو بەگوێی ئەم پیاوە نەدیوەدا بچرپێنەو بۆی باس بکە چۆن مێردە ئاوارەکەت دەستی ئەکردە ملان‌و هەڵی ئەگلۆفیت‌و لێوی لەکام جێگەی سنگ‌و رووخسارتدا یاری ئەکرد، ئێوە ئەی منداڵە ساواکان دەی فریای بکەون‌و ڕێگەی نیشان بدەن، دەی تۆش ئەی ئافرەتە ژیرەکە، لەبەرئەوەی ئەم پیاوە نەناسراوە وازی لەناوو ماڵ‌و منداڵی خۆی هێناوەو بووە بەمرۆڤێکی‌تر، چۆن پێتان رازییە دەی ئێوەش پێی رازی بن (بەهەردوو بەری دەستەکانی دەموچاوی دائەپۆشێ‌و بەدڵێکی پڕ لەحەسرەتەوە) ئینجا ئەگەر ئەم پیاوە نەناسراوە کەسانە پێتان قایل بوو ئەی ئێوەش بەو قایل ئەبن‌و سۆزی دڵتان بۆی ئەجوڵێ.. دەی پێم بڵێن.. دە تو یەزدان ئەگەر پێم نەڵێن (دەست ئەکات بەگریان)

**لێکۆڵەری یەکەم:** (خۆی وەرئەچەرخێنێ‌و وانیشان ئەدات کەئەیەوێت بڕوات): نەخێر هیچ شتێك لەگەڵ ئەمەدا کەڵکی نییە، باشە دەروێش وا دیارە قسەی خۆش‌و ڕێزگرتنیش هەر بێسوودە.

**لێکۆڵەری دووەم:** (ئەمیش هەروای دەرئەخات کەئەڕوات) نەخێر کەڵکی چی.. ئەبوو هەر یەکەم جار ڕەوانەی سارداوەکەمان بکردایەتەوە (ئـاوڕ لـەدەروێش ئەداتەوە) دەروێش دیارە هیچ شتێك لەگەڵ تۆ کەڵکی نی‌یە. کەوابوو بیبـەن. دەی هەر ئێستاکە بیبەن بۆ سارداوەکە، دیارە زۆری حەزلی‌یە.

**دەروێش:** (لەشوێنەکەی خۆیەوە قەڵەمبازێك ئەدات بۆ لایان دامێنی چاکەتی لێکۆڵەری یەکەم ئەگرێت).

نا..نا گەورەم، بیکەنە رای خوا نەمنێرن، بەرگەی هیچ ناگرم.

**لێکۆڵەری یەکەم:** (بەپیاوی سێیەم) بیبەن. (باشتر ددان بەقسەکانیدا ئـەنێت دەی هەر ئێستاکە بیبەن بۆ سارداوەکە با ئیتر قەیری عافێت بزانێت.

**دەروێـش:** (بەسـەر هـەردوو ئـەژنۆیدا دەکـەوێت‌و تائێسـتاش لای چاکەتەکـەی بەدەستەوەیە). گەورەم دەی بیکە بـۆ خـاتری یـەزدان (بەلێکۆڵـەری دووەم) گـەورەم تۆش بەزەییەکت بـەحاڵمدا بێتـەوە بـاوکم مـن ئـەوم، مـن پیاوەکـەم مـن دەروێـش عەبدولرەحمانم، سەرم لێتێکچووبوو، گەورەم هەر دڵە شێواوەکەم بوو کەڕایکێشامە ناو ئـەم نەگبەتییـەوە مـن ئەوکەسـەم کـەئێوە بـەدوایدا دەگـەڕێن، مـن دەروێشـم‌و دەروێش منم، ئەبم بەدەروێشەکەی‌تر ئەبم بەدوو دەروێش بەسیان‌و بەهەزار، بەچیتان بووێت ئەبم، لەوە زیاتر خۆتان هیلاك مەکەن گەورەکانم دڵنیابن کەئـەو منـم هیـچ جیاوازییەك لەئارادا نییە، بەبێ هیچ شك‌و گومانێك من ئـەوم‌و ئـەو، دەی گـەورەم لەوە زیاتر چیتان ئەوێت! کەوابوو کەمێك بەزەیی، بەچیتان ئەوێ‌و بـەکێتان ئـەوێ ئەبم.. خۆ ئەگەر چیرۆکەکەشتان ئەوێت چیرۆکەکە، وا ئێستاکە هەر هـەمووی بـەبێ کـەم‌و زیـاد ئەگێڕمـەوە هـەر لەسـەرەتاوەو نوختـە بەنوختـە تـا دواوشـەی ئەخەمـە بەردەستتان.

**لێکۆڵەری دووەم:** (بەبرادەرەکەی، هەروەك گیانی بەزەیی جووڵابێـت)! بـرادەر دیارە ئەمە پیاوێکی نەگبەتە. هەلێکی نادەیتێ، با بزانین ئەمجارەیان چی ئەبێت. با هەروەکو خۆت دەتگوت هەر ماوەیەکی کورتی بدەینێ، بەڵام زیاتر نا..!

**لێکۆڵـەری یەکـەم:** (بەتوندییـەوە) نـەخێر! چونکـە هیـچ سـوودێکی نییـە، بەدەست ئەمەوە تاقەت‌و حەوسەڵەم چوو، بیبەن.. دەی تا زووە بیبەن بۆ سارداوەکە.

**لێکۆڵەری دووەم:** با ئەم هەلەشی بدەینێ.

(دەروێش بەدەوری هەردووکیاندا ئەخولێتەوە)

**لێکۆڵەری یەکەم:** (لەبەردەرگاکەوە) نەخێر هیچ کەلکی نیە، ئەمە هەر کاتمان لەکیس ئەدات‌و هیچی‌تر.

**لێکۆڵەری دووەم:** (بەدەروێش) دەی ئێستا ئەڵێی چی؟ لێرە خەریک بین یان لەوێ؟ بەڵام بەڕاستی‌و بێ هیچ پێچ‌وپەنایەك.

**دەروێش:** گەورەم لێرە (بەپاڕانەوەوە) نا گەورەم پێی بڵێ پێویست بەوێ ناکات تو خوا کەمێ بەزەیی!

**لێکۆڵەری دووەم:** (هەروەك مژدەیەك بدات بەدەروێش) باشە دەی کەوابوو با بگەڕێینەوە سەر مەسەلەکە، بەڵام.

**دەروێش:** (خێرا بەدڵخۆشییەوە) ئەگەڕێینەوە..ئەگەڕێینەوە.

**لێکۆڵەری دووەم:** (بەدەنگێکی هێواشەوە). بەملاو ئەولاشدا لانادەین، (دەستێکی بۆ لای چەپ‌و ئەوی‌تری بۆ لای راست درێژ دەکات).

**دەروێش:** نا...نا گەورەم بەهیچ لایەکدا ناچین.

**لێکۆڵەری دووەم:** (دەنگی بەرز ئەکاتەوە) برادەر: کەوابوو با ئەم هەڵەشی بدەینێ. با نۆش لەسەر دەی بێت!

**لێکۆڵەری یەکەم:** ئەی ئەگەر راستییەکەی نەگوت..؟

**لێکۆڵەری دووەم:** (بەدەنگێکی نزم‌و بەدەروێش) گوێت لێیە دەروێش! ها ئەمجارە هەر پێچ‌وپەنایەك بکەیت. ئیتر خۆت ئەزانیت!؟

**دەروێش:** (بەهەمان دەنگ نزمییەوە) هەرچییەك تۆ بیڵێیت ئەیڵێم.

**لێکۆڵەری دووەم:** (بەسرپەیەك) لەعنەتت لێ بێ... دەبێژە هەر راستی ئەڵێم.

**دەروێش:** گەورەم هەروەك تۆ ئەیڵێیت، هەر راستی ئەڵێم... بەڵام.

**لێکۆڵەری دووەم:** بەڵام چی؟

**دەروێش:** گەورەم! بیکە بۆخاتری چاوی منداڵەکانت، بەڵکو جەنابیشت یارمەتییەکم بدەیت..

**لێکۆڵەری دووەم:** چی..؟؟

**دەروێش:** ئەگەر هەڵەیەك یان هەرشتێکی خراپم گوت، بەڵکو بۆم راست بکەیتەوە!

**لێکۆڵەری دووەم:** هەی بۆگەنی پیس، ئەی چاوت لێ نیە چۆن تکاو رجای لێ‌ئەکەم هەر بۆئەوەی کەمێك سەبرت لێبگرێ، ئیتر ئەم ناماقوڵییانە چییە!

**دەروێش:** چی ئەڵێیت وا ئەکەم، ئەبم بەئەڵقەلەگوێت.. دەی گەورەم تۆ پرسیار بکەو من وەڵامت بدەمەوە، بەڵام با پرسیارەکان ئاسایی‌و ئاسان بن، بەگوێم ئاشنابن، هەر شتی تازەی وایان تێدا نەبێت کەمن نەمبیستبێت، وا خۆم ئەزانم چۆن چاری ئەکەم‌و چۆن بەباشی وەڵام ئەدەمەوەو رازیتان ئەکەم!

**لێکۆڵەری دووەم:** (دەفتەرێکی بچووک لەگیرفانی دەرئەهێنێت) دەروێش!

**دەروێش:** (لەبەردەمیدا قوت ئەبێتەوە) بەڵێ گەورەم

**لێکۆڵەری دووەم:** ناوەکەت بەتەواوی..؟

**دەروێش:** دەروێش عەبدولڕەحمان.

**لێکۆڵەری دووەم:** ئیشت؟

**دەروێش:** بازرگان..

**لێکۆڵەری دووەم:** جێگەت؟

**دەروێش:** سەرشەقام خانووی ژمارە ١١٤-٦٠

**لێکۆڵەری دووەم:** ژنت هەیە؟

**دەروێش:** بەڵێ

**لێکۆڵەری دووەم:** چەند منداڵت هەیە؟

**دەروێش:** چوار

**لێکۆڵەری دووەم:** (هوشیاری ئەکاتەوە) چی؟ ئەڵێم چەند منداڵت هەیە؟

**دەروێش:** (هوشیار ئەبێتەوەو سەری ئەلەقێنێت) سیان.

**لێکۆڵەری دووەم:** یەکە یەکە ناوەکانیان بڵێ.

**دەروێش:** (بەراڕایی‌و دەنگێکی هێواشەوە دە گەورەم یارمەتیم بدەو خۆت ناوەکانیانم پێ بڵێ).

**لێکۆڵەری دووەم:** هەڤاڵ، هیوا، سەرکەوت.

**دەروێش:** (وەکو ئەو ئەیانلێتەوە) هەڤاڵ، هیوا، سەرکەوت

**لێکۆڵەری دووەم:** ئافەرین زۆر باشە، ئەلحەمدولیلا، مەسەلەی شوناسنامەکەی تەواو.

**دەروێش:** (هەناسەیەك هەڵئەکێشێ) شوکور بۆ خوای مەزن، گەورەم تەواومان کرد.

**لێکۆڵەری دووەم:** هێواش دەروێش جارێ دەستمان بەمەسەلەکە نەکردووە، تازە وا دەگەینە سەرەتا!

**دەروێش:** دەی گەورەم باقی ئەوانیتر ئاسانە، وشە بەوشـەیان لـەناو فایلەکـەدا نووسراون چی تێدایەو نووسراوە هەمووی وایە، هیچ پێویست بەوە ناکات عەزیەتی خۆتان بدەنەوە!

**لێکۆڵەری دووەم:** قەیناکە دەروێش ئەم ئەزیەتەش هـەر لەبـەرخاتری تۆیـە، بـۆ زیاتر دڵنیاییە، خۆ هەر بەکورتیش پێیدا دەچینەوە.

**دەروێش:** گەورەم تۆ چۆنت لا باشە با هەر وابکەین دەی بابیلێینەوە.

**لێکۆڵـەری دووەم:** لـێرەدا لەئیفادەکـەتدا گوتووتـە: تـۆ لـەرێکخراوێکی شۆڕشگێردا بوویت، بەتەواوەتیش ئەتزانی کەئامانجی رێکخراوەکە تێکدانی ئـارامو ئاسایشی نیشتمانەو بۆ رووخاندنی سستێمی وڵاتو بەمەبەستی حوکم زەوتکـردن بووە..

**دەروێش:** بەڵێ گەورەم..

**لێکۆڵەری دووەم:** بەبەکارهێنانی زۆری هێزو بەشۆڕش؟

**دەروێش:** (بەبێ بیرکردنەوە قسەکانی دووبارە ئەکاتەوە) بەبـەکارهێنانی زۆری هێزو بەشۆڕش.

**لێکۆڵەری دووەم:** بۆ لەناوبردنی ئەو یاساو دامودەزگایانەی کەگەل بەخواستو هەڵبژاردەی خۆی دایناون؟

**دەروێش:** بـۆ لـەناوبردنی ئـەو یاسـاو دامودەزگایانــەی کەگــەل بەخواســتو هەڵبژاردەی خۆی دایناون.

**لێکۆڵـەری دووەم:** خۆتــان ئامــادەکرد بــۆ هــاندانی کرێکــارو جووتیــارو رەشورووت بۆ خۆنواندنی چەکدارانە؟

**دەروێش:** بەڵێ پشت بەیەزدان ئەمانکرد..

**لێکۆڵەری دووەم:** (ئەنەرێنێت) چی..چی؟

**دەروێش:** (بەترسو لەرزەوە) گوتم پشـت بـەخوا ئـەمانکرد. بـۆ.. خـۆ غەڵـەتم نەکردووە! ئەی ئێوە ناتانەوێت من وابڵێم؟

**لێکۆڵەری دووەم:** (بەپەستیو رووگرژییەکەوە) خۆتان ئامادە کردبوو کەئاژاوە بنێنەوەو بەزۆری چـەك دەزگاکـانی دەوڵـەت زەوت بکـەن، خـۆ ئەگـەر پێویسـتیش بووایە، بێگومـانە پێویستیش هەر ئەبوو، هەرکەسێك بهاتایەتە سەر رێگـەتان یـان لەگەڵتان نەبووایە ئەتانکوشت؟

**دەروێش:** بەڵێ... بەڵێ ئەمانکوشت

**لێکۆڵەری دووەم:** کێتان ئەکوشت؟

**دەروێش:** (بەشڵەژاوییەوە) خوا ئەیزانێ گەورەم.. میری، کاربەدەستان، خەڵك هەمووکەسێك!

**لێکۆڵەری یەکەم:** (هاوار ئەکات) کورە هەی گەوجە، چۆن هەمووکەس؟

**دەروێش:** (بەشێواوییەوە) ئەی چی بڵێم؟ ئەو لێی پرسیم ئەتانکوشتن، منیش گوتم ئەمانکوشتن.

(بەدوودڵییەوە) گەورەم راستییەکە هەر ئەوەیە کە لەناو فایلەکەدا نووسراوە!! خۆ ئەگەر هەڵەیەکیشم کرد، وا فایلەکە راستی ئەکاتەوە!

**لێکۆڵەری دووەم:** (ئەیەوێت لەباری کرژی ئەو هەڵوێستە رزگاریان بێت) باشە دەی ئێستا باسی دەوری خۆت لەپیلانەکەدا بکە!

**دەروێش:** دەوری من؟

**لێکۆڵەری دووەم:** (بەئۆف هەڵکێشانەوە) ئەی گوایە دەوری کێ؟ دەوری باوکم دەی قسە بکە!

**دەروێش:** (وەك هەوڵی وەبیرهاتنەوە بدات خەمو هیلاکیو بێورەیی هەموو رووخساری ئەگرێتەوە، سەروقژی ئەخورێنی) گەورەم لەفایلەکەدا نووسراوە، ئەو چۆن ئەڵێت هەر وایە.

**لێکۆڵەری یەکەم:** (لێی نزیك ئەبێتەوە) ئاخر هەی ئەقڵ سز چەندجارم پێ‌گوتیت کەئێمە ئەمانەوێت لەدەمی خۆتەوە راستییەکان بزانین نەك لەفایلەکەوە.

**دەروێش:** (بەسڵەمینەوە) گەورەم یەعنی لەوەش زیاتر لەفایلەکەدا نووسراوە؟

**لێکۆڵەری یەکەم:** دەروێش، با واز لەفایلەکە بهێنین، بیرمەکەرەوە لەوەی لەوێدا نووسراوە.

**دەروێش:** ئەی هاوار، ئاخر گەورەم چۆن ئەبێت! ئاخر مەسەلەکە خۆی بێ‌کەموزیادو هەر چۆن رووی داوە، ئاوا لەفایلەکەدا نووسراوە.

**لێکۆڵەری یەکەم:** (بەتورەبوونەوە) من پێت ئەڵێم بیر لەوانە مەکەرەوە لەقسەکەم ناگەیت؟

**دەروێش:** یەعنی گەورەم ئەمەیان شتێکی تازەیە، ئیتر مەسەلەی فایلکە تەواوبوو ئەچینە ناو کێشەیەکیترەوە؟!

**لێکۆڵەری یەکەم:** کورە تۆ گەوجیت، کەریت، شێتیت بۆچی تێناگەیت، خۆ ئێمە بەتورکی قسە ناکەین.

**دەروێش:** (هیلاکی کەنەفتو پەرێشانی کردووەو خەریکە زیاتر بێ‌ورە ئەبێت‌و پەکی ئەکەوێ هەروەك تۆقاو)

گەورەم بۆچی جگە لەمن‌و ئەوی‌تر دەروێشێکی‌تریش هەیە؟ ئەویش لەپیلانەکەدایە؟

(سەرنجی هەڵچوونی لێکۆڵەرەوەکان ئەدات) گەورەم! تکات لێ‌ئەکەم تووڕە مەبە، تەنیا ئەمەوێ لەوە بگەم کەئایا دەروێشی سێیەمیش هەیە یان نە؟

**لێکۆڵەری دووەم:** دەروێش، ئاخر قەولمان ئەوە نەبوو کەڕاستی بڵێیت!؟ وا جارێکی‌تریش گەڕایتەوە سەر تەڵەکەبازی‌و ساختەچێتییەکانت! سارداوەکەت لەبیرە یان لەبیرت چۆتەوە؟ (باش ددان بەوشەکاندا ئەنێت) ئێمە ئەمانەوێت چیرۆکی پیلانەکەمان بۆ باس بکەیت، باسی دەوری خۆتمان بۆ بکەیت، دەوری یەکەیەکەی ئەوانی‌تر روون بکەیتەوە، کەوابوو هەر خۆت سەرپشك بە، ئەمیان یان سارداوەکە؟

**دەروێش:** ئاخر گەورەو بەڕێزەکانم، بۆچی سارداو!، هەر کەئێوە ناوی سارداوەکە ئەهێنن من هەردوو ئەژنۆم ئەشکێ‌و ورەم لەبەر ئەبڕێ.. دەی کەمێك سەبرم لێ‌بگرن با بۆم روون بێتەوەو بزانم ئایا دەروێشی سێیەم لەئارادایە؟ خۆ ئەگەر ئەویش هەبێت، وا هەر خوا بۆ خۆی ئەیزانێ کێشەکە چەند ئاڵۆزتر ئەبێت! هەر دەبێت بەهێلانەی جاڵجاڵۆکەو ئیتر مەحاڵە سەرم لەهیچ دەربچێت..! بگرە هەر تەواو ئەم فەوتێنێت، حاڵی حازر من چوومەتە پێستی ئەوی‌ترەوەو کارەکە کۆتایی هاتووە، بەڵام پەیدابوون‌و دۆزینەوەی زەلامی سێیەم هەر تەواو کارەکە ئاڵۆزتر دەکات‌و هێندەی‌تر سەرم لێ‌ئەشێوێنێت.. یەعنی ئەبێت سەرلەنوێ‌و لەسەرەتاوە دەست پێبکەینەوە: ناوی، ماڵی، ژن‌و منداڵەکانی ئیشی، پیلانەکەو دەوری..! بەخوا ئەوانە بەمن هەر حەل ناکرێن.. دە خوایە گیان ئاخر بۆچی هەر دەروێشەکان بەم کێشەیەوە بەستراونەتەوە..!

لەکاتێکدا ئەم جیهانە بەرین‌و فراوانە پڕێتی لەخەڵك، ئەی بۆچی ئەبێت هەر بەتەنها دەروێشەکان هەڵگری تۆوی تاوان‌و مەترسی‌و پیلان بن..؟ تێیی ناگەم.

**لێکۆڵەری دووەم:** (لەتووڕەبووندا جێگە بەخۆی ناگرێت) بەسە بەس، دەمت داخەو لەوە زیاتر خۆت لەباسەکە مەدزەرەوە!

**دەروێش:** (بەترسێکەوە) بەڵێ باش گەورەم، با هەر لەسەر باسەکە بەردەوام بین، ئەبێ لەم باسەدا بگەینە ئەنجام‌و بنبڕی بکەین، چارمان بێچارەیەو هەر ئەبێ وا بکەین، ئەی ئەگەر یەکێکیان تاوان نەکات ئیتر چۆن بێ‌تاوانمان بۆ دەرئەکەوێت!

دەروێش عەبدولڕەحمان بەرامبەر ئارام‌و ئاسایشی گشتی تاوانبارە... ڕەنگە دەروێشێکی‌تر بووبێت، ڕەنگە من بووبم لەوانەشە دەروێشی سێیەم بووبێت، خۆ من تێئەگەم گەورەم ئەشزانم ئەگەر یەکێك بەردێکی هاویشتە ناو دەریایەکەوە ئیتر ئەوە چوارگۆشەی جیهان ئەهێنێتە گرمەو لەرزین، خۆ لەڕاستیشدا هەر ئەوە رووی داوە.. دەروێشێك هات‌و بەردێکی تورِ دا، ئیتر ئەبێت لەشی هەموو دەروێشە داماوەکانی ئەم جیهانە بێتە لەرزین‌و گرمەو دەنگدانەوە، بەندەش یەکێکە لەو دەروێشانەو ئەبێت لەناو ئەو دەنگدانەوەیەدا بلەرزێت، تاوانەکە تاوانی هەموو دەروێشەکانە، هەقی خۆیەتی بەهۆی منی دەروێشەوە تووشی جۆرەها ئازارو ئەشکەنجەو چەرمەسەری بن.

**لێکۆڵەری یەکەم:** (بەخێرایی بەرەو رووی ئەرِوات‌و شانی رائەوەشێنێ) ئەی چۆن! بەسەری باوکت ئەبێ تۆو ئەوانی‌تریش بەدەردێك بەرین ژەهراوتان پێبێنینەوە هەی تەڵەکەبازی پیلانگێرِی چەپەڵ! ئەبێ وات لێ‌بکەین ئەودنیا بەچاوی خۆت ببینی.. ئەبێ هەر رۆژەو پارچەیەکت لێ‌بکەینەوە.

**دەروێش:** گەورەم..گەورەم

**لێکۆڵەری یەکەم:** بەسە..بەس، ئیتر تەواو، گوێت لێناگیرێت، نامانەوێت گوێمان لەیەك وشەش بێت!

**دەروێش:** (لەبەینی دەستیایەو هەموو گیانی ئەلەرزێ) گەورەم، ئەی ئێوە یەکێکتان لەوان ناوێت؟! دە من ئەوم ئەو.. دەی بەپێی تاوانەکەم سزام بدەن! بەپێی ئەوەی لەفایەکەمدا نووسراوە سزام بدەن! دەی بمکوژن‌و بابرِێتەوە.

**لێکۆڵەری یەکەم:** نا..نا. هەروا بەئاسانی نامریت، ئەتەوێ هەروا ئاسان بمریت‌و لەدەستمان سەرفراز بیت! دەیسا ئەوە بزانە نەك هەر رۆژە جارێك ئەتکوژین‌و زیندووت ئەکەینەوە، بەڵکو هەموو سات‌و دەقیقەیەك کەرِەتێك ئەمریت‌و گیانت بەبەردا ئەهێنینەوە! (هاوار ئەکات دەی بیبەن نەیەڵن چیتر ئیسراحەت بکات).

**دەروێش:** (بەسەر زەویدا ئەکەوێت‌و هەردوو ئەژنۆی لێکۆڵەر ئەگرێت) گەورەم مەیەڵە، توانام نەماوە بەرگە ناگرم، بەزەییەکتان بەم تەرمەدا بێتەوە..ئەبم ...ئەبم بەدەروێش‌و بەدەروێش‌و بەدەروێش چۆنتان ئەوێ تادوالاپەرەکانی فایلەکانتان پرِبکەن، تاوان لەدوای تاوان بهۆننەوەو دایبرِێژن‌و تۆماریان بکەن، ئەبم بەدەروێش بەبازرگان، بەکرێکار بەشۆرِشگێر، بەهەر گیانلەبەرێکی عەنتیکەتان ئەرێت ئەبم...

فایلی تاوانم بکەنــەوەو ئــەوەی بــەبیری مرۆڤیشــدا نایــەت بینووســن و بیخوێننــەوە، لەتاوان و خراپەدا نوقمم بکەن، بەهەمووشتێك رازیم، دەی بمکەن بەپەندو نموونە بــۆ هەمــوو خەڵك، لەهەر لاپەڕەیەکی فایلەکەدا کەمنی پێدا هەڵواسراوە، چــی لەســەر رەش دەکەنــەوە بیکــەن، هــەر ژمــارەو نــاوو رووداوو مێــژوو و تــــاوانێك ئەنووســـن بینووسن.. تێکەڵی هەموو شایەت و تاوان و رووداوەکانم بکــەن، بەهــەمووی رازیــم و مەهێڵن بمبەنەوە، نامەویّ جارێکی‌تر چاوم بەسارداوەکە بکەوێتەوە.

**لێکۆڵەری یەکــەم:** (خــێرا خــێرا لەقــە بەدەروێشــدا دەمــاڵێت) خــۆت پــەڕەی تاوانباریت پڕ بکەرەوە، بەدەمی خۆت و لەدەمی خۆتــەوە (لەســەر لەقــەپێداماڵینی بەردەوامە) ئێمە راستیمان ئەوێت راستی بەپوختــەکراوی و بــێ پێچ‌وپــەناو لــەزاری خۆتەوە!.

**دەروێش:** دەی گەورەم منیش هەر وێڵی ئەو راستییە پوختەکراوەم، تا ئەوپــەڕی جیهان بەدوایدا رائەکەم، خۆم بۆتانی دەهێنم، هەر لەبەر ئێوە ئــەیگرم بەکۆڵــمەوەو هەمــوو کوچەو کەلەبــەری وڵاتــانی پــێ تــەی ئەکــەم و پڕبــەدەم هــاوار ئەکــەم: منــم راستی، منم راستی دەبۆم بێنن و بارمکەن لێی، با بیخەنە ناو مێشــك و دڵ و ســەر زمــانم، تا دواهەناسەم ئــەیڵێم و ئەیڵێمــەوە دەی گــەورەکانم پێــم بڵێــن کــوا راســتی؟ بیکەنە رایی خوا، پێم بڵێن راستی لەکوێیە؟ لەکوێیە راستی...!؟

ئەگەر بیلبیلەی چاویشم بێت شەرتە بۆتان دەربهێنم و پێشکەشتانی بکەم.

**لێکۆڵەری یەکەم:** (هاوار ئەکا) راستییەکەم لەتۆ ئەوێت لەتۆ، لای تــۆ خــۆی حەشاردراوە، راستی پیلانەکە لای تۆیە تۆ، دەی بیڵــێ وەکــو خــۆی و بــەدووورودرێژی چۆن بووە وام ئەوێت (لەقەی پێــدا ئەکێشــێت) دەی بــەرێکوپێکی، بــەدووورودرێژی چۆن بووەو چۆن رووی داوە بۆمــان باس بکە، بەتەواوی بەبێ‌نوقسانی، تێگەیشتیت؟

**دەروێــش:** (ســەیری هــەردوو لێکۆڵــەرو قــامچی بەدەســت ئــەکات و بــەچاوی رێشکەوپێشــکاوی و بــەنائومێدی و پەســتی و شــەکەتییەکی زۆرەوە) بــەدووورودرێژی باسی پیلانەکەتان لەمن دەوێت، ئەتانــەوێ وشەبەوشــە چــۆن بــووە هــەروەکو خــۆی لەدەمی منەوە بیبیستن..!

**لێکۆڵــەری یەکــەم:** (بــەتورەبوون و هەڕەشــەوە) ئــا..ئــا هــــەر لەســــەرەتاوە تــــا دواییەکەی و لەدەمی خۆتەوە چۆن بووە، ئاوامــان ئەوێت!

**دەروێش:** (خۆی کۆئەکاتەوە، هەردوو باڵی راست و چەپی لەسەر ســنگی تونــد کردووە) لەسەرەتاوە تا دوایی؟

**لێكۆڵەری یەكەم:** هەر لەیەكەم وشەوە تا دواوشەی.

**دەروێش:** (چاوی لەنێوانیاندا دەهێنێ‌و دەبا) بەڵێ باشە هەر ئێستاكە هەمووی بەیەكجار دەڵێم.

**لێكۆڵەری دووەم:** (بەخۆشییەوە) ئادەی كاكە دەروێش! دەی خێراكەو دەستی پێبكە، دەی خێراكەو خۆت رزگاركە، هەر بەو گوتنە گیان‌و لەش‌و هۆش‌و گۆشت، سەرفراز ئەكەیت.

**دەروێش:** (بەدەنگێكی هێمن‌و لەسەرخۆ، هەروەك بڕیارێكی شاراوەو بێ‌هیوا لەمێشكیدا دەرپەڕێنێ‌و سووریشە لەسەر دركاندنی) كەوابوو گوێم لێبگرن گەورەكان، سەرەتا پیاوێكی هەژارو بێوەی بووم، لەخۆم زیاتر نەم‌ئەزانی چی‌تر هەیە، هەستم بەوە نەئەكرد كەچی دەوری داوم. وام ئەزانی ئەم جیهانە هەر تەنها شوێنێكەو تێیدا ئەژیم، هەموو جیهانم خۆش ئەویست، هەر تەنها لەبەرئەوەی تێیدا ئەژیام، بەدەر لەوە ئەم دنیایە هیچ مانایەكی‌تری بۆ من نەبوو نەئەو رازەكانی منی هەڵئەگرت‌و نەمنیش دەربەستی رازەكانی ئەوبووم، ئەو بەئارەزووی خۆی ئەجووڵاو منیش لەگەڵ رازونیازی خۆمدا مێشێش میوانم نەبوو، تنۆكێك بووم لەدەریایەك، گەورەم هەر لەیەك تنۆك زیاتر نەبووم، چۆنم بویستایە ئاوا ئەژیام‌و وا ئەخوارد، ئەم جیهانە شوێنێكی پان‌وبەرینەو هەتا بڵێی فراوانە، بەڵام پڕە لەناكۆكی‌و پێكادان لەناو خەم‌و چەرمەسەرییەكانا ون‌بووە، بەڵام من خۆم خزاندبووە ناو ژیانی نازو نیعمەتەوە، خۆشگوزەران‌و بەختەوەر لەناو ئیش‌وكاری خۆمدا ئەژیام ئەگەر تۆفانیش هەڵبستایە وام‌ئەزانی هیچ رووی نەداوە. ئەم جیهانە هەمووی شەڕو خراپەیە زەوییەكی پڕ لەمین‌و دینەمێتە، هەمووی داوو تەڵەیەو ئەیەوێت تووشت بكات‌و لەناو داوەكانیدا حەشارت بدات. جیهان شەیتانێكی جانەوەرە، ملیۆنەها رۆڵەی لەسۆزو دەروونی پڕ لەبەختی خۆیان بێ‌بەشكردووەو گیرۆدەی داوو خەمەكانی خۆی كردوون، بەڵام من وشیار بووم‌و ئاگاداری خۆم بووم، ئەمزانی چۆن خۆم لەو داوانە لابدەم، چۆن هەنگاوبنێم.

**لێكۆڵەری یەكەم:** (سەبری لەبەر هەڵئەگیرێ‌و قسەكانی پێ‌ئەبڕێت) كوڕە ئەو جیهانە شەیتانەی تۆ بۆ دۆزەخ هەی گێلە، من چیمە بەسەر ئەو قسە هەلەق‌ومەلەقانەی تۆوە، من تەنها باسی پیلانەكەم ئەوێ پیلان، تەنها باسی خودی پیلانەكەم بۆ بكەو چەنەبازی‌ترم ناوێت..

**دەروێش:** (بەهەمان دەنگو بەهەمان سووربوونەوە) ئاخر گەورەم خۆ منیش هەر باسی خودی پیلانەکەت بۆ ئەکەم، ئەی خۆت نالێی وشەبەوشەو بەدووروودرێژی، گەورەم ئاخر جیهان خۆی پیلانە هەر جیهان خۆی پیلانەکەی لێکردمو تووشی ئەم داوەی خۆی کردم.

**لێکۆڵەری یەکەم:** چۆن چۆنی تووشی کردیت، چۆن؟

**دەروێش:** رایکێشام.. بۆلای خۆی کێشی کردم کردمی بەمێردو بەباوك، رابردوو و ئێستاو پاشەڕۆژی بۆم دەستنیشان کرد چۆنی گەرەك بوو هەر وای کرد، ئەم جیهانە پۆخڵە بەربینی گرتم، رایکێشامو رایکێشام تا بمکات بەبەشێك لەخۆیو ببم بەبەشێك لێی. شڵەقاندمیو هەژاندمی تا تێکەڵی یەکێکیتری کردم، ناوو شوناسنامەو ماڵو منداڵو شوێنو شارو وڵاتی خۆمی لێم زەوتکردو هی نوێو نامۆیان بەسەرمدا سەپاندو کرام بەلێپرسراویان.

**لێکۆڵەری یەکەم:** (وا توڕە بووە خەریکە لەپێستەکەی خۆی ئەچێتە دەرێ).. باشە باشە! ئەی پیلانەکە خۆی چی لێهات..؟ دەی باسی پیلانەکەمان بۆ بکە.. پیلانەکە!

**دەروێش:** (بەدەنگێکی ساردوسڕەوە) جیهان خۆی پیلانەکەیە!

**لێکۆڵەری یەکەم:** (هەروەکو شێتی لێهاتووە هاوار ئەکات) چی چی؟ ئەوە گاڵتەم پێدەکەیت؟ من پرسیاری پیلانەکەت لیئەکەم.. پیلان!

**دەروێش:** (ئەمیش هاوار ئەکات) منیش عەرزم کردی کەجیهان خۆی پیلانەکەیە.

**لێکۆڵەری یەکەم:** (بەهەڵچوونێکی شێتانەوە روو لەجەماوەر دەکات) دەی خوای ئەرزو ئاسمان! ئەرێ خەڵکینە کەستان لەژیانتاندا شتی وای بیستووە جیهان پیلان بێت؟ خاوەن پیلانەکەش هەژارو بەسەزمانەو ئاگاداری هیچ نییە. (رووی تێئەکات) هاااا تۆ خۆت هیچ نیت.. هاااا تۆ خۆت زۆر بێتاوانیت (بەرەوڕووی ئەرواتو دەروێشیش بەخۆخشاندنەوە خۆی دوورئەخاتەوە) دەدەی بلێ! جیهان پیلانەکەیەو بەڵام خۆت..خۆت ئەو شەیتانە بۆگەنەی کە لەژێر پێستی دەروێشدا خۆت مەڵاس داوە، تۆ هیچ نیتو ئاگاداری هیچ شتێکیش نەبوویت. نا..نا ئەم لەگوێی گادا نوستووەو هێشتا بەخەبەر نەهاتۆتەوە! (دەروێش بەر لیکۆڵەری دووەم ئەکەوێت کاتێك ئەم قاچی هەڵئەبڕێتو ئەیخاتە سەر شانی دەروێش) باشە باش.. ئێستا خۆت ئەزانیت چیت لێئەکەم.. ئەوە نەوەد دانە رۆژە تۆ وەك منداڵ یاری

بەئێمە ئەکەیت لەسەرئەنجامی ئەو هەموو هیلاکیو ماندووبوونەمان وا ئێستا راستییەکەمان بەوجۆرە پێئەڵێیت (لەسەر پشتی دەروێش ئەوەستێ) ها ئەمەیە راستییەکەت، جیهان پیلانەکەیە، جیهان خۆی بوو بەپیلانگێڕو یاخیبوو، بەرگی رەشورووتو خائینی لەبەرکردو ئەو خەڵکەی تووشی فەلاکەت کرد، ئینجا خۆی بۆ دڵسۆزانو بۆ دەوڵەت نایەوە. ئێی حەمەدەرویش ئێستا جیهان پیلانەکەیە. خۆشت بێئاگایت لەهەموو شتێك نازانی چی بووەو چی رووی داوە. دەی باشە کەوابوو هەر ئێستا ئەم جیهانە ئەهێنینە گیروگازو هەر خۆمان ئەزانین چۆن راستییەکە لەناو مۆخیدا هەڵئەهێنجین، هەر ئێستاکە جیهان بۆ سارداوەکە کێش ئەکەینو ئەیخەینە بەردەم ئامرازەکان، ئەیکەینە میوانیان تا بەکەماڵی ئیسراحەت لەشی لەئێشو ئازار تێروتەسەل بکەن، تا دەنگی ناڵەو هاواری ژێر ئەشکەنجە، ئاسمان پڕ بکەن، (خۆی ئەنوشتێنێتەوەو شانی دەروێش رائەکیشێت) ئەمەتا! ئائەوەتا، وا ئەو جیهانەمان بەتاوانەوە گرت، هەر ئێستا دەبرێتە سارداوەکەو لەوێ لەگەڵی ئەکەوینە گفتوگۆ (رایئەکێشێ) دەی وەرە ئەی جیهانی پیلانگێڕ با کەمێك لەنێوان چوار دیوای سارداوەکەدا قسەی خۆش بکەین (دەروێش خۆی رائەپسکێنێ تا خۆی بەربدات، بەڵام بێسوودە) وا ئێستا جیهان کەوتە ناو داوەکەوە، تازە رزگاربوونی بۆ نییە، (رایئەکێشێو دەروێش خۆی گیرئەکات دەی رایکێشن.رایکێشن (هەرسێ زەلامەکە دەروێش بەخۆیانەوە جووت ئەکەن).

**لێکۆڵەری یەکەم:** (دەستی لێبەرئەداو بۆ ئەوانیتری بەجێدەهێڵێ) رایکێشن بەرەو سارداوەکە، بیکەن بەمیوانی ئامرازەکان.

**دەروێش:** (هاوار ئەکات) بەخوا راستیم گوتووە، بەچیتان بڕوایە راستییەکەم گوتووە!

**لێکۆڵەری یەکەم:** (بەگاڵتەپێکردنەوە) ئێی ئێمەش بڕوامان بەتۆ کرد، ئەی پیلانەکە جیهان نییە!؟

**دەروێش:** (دوو زەلامەکە دەروێش رائەکیشن بۆ دەرەوە، ئەویش هاوار ئەکات) بەڵێ وایە جیهان پیلانەکەیە بەو خوایەی هەموومانی دروستکردووە جیهان پیلانەکەیە.. جیهان پیلانەکەیە.

# پەردەی دووەم

(پەردە لەسەر هەمان دیمەن هەڵئەدرێتەوە، لەکونەکەی سەر دیوارەکەوە رەنگی پەمەیی تۆخی ئاسمانی ساتەکانی رۆژئاوابوونی لێوە دیارەو دەری ئەخات کەئێوارەوەختێکی درەنگە، دەروێش لەسەر پشت خەوی لێکەوتووە، لەلای راستی شانۆکەشەوە، ژنێك بانگی دەروێش ئەکاتو ناوەکەی ئەڵێتو ئەیلێتەوە، دەروێش ئەکەوێتە جووڵەجووڵ، بانگکردنەکەش هەر بەردەوامە، دەروێش لەسەر جێگەکەی خۆیەوە وەڵامی ئەداتەوە).

(لەوکاتانەشدا رووناکی بەجۆرێك بەکار ئەهێنرێت کە وابزانرێت دیمەنەکان هی کاتی خەوبینینن).

**دەنگی ژنێك:** (لەلای راستی شانۆکەوە): دەروێش!

**دەروێش:** (جووڵەجووڵێك ئەکات)

**دەنگەکە:** (بەناسکی): دەروێش! دەروێش!

**دەروێش:** (ئاوڕ بۆ لای راست ئەداتەوە، بەڵام هیچ نابینێت. وا باشە کەرووناکییەکە یەکسەر ئاراستەی دەروێش بکرێتو دوای جووڵەو هاتوچوونی بکەوێت).(دەروێشیش وەك لەبەرخۆیەوەو لەگەڵ خۆی بپەیڤێ) خوایە گیان! دەنگێکم گوێ لێیە (بەدەوری خۆیدا ئەخولێتەوە) دەنگێکم گوێ لێیە، (ئاوڕ بۆ لای چەپ ئەداتەوە) دەنگێکم گوێ لێیەو کەسیش نابینم.

**دەنگەکە:** (بەپاڕانەوەوە): دەروێش!

**دەروێش:** بڕۆ دەنگەکە.. بڕۆو وازم لێبهێنە!

**دەنگەکە:** دەروێش! ئەوە من شیرینم.. شیرین!

**دەروێش:** (ئەبلەق ئەبێتو بەحەپەساویو سەرسووڕمانەوە) شیرین!

**دەنگەکە:** بەڵێ! شیرینی ژنت.

**دەروێش:** (رووخساری گرژومۆن ئەبێتو ئەیەوێ خۆی لەمەبەستی خاوەن دەنگەکە رزگار بکات) ئەرێ تۆ لەکوێوە دەنگت دێت؟ لەکام جیهانەوە هاتوویت؟! تکات لێئەکەم ئەی فریشتەی ئاسمان، بڕۆو بەرۆکم بەردە.

**دەنگەکە:** دەروێش ئەوە ئەڵێیت چی من زۆر دەمێکە چاوەڕوانم، خۆشەویستیتو تەنها خۆشەویستیت بۆ ئێرە رایکێشاوم.

**دەروێش:** خۆشەویستی چی؟ ئەی هاوار من دڵم بیابانێکی چۆڵەو جێگەی خۆشەویستی تێدا نەماوە.

**دەنگەکە :** مێردە خۆشەویستەکەم ئەوە ڕۆژانی دێرینت لەبیر کردووە کەتێیاندا دڵەکەت مێرغوزاری خۆشەویستیم بوو!

**دەروێش :** (ئاوڕ ئەداتەوە) بەڵکو هەر چۆڵەوانییەکی وەحشەتناکە، بیابانێکی چۆڵ‌وهۆڵە، خۆرێکی تێدا ئەسووتێت گیانلەبەر ئەپرووکێنێت.

**دەنگەکە :** دەتۆ بڕوانە من، هەر سەرنجێکی رووخسارم بدە، دەرێگەم بدە بەبیابانی چاوە گەش‌و دڵە چۆڵ‌وهۆڵەکەت بگەم.

**دەروێش :** بڕۆ دوورکەوە لێم ئەی فریشتەی ئاوارە، من نەتۆ ئەناسم‌و نەئەزانم تۆ مەبەستت کێیە.

**دەنگەکە :** دەروێش من شیرینم...شیرین، مەبەستم تۆیە ئەی خۆشەویستە دێرینەکەم.

**دەروێش :** بڕۆ ئاوارەی شوێنێکی‌تر بە بەدوای خۆشەویستەکەتدا.

**دەنگەکە :** ئاخر تۆی خۆشەویستەکەم.

**دەروێش :** تۆ بەهەڵەدا چوویت، من ئەو نیم، لەئەمڕۆ بەدواوە من ئەو نیم، خۆ بۆ سبەینێش ئەوە هەر خوا ئەمێنێ‌و مولکی، بڕۆ سبەینێ وەرەوە، سبەینێ.

**دەنگەکە :** (بەپاڕانەوەو سووربوون لەسەر قسەکانی) ئای دەروێش..! ئای دەروێش خۆزگە ئەتزانی چۆن ئارامم لەبەر براوە... پیاوە ئازیزەکەم! ئەوە نەوەد دانە شەوی رەبەقە من ژەهراو ئەنۆشم‌و ئۆقرەم لەبەر براوەو نازانم چۆن رۆژم لێ‌ئەبێتەوە، لەدەریای بێ‌بندا وێڵ‌و ئاوارەی تۆم، تا ورەم تێدا مابوو زۆرانبازیم لەگەڵ خۆشەویستیدا کرد، سەرەنجام بەسەرما زاڵ بوو (بەسۆزو پەژارەوە ئەیڵێتەوە) خۆشەویستی بەسەرما زاڵ بوو... خۆشەویستی بەسەرما زاڵ بوو.

**دەروێش :** ( تەواو بێ‌ئۆقرەو ماخۆلانی پێئەکەوێت‌و نازانێت چۆن مامەڵەی بیرو هەستەکانی بکات، لەبەر خۆیەوە قسە ئەکات) نازانم سازو ئاوازی ئەم ژنە لەکوێوە دێت‌و دەریای ئارامیم ئەشڵەقێنێ؟ ئەرێ ئەبێ ئەم ژنە کێ بێت؟ بۆچی ئەم شیوەنە ئەکات؟ (دەنگی هەڵئەبڕێت) ئەرێ ژنە ئاوارەکە تۆ چیتە بەسەر منەوەو؟ بۆچی بەرۆکم بەرنادەیت؟ بڕۆ لەمەڵبەندێکی‌تر وێڵی پیاوە ونبووەکەت بە، من تۆ هەر ناناسم.

(سەیری دەورووپشتی خۆی ئەکات، دەنگی زیاتر بەرز ئەکاتەوە، وەکو بیەوێت خەڵکی‌تر گوێیان لێی بێت): فریشتەکەی ئاسمان! پێویست بەم شیوەن‌و گریانە ناکات! رێگەی خۆت بدۆزەرەوەو بەرۆکی من بەربدە...

**دەنگەکە:** (ئێستا شیرینی ژنی لەلای راستی شانۆکەوە لەناو رووناکییەکەدا بەجوانی دەرئەکەوێ) دەروێش سەیرم کە سەیرم بکە، من ژنەکەتم شیرین، من شیرینی ژنتم.. شیرین.

**دەروێش:** (سەیری ناکاتو بەدەنگێکی بەرز قسەی لەگەڵ ئەکات) من هیچ کەسێك بەناوێکی واوە ناناسم، ژنەکەی من ناوی نەسرینە.

**شیرین:** دەروێش! ئەوە حاشام لێئەکەیت؟

**دەروێش:** ئاخر ئافرەتەکە! من ئەڵێم ژنی من ناوی نەسرینە... نەسرین (بەدەنگێکی نزم) دەبڕۆ ! بڕۆ چارێکی خۆت بکە، تازووە فریای خۆت بکەوەو خۆت دەرباز بکە...

**شیرین:** (گوێ ناداتە نزمی دەنگەکە) نا...نا دەربازبوونی چی... ئەمە جێگەمە تا مێردەکەی خۆمم چنگ ئەکەوێتەوە، هەر تۆش مێردەکەی منی تۆ، چارەنووسەکەم هەر بەتۆوە بەستراوە...

**دەروێش:** (بەهەمان دەنگی نزمەوە) بیکە بۆخاتری خواو منداڵەکانت بڕۆ بەرۆکم بەردە! ئەوە تۆ نابینی حاڵی من چۆنە؟ هەر ئێستا لەساردادوەکە هێنراومەتە دەرێ. لەوێ سەرجەم رابردووی ژیانم لەخۆم تەکاندو تورِم دا!. تۆش ئافرەتەکە بڕۆ بەرێگەی خۆتەوە، بڕۆ فریای خۆت بکەوە تا پەلاماری تارماییەکەتیان نەداوەو راپێچی سارداوەکەیان نەکردوویت.. تازووە فریای خۆت بکەوەو ئەم ناوە بەجێبهێڵە.

**شیرین:** ئەوە تۆ ئەڵێیت چی! سا بەخوا بەخوا لەگەڵ تۆ نەبێت هەنگاوێك نانێم.

**دەروێش:** (بەئەبڵەقبوونەوە) لەگەڵ من؟ بۆ کوێ؟

**شیرین:** بەڵێ لەگەڵ تۆو بۆ لای ماڵو منداڵەکانت.

**دەروێش:** ئەی ئەوانیتر چی لێبکەم...! ئەی ئەگەر هاتنو داوایان کردم چارم چییەو وەڵامم چی بێت؟

**شیرین:** من چیمە بەسەر خەڵکیترەوە، با هەریەکە دوای هەقی خۆی بکەوێت، هەقی منیش تۆیتو تۆیش هەر هی منیت.. من.

**دەروێش:** (ئەیەوێت وریای بکاتەوە) کچێ بەسەو دەنگت نزم بکە نزم، بەخوا هەموو نهێنییەك ئەزانن، تەنانەت رازو نیازەکانی ناو دڵیش ئەزانن.

**شیرین:** (گوێ ناداتە دەروێش) من چیمە بەسەر ئەوەوە! چی ئەزانن با بیزانن، ئەوە بەلای منەوە هیچ گرنگ نییە، من ئەمەوێ هەموو رازو نیازەکانی ناو دڵو دەروونیشم بزانن، ئەمەوێ لەهەموو نهێنییەکان ئاگاداربن.

(هاوار ئەکات) ئا..ئا من وام ئەوێت، من مێردەکەی خۆمم ئەوێتەوە، من دەروێشم ئەوێتەوە..

**دەروێش:** (بەرەو ئەو خۆی کێش ئەکات) کچێ دەستم دامێنتو بەسرپە قسە بکە!

**شیرین:** (بەهەرەشەوە) دەی پێم بڵێ ئێستاکە لەگەڵم دێیت؟

**دەروێش:** ئافرەت! کارەکە لەدەست خۆمدا نەماوە، دڵنیابە توانای هیچم نەماوە، تازە من بووم بەمەحاڵ بۆ تۆ.

**شیرین:** ئەوە بۆچی بەناوی خۆمەوە بانگم ناکەیتو پێم دەڵێیت ئافرەت!

**دەروێش:** ئۆفف لەم نەگبەتییە، کچێ ئاخر ناتوانم نا، بەڵکو من تۆم هەر لەبیر چۆتەوەو ناشزانم تۆ کێیت.

**شیرین:** هەر ئاوا دەروێش! ئاوا ئاسان لەبیر چووینەوە؟

**دەروێش:** (بەئاخوداخێکی زۆرەوە سەری بۆ ئەلەقێنێ) نا.. نا ئاسان نەبوو، زۆر ستەم بوو زۆر.

**شیرین:** (لێی نزیك ئەبێتەوە، دە تۆ رێگەم پێبدە باسەیرێکی دەریای چاوەکانت بکەمو بزانم چۆن وا ئاسان حاشام لێئەکەیتو بێخەم ئاوارەی هەرداوهەردم ئەکەیت!؟

**دەروێش:** (ئەچێتە دواوە) نا..نا نەکەیت بڕوانیتە چاوم! هەردووکیان سووتانو بوون بەکوڵەوەژ.

**شیرین:** (زیاتر لێی نزیك ئەبێتەوە تا رووبەڕوو ئەوەستن) ئادەی دەروێش چاوەکانتم پیشان بدە، بابزانم چۆن چۆنی روناکییان تێدا کوژاوەتەوە، بابزانم چۆن لەناو قوولایی چاوەکانتا ناوو شێوەو رووخسارو سێبەری منیان دەرهێنا! گەش گەش بیانکەرەوەو مەیەڵە برژانگەکانت بلەرزێن، دەی بڕوانەو لێکیان مەنێ.

**دەروێش:** (سەیری ئەکاتو ئەلەرزێت) خوایە گیان فریام کەوەو چارەیەك.

**شیرین:** (لێی ئەچێتە پێشترو هەردوو بەری دەستی ئەخاتە سەر روومەتەکانی): دەی ئێستا حاشام لێبکە دەروێش!

**دەروێش:** (بەدەنگێکی گریاناوی و پاڕانەوەوە) شیرین گیان توخوا بەزەییەکـەت بـەحاڵمدا بێتــەوەو دووربکــەوەرەوە، رەحمــێ بــەم دڵــە کەساســەم بکــەو لێــم دووربکەوەرەوە، ئەی هاوار.، دە ئێوەش ئــەی رازەکـانی نـاو دڵـی شـێواوم بجوڵێـن و تکای لێبکەن، تۆش ئەی دڵە ژاکاوەکەم هانا بۆ شیرین بەرەو تێی بگەیەنە با منی لەبیربچێتەوە، پێیبڵێ چاوەکانم توانای بینینیان نەماوە، ئەقڵم لەسەر خۆی نەماوە، پێیبڵێ ئەوەی بوو تازە گوزەشت و جارێکیتر ناگەڕێتەوە، رۆیشت و ناگەڕێتەوە.

**شیرین:** (دەموچاوو قژی ئەسڕێت) دەروێش دە ئێستا راستییەکەیم پێبڵـێ تـۆ هەر هیچ شتێکت بیرناکەوێتەوە؟

**دەروێش:** شیرین! من.. تازە من فەوتام و هیچ لەمێشکمدا نەما. مـن ئێسـتاکە بووم بەو، من ئەوم.. ئەو (بەپەستییەکی زۆرەوە) تــازە بەسـەریاندا سـەپاندم کـەببم بەدەروێشێکیتر، تــازە هیــچ پەیوەندییــەکم بــەخۆم و تــۆوە نــەماوەو بڕایــەوە! تــۆش هیچت بەسەر منەوە نەماوەو هەموو شتێك کۆتایی هاتووە.

**شیرین:** ئەی خوای گەورە! ئەوە تۆ ئەڵێی چی دەروێش!؟ ئـەرێ ئازیزەکـەم هیـچ گۆشەیەکی دڵەکەت شوێنەواری پــڕ لــەخێرو خۆشـی رۆژو سـاڵانی رابـردووی تێـدا نەماوە! سەرجەم گوڵە ئاڵ‌وواڵاکانی ناو دڵت هەڵوەران و داتن بەدەم رەشەباوەو ئیتر جوانــی و بۆن‌وبەرامــەی مــێرغوزاری خۆشەویســتی تێــدا نــەما (وردورد پەنجـەکانی بەسەر روومەت و رووخساریدا ئەهێنێ و ئەبا) هەروەك مانای خۆشەویستی و ســۆزی ژیان و دڵسۆزی پەیمان نەزانێ چییە (پەنجەکانی بەلێویدا ئەهێنێ) ماچی لێوەکانت هــەروا زوو ســڕانەوە، وشــك هەڵــهاتن و ئێســتاکە بێ‌جووڵــەو ســروەو موچرکــە ماونەتەوە؟ دەروێش! هەروەك باڵندەی وێــڵ لەشــەقەی بـاڵی داو هێلانــەی دێریــن و گشت منداڵەکانت تێدا بەجێهێشتن هەروەك هیچ جۆرە بەڵێن و ناســینێك لــەئارادا نەبووبێت (باوەشی پێدا ئەکات) شادی و ئارامی دڵی من و ساواکانت لەگەڵ خۆتدا بردو ئیتر بیر لەکەسیتر ناکەیتەوە، ئەوە بوو بەڵێن و پەیمانی خۆشەویستیمان ئـەی مرۆڤــە بــــەنرخ و خۆشەویســــتەکەی دڵ و دەروونم و بــــاوکی منداڵــــە ســــاوا هەتیوکەوتووەکانم!

**دەروێش:** (ئەداتە پرمەی گریان و لەناو باوەشیدا تەوژمی گریان ئەیهــەژێنێ) : ئاخ خۆشەویستەکانم! ئۆف ئازیزەکـانم! تکاتـان لێئەکـەم بـیرم لێمەکەنـەوە، توخـوا لەبیر خۆتانم بەرنەوە، بێ‌دەسەڵاتم و چارەنووسەکە لەدەستی خۆمدا نەماوە، ناچاریان

کردم لەبیرم بچنەوە، زۆریان لێکردم لەناو هەناومدا هەڵتان بکەنم، مەجبورتان دەکەن بیرتان بچمەوە.

**شیرین:** (باوەشی پێدا ئەکات): ئەی ئەگەر لەبێدەنگی شەودا بوویتە هاوسەرینمو دەستەکانت کەوتنە گەمەی سەر سینەو ملان، ئەی ئەگەر دەمارەکانی لەشم وررووژانو هاواریان کردو هانایان بۆ هێنایت، ئەرێ لەو ساتانەشدا دەستەکانت هەروا بێ گیان ئەمێننەوە بۆئەوەی ئاهونالەکانم نەبیستن! گوێچکەکانی خۆت قەپات ئەکەیت! لەسەر کۆچی بێ گەڕانەوەت بەردەوام ئەبیت، ئا ئەوەبوو وادەو بەڵێنی نێوانمان بوو دەروێش!؟

**دەروێش:** (بەبێ ئارامییەوە) ئەی رووناکی چاوو هێزی دڵەکەم، شیرینە بەنرخەکەم! لەوە زیاتر ئازارم مەدەو پەرۆشم مەکە، لەبیر خۆتم بەرەوەو رێگەیەکی نوێ بۆ خۆت هەڵبژێرە.

**شیرین:** ئاخر چۆن لەبیرم ئەچیتەوە چۆن! لەناو نەهامەتییەکانی ئەم ماوەیەدا هەمیشە ناوت لەسەر زمانو وێنەی بەنرخت لەدڵمدا بوون، بەردەوام لەخەوماو هەردەم لەبەرچاوم بوویت، هەرگیز چاوم لەڕێگەی ماڵ نەدەتروکاندو شێوەت لەشەقامەکە ون نەدەبوو.

**دەروێش:** شیرینەکەم جوانترین کیژی سەر زەمینو ئەی شاگوڵی مێرغوزارەکەم! ئەڵێم برۆ لەبیر خۆتم بەرەوە.

**شیرین:** ئەوە مەحاڵەو لەتوانای مندا نییە، رۆژو شەو، بەیانیو ئێوارە من چاوەڕوانت بووم، چاوم لەڕێگات بوو، گوێمان بەدەنگی تۆ ئەزرنگایەوە، کاتێك لەناو شەوگاری دووررودرێژی هەموو نەهامەتییەکاندا پێڵو نەئەما لێکنەنرێو چاو نەئەما نەکەوێتە خەو، ئا لەوکاتانەدا چاوی من زیاتر گەشو نەسرەوت ئەبوون، تیشکی چاوەڕوانی وێنەی تۆی نەخش ئەکێشا.

**دەروێش:** شیرینەکەم بەسەو لەوە زیاتر ئەزیەتی رۆحم مەدەو بەرۆکم بەردە، من تۆ ناناسمو توخوا بەسەو ئیتر کۆتایی بەم مەینەتییە بهێنەو لێم دووركەوە.

**شیرین:** ئەی منداڵەکان، چۆن ئەبێ منداڵەکانیشت لەبیرچوووبێتەوە!

**دەروێش:** (بەپەژارەیەکی زۆرو دڵگەرمییەوە): دە توخوا منداڵەکانم بیرمەخەرەوە (خۆی بۆ لای ئەو وەرئەچەرخێنێو ئەداتە پرمەی گریان) باسیان مەکەو برینەکەم مەکولێنەرەوە، پێیان بڵێ باوکتان مرد.

**شیرین:** بەڵام تۆ زیندوویت دەروێش.

**دەروێش:** نا شیرین من مردووم، ئالێرەدا زیندوو مردووە، هیچ شتێکم بیرمەهێنەرەوە، باسی منداڵەکانم بۆ مەکە (لەپڕ خۆی بۆ لای وەرئەچەرخێنێ و بەدەنگێکی پڕ لەخەمو پەژارەوە) نا..نا، مادام هاتوویت جارێ مەڕۆ خێراو بەئاسپایی قسەم بۆ بکە.. دەی بۆم باس بکە: منداڵەکان چۆنن، شەماڵو سیروان و مەریوان چۆنن...؟ ئەی توخوا ژیان چۆنە؟ ئێستاکەش بەهاوارو پێکەنینەکانی ماڵ پڕ لەسازو سەمتور ئەکەن؟

ئەرێ شیرین! بەڕاست ئێستاش ناوم ئەبەن و بیرم ئەکەن؟ چۆن بوون هەروەکو خۆیان ماون؟ (گوێ شل ئەکات هەروەکو گوێی لەتەپەی پێ بێت) نا..نا وازی لێبێنەو بیرم مەخەرەوە، نەکەی باسیان بکەیت، نا.. باسی هیچ شتێکیانم بۆ مەکە.

**شیرین:** (بەسەرسووڕمانەوە): بۆچی؟ ئاخر لەبەرچی؟ ئەی تۆ خۆت پەرۆشی هەواڵپرسینیان نەبوویت!؟

**دەروێش:** (خێرا ئەچێتە دواوەو بەگەرمیو بەئاسپایی) با..با هەواڵم پرسین و گوتم: چۆنن؟ چی ئەکەن؟ هەروەك جاران شادو رووگەشن؟

**شیرین:** هەمیشە تۆیان لەسەر زمانەو هەواڵت ئەپرسن، ئەمیان بەوەڵامی پرسیاری خۆی ناگات ئەویتریان بەسەرسووڕمان و دڵشکاوییەوە ئەپرسێ: ئەوە کوا باوکم؟ بۆچی رۆیشت و نەگەڕایەوە! دایکە ئەوە بۆچی نەگەڕایەوە؟ توخوا دایە گیان: ئەوانەی ئەڕۆن و ناگەڕێنەوە بۆ کوێ ئەچن؟ چییان لێدێت و بۆچی بزر ئەبن؟

**دەروێش:** ئاخ و سەد ئاخ ئەی ساوا خۆشەویستەکانم! ئۆف بۆ ئێوە جگەرگۆشەکانم!

**شیرین:** (دڵنیابوو لە بەهۆش هاتنەوەی) کەوابوو دەروێش بابڕۆین (دەستی ئەگرێ و خێرا..خێرا رای ئەکێشێ) دەی بابڕۆین.

**دەروێش:** بابڕۆین شیرین! ئاخر پەلە بکە، پێش ئەوەی پێمان بزانن با خۆمان ون بکەین (لەناو رووناکییەکی زۆردا بەرەو لای راستی شانۆکە ئەچن). (دەنگی ژنێك لەوبەری شانۆکەوە بەرزئەبێتەوە).

**دەنگەکە:** دەروێش..!

**دەروێش:** (بەدوودڵییەوە هەنگاو ئەنێت) دەی شیرین با بڕۆین!

**دەنگەکە:** (بەتکاوە) دەروێش!

**دەروێش:** (ئەوەستێت)

**شیرین:** (دەستی گرتووەو رایئەکێشێت) دەی خێراکە... دەی پیاوەکە باپەلە بکەین پەلە.

**دەنگەکە:** بۆکوێ دەروێش بۆکوێ؟

**دەروێش:** (ئاوڕ بۆ لای چەپ ئەداتەوە) بۆ ماڵەوە!

**شیرین:** منداڵەکان چاوەڕوانن با پەلە بکەین دەروێش، دەی خێراکەو هەنگاو بنێ!

**دەروێش:** پەلە مەکە شیرین.

**دەنگەکە:** ئەوە پەشیمان ئەبیتەوە!

**دەروێش:** (رووئەکاتە دەنگەکە) ئینجا تۆ هەقت چییە بەسەر منەوە! من بۆ ناو ماڵومنداڵی خۆم ئەگەڕێمەوە!

**دەنگەکە:** ئەی بیرت چوو چی رووی دا! لەبیرت چووەوە کەتۆ کێیت؟

**دەروێش:** (بەترسەوە هەڵوێستەیەك ئەکاتو ئەوەستێت)

**شیرین:** ئەوە بۆچی وەستایت؟

**دەنگەکە:** دوای ئەوەی لەپێناوی ئێمەدا دەستبەرداری ماڵو گیانو دڵی خۆت بوویت، بۆ ئێمە بوو خۆت کرد بەجگەرسووتاوو کۆستکەوتوو و داماو، دوای ئەوەی ئێمەت لەگەڕانو وێڵبوون بەدواتدا حەوانەوەو سەرفرازت کردین، دوای ئەوانە هەمووی تازەبەتازە ئەڕۆیت بێ‌ئەوەی تەنها موچرکێك بەلەشتدا بێت!

**دەروێش:** (هەر رووی لەدەنگەکەیە) من ئەگەڕێمەوە لای ماڵومنداڵی خۆم. تێ‌ناگەم تۆ چی کارت بەسەر ئێمەوە هەیە؟ بڕۆ.. بڕۆ لەبەرچاوم.. تارمایی! رێگەی خۆت بگرەو وێڵی مەبەستی خۆت ببە! بەڵکو ئەمە خوایە لەشوێنێك، لەناوچەیەك، شارێك یان لەماڵێك بەئاواتی خۆت بگەیت!

(شیرین دەستی پێوەیەو رایئەکێشێتو هەنگاوێکی‌تر ئەنێت)

**دەنگەکە:** (ژنەکەی‌تر، خاوەن دەنگەکە- نەسرین- دەرئەکەوێت بێ‌ئەوەی رووناکی لەسەر بێت) دیسانەوە گەڕایتەوە سەر کۆچی دوور ئەی گەڕیدەی ئەرزو ئاسمان! گۆڕەری ناوو گیان! تۆ سەبر بگرەو کەمێك سەیری رووخسارەکەم بکە، بۆ ساتێك سەبر بەخۆت بگرەو رووخسارم ببینە!

**دەروێش:** (ئەوەستێت)دەی ئەوا سەیریشم کردیت! ئەوە چی سوودێکی هەیە؟ شیرینەکەی خۆشەویستم چرای رووناکی چاومی داگیرسانو ئێستاکە ئەتوانم بەتیشکی رووناکی چاوی خۆم بڕۆمو رێگەی خۆم هەڵبژێرم!

**نەسرین:** (بەتەواوی لەناو رووناکییەکی زۆرو لای چەپی شانۆکەوە دەرئەکەوێت): ئەی من دەروێش؟ ئەگەر شیرین خۆشەویستی تۆ بێت ئەی من چیم!؟

**دەروێش:** تۆ.. تۆ خۆشەویستی ئەویتریت.

**شیرین:** دەخێراکە دەروێش وا دڵم کەوتە ژانو خەریکە گیانم دەرئەچێت، دەخێراکە بابڕۆین.

**نەسرین:** ئەی منداڵەکان!؟

**دەروێش:** منداڵی ئەویترن!

**نەسرین:** دەروێش! جا ئەوە رەوای هەقە! خۆ خۆت باش ئەزانیت ئەوەی رۆی، رۆیشتو کۆتایی هات.

**دەروێش:** باشە ئەی ئەوە رەوای هەقە من دەستبەرداری خۆمو ژنو منداڵو ماڵی خۆم بمو ببم بەیەکێکی‌تر!؟ ئەوە ویژدانە بار بکرێم لەخەمێك کەخەمی خۆم نەبێت! وێڵو شەیدای شتێك بم نەزانم چییە!

بیر لەشتێك بکەمەوە کە نەبوبێت، هەموو رابردووم بسڕێتەوەو هێلانەی شادمانی ساواکانم بڕوخێنن!

**نەسرین:** ئەی کەواتە ئەو هەموو ئازارو ئەشکەنجەو مەینەتییانە لەپێناوی چیدا بوو؟ سوودەکەی چی دەبێت ئەگەر ئەنجامەکەی بەوجۆرە بێت؟

**دەروێش:** ئازارێکی بێهودە بوو، زوڵمو ئازاری زۆردار بوو.

**نەسرین:** بەبێ‌هۆ ئازار ئەچێژی! بێ‌سوودو ئەنجام ئازار ئەچێژی!

**دەروێش:** لەبری ئەو ئازارم چەشتو ئیتر بەسە، ئیتر جارێکی‌تر دەستبەرداری خۆم نابم، بۆ ئەو (هاوار ئەکات) بۆ هیچ کەسێك واز لەخۆم ناهێنم.

**نەسرین:** دەروێش! ئاخر خۆ تۆ خۆت رازی بوویت ببیت بەو. دەی چۆن پیاو هەموو رۆژێك خۆی ئەگۆڕێو پەشیمان ئەبێتەوە! پیاو ئەبێت خاوەنی قسەو بەڵێنی خۆی بێت!

**دەروێش:** (خۆی لەشیرین قورتار ئەکاتو بەهەڕەشەوە بۆ لای نەسرین ئەچێت) پێیان بڵێ با دەروێشێکی‌تر بدۆزنەوە!

من دەروێشێکی سادەو هەژارم، لەدنیا بێ‌ئاگامو زۆر لەسیاسەتەوە دوورم، من نامەوێ کۆڵی ئەو هەموو خەڵکە بخەمە ئەستۆی خۆم، ناتوانمو ئەوە بەمن ناکرێت!

**نەسرین:** بەڵام تۆیان هەڵبژاردو بەرگی ئەو دەروێشەیان لەبەرکردیت و ناوی ئەویان لێنایت، ئەوە بڕیارێکەو لێی پاشگەز نابنەوە!

**شیرین:** دەی خۆشەویستەکەم دەروێش! چاوەڕوانتم و ئۆقرەم لەبەر بڕا.

**دەروێش:** (ئاوڕی لێئەداتەوە) کەمێك سەبر بکرە شیرین.

**نەسرین:** ئای.. چەند گران لەسەرت کەوت! ئەو زۆرکەوتنەش هەر لەپێناوی ئێمەدا بوو، دەی کەی ڕەوایە هەروا ئاسان لەدەستی بدەیت و مایەپووچ بگەڕێیتەوە.

**دەروێش:** (بیری ئەکەوێتەوە) ئای چی نرخێکی گرانبەها کەوت، هەر زۆر لەسەرم کەوت.

**نەسرین:** باشە ئەی تۆ کۆڵی ئەوانی‌ترت ئەدا بەکۆڵی خۆتدا! ئەی شایستەی ئەو مەردایەتییە نەبوویت! ئەی ئەو گیانی بەتۆ نەسپارد؟ بۆچی لەم کاتە ناسکەدا ئەو بارە قورسە بەکۆڵی بێ‌تاوانێکی‌تردا ئەدەیت و نەبیتە هۆی کارساتێکی‌تر؟ چۆن هەروا ئاسان لەباوەشی کەس‌وکاریدا دەریدەهێنی هەر بەوشێوەیەی خۆتیان دەرهێنا؟

**دەروێش:** (لەگەڵ هەڕەشە بەپەنجەکانی) من پێمگوتیت با هەریەکە کۆڵی خۆی هەڵبگرێت، من بەرەو ماڵ‌وحاڵی خۆم ئەڕۆمەوە چیمە لەخەڵکی‌تر، خۆ من لێپرسراوی بێ‌تاوانەکانی ئەم جیهانە نیم، با خۆیان چۆنیان ئەوێ وا بکەن! چییان لێیان ویست با لێیان هەڵبهێنجن.

**نەسرین:** ئای دەروێش! ڕەنجی بەباچوو خۆیت! حەیف بۆ ڕەنج و پڕوکاوی بێ‌هودەت، سا بەخوا بەخوا کارساتەکە بەوە قووڵتر نەبێت. ئەگەر تۆش بڕۆیت و خۆت ڕزگار بکەیت وا هەر لەگەڵ ونبوونی سێبەرەکەتدا، دەست ئەکەن بەپشکنینی کون‌و کەلەبەر بۆ یەکێکی‌ترو یەکێکی‌تر.

ئیتر بەوجۆرە جیهان لەناو گەوجێتی‌و تاوان‌و قوربانیدا ئەمێنێتەوە..

**دەروێش:** (بەحەڵچوونەوە) من زۆرم زەهراو نۆشی زۆر! ئیتر بەسە.. بەس.

**شیرین:** (هانی ئەدات) دەروێش! خۆشەویستەکەم ئەی گیان‌و ژینەکەم، بەتەی دڵسۆزەکەی خۆت بکەرە با ڕووەو لانە شێواوەکەمان بڕۆینەوەو ئاوەدانی بکەینەوە.

**نەسرین:** (وردەوردە لێی نزیك ئەبێتەوە) هەر ئێرە بەجێبهێڵیت ئیتر جەللادەکان هەموو کوچەو کەلەبەرێکی ئەم جیهانە ئەپشکنن، چۆنیان بۆ لوا بەوجۆرە خەڵك ڕاپێچی ئێرە ئەکەن. دوابڕاوەکانیان لێ‌ئەخەنە کار، سنگیان هەڵئەدڕینن، پێستیان ئەگروون، شیشی سووردەوەکراو ئەگاتە هەموو

دەمارەکانیان، نالـەو ئـاخ و ئۆفـی ئەشـکەنجەدراوان بـەرز ئەبنـەوە، ئـازاری مـرۆڤ بەردەوام ئەبێت، دەروێش هەر بەردەوام ئەبێ و بەردەوام ئەبێ، ئیتر خۆشـت ئـەزانیت چی رووئەدات، هەمووشی هەر تۆ لێیان بەرپرسیارئەبیت، چونکە هەمووی بەهۆی تۆوە دەبێت!

**دەروێش:** (بەترسێکی زۆرەوە) من! بەهۆی منەوە! جا بۆچی ئەبێت من لەوانە بەرپرسیار بم؟

**نەسرین:** بەڵێ بەهۆی تۆوە! چونکە هەر تۆ بەرپرسیار ئەبیت، هەمووی بەهۆی تۆوە رووئەدەن!

**دەروێش:** خواو هـەموو دنیـاش ئـەزانن کـەمن بێتـاوانم، هیـچ پەیوەندییەکـەم بەمەسەلەکەوە نییە، من بێگوناهم بێگوناه.

**نەسرین:** سەرجەم مرۆڤی سەرانسەری ئەم زەمینە کەجووڵەیـەکیان تێـدا مـاوە بەو مەسەلەیەوە بەستراونەتەوە، بیانەوێ و نەیانەوێ ئەوقی ناو کێشەکەن.

**دەروێش:** لەوانەیە...لەوانەیە هەموو مرۆڤی سەر ئەم زەمینە هاوبەش بن، بەڵام بەتەنها من نەبێت، چونکە کەم وزۆر پەیوەندیم بەهیچ کەسێکەوە نییە، لەگەڵ هیچ کۆڕو کۆمەڵ و رێکخراوێکا نەبووم، من مرۆڤێکم لەپەڕەی گوڵ پاکترم، لـەمانگ و رۆژ بێتاوانترم!

**نەسرین:** ئەی کەوابوو چی گەیاندیتییە ئێرە؟

**دەروێش:** خوا ئەیزانێت.

**نەسرین:** یەعنی خوا لەناوچەوانتی نووسیوە!

**دەروێش:** خوا زۆردار نییە.

**نەسرین:** راستە خوا زۆردار نییە، بەڵام لەناوچەوانتی نووسی کەبگەیتە ئێرە.

**دەروێش:** ئەگەر واش بێت وا شـیرینی بـۆ نـاردم تـا پـەردەی لێڵـی سـەر چـاوو لەبیرچوونەوەم لاببات، ئیتر وەکو خۆمـم لێهاتۆتـەوە، هـەر ئێسـتاش بـۆ لای کـارو فرمانی خۆم ئەڕۆمەوە...

**شیرین:** دەی.. دەبا بڕۆین...

**دەروێش:** (بێئەوەی لەجێگەی خۆی بجووڵێت) با بڕۆین...

**نەسرین:** نەکەی بڕۆیت، لەوانەیە هەر لەیەکەم کۆڵاندا بکەویتەوە داویان... کێ ئەتوانێ بڵێ وا نابێت...!

بەتایبەتی و بۆ خۆشت ئەزانیت دەروێش کە تائێستا مەسەلەکە نەبڕێنراوەتەوە...

**دەروێش:** دەك هــەش بەسـەرم، یـەعنی جارێكیتر یەخـەم ئەگرنـەوەو دامـاوم ئەكەنەوە؟ ئەرێ دەروێش ناو لەسەر ئەم زەمینە نەما من نەبێت!؟

**نەسرین:** زۆریتر هەیە زۆر، بەڵام ئەمانیش شەیتانن شەیتان، نێچیری خۆیـان باش ئەناسن، باش، ئەمان هەر بەتەنها تۆیان مەبەستە.. تۆ..!

**دەروێش:** ئینجا بۆچی هەر بەتەنها من...؟

**نەسرین:** كێ ئەزانێت..! خۆ دوورنییە تۆ لەهەموو دەروێشەكان بێتاوانتر بیت، لەوانەیە لەهەموویان ساویلكەتر بیت، كورە لەوانەشە لەهەموویان شیاوتر بیت بـۆ هەڵگرتنی ئەو بارە..

**دەروێش:** (بەپەژارەیەكەوە) ئاخر بۆچی لەناو هەموو دەروێشەكاندا بەتەنها من هەڵبژێررام... دەبێ بۆچی ئەو بازی نەهامەتییە بەسەر سەری منەوە بنیشێتـەوە.!

**نەسرین:** ئەوە هەر خوا بۆخۆی ئەیزانێت خۆی..

**شیرین:** نەكەی دەروێش ئاگاداری خۆت نەبیتو سەرت لێبشێوێنن...! گوێ لەو قسانە مەگرە، دەی دەستم بگرەو با بڕۆین (دەستی بۆ درێژ ئەكات)...

**نەسرین:** ها... دەستی من بگرە هی من (ئەمیش دەستی بۆ درێژ ئەكات)

**شیرین:** خێراكـە دەروێـش، دەسـتی خۆشەویسـتە دێرینەكـەت بگـرە (دەروێـش ئاوڕی لێئەداتەوە) من ژنەكەتم من، منم دایكی ساواو جگەرگۆشەكانت، منم تاكە جیهانی راستەقینەو هەمیشەییت، خۆشەویستییەكەت تێكەڵی ناو خوێنو ئێسقانم بووەو بۆتە ئـەزەلی، ئێشو ئازارەكـانت گیـانی برژانـدووم، ئـای بـۆ ئـەو شـەوانەی باڵەكانت دەبوونە سـەرینی ژێـر سـەری مـنو لەئاشـقەو ماشـقە تینووتـر لەیـەكتر دەئاڵاین.

**نەسرین:** دەستی من بگرە دەروێش دەستی من (دەروێـش ئـاوڕی لێئەداتـەوە) نەهامەتیو پەژارەكانت هەمووی لەپێناوی مندا بوون، ئازارو ئەشكەنجەكان ژەهری مـار بـوونو هـەر لـەپێناوی مـندا ئـەیانكرد بـەقوڕگتدا، لەبـەر مـن بـوو ورەیـان رووخاندیتو پێستی مرۆڤێكیتریـان لەبـەركردیت، هـەر بۆئـەوەی بـۆ مـن بیـتو لەگەڵ من بیت شەوو رۆژ لەژێر ئەشكەنجەو ئازاردا ناڵەت ئەهات، دە دەستم بگرەو ببە هاوسەرم لەناو گوڵی گوڵی هـەموو مـێرغوزارانی ئـەم جیهانـەدا هـەر بەتەنـها مـنم كەشایەنی یەخەی تۆم بم دەروێش!

(دەروێش دەستێكی بۆ نەسرینو دەستەكەیتری بۆ شیرین درێژ ئەكات)

**شیرین:** دەی دەست بخەرە ناو دەستمو با بگەڕێینەوە ناو منداڵەكانت.

**دەروێش:** باشە! دەی با بڕۆینەوە لای منداڵەکانم‌و ژنەکەم. (بەرەو رووی ئەروات)

**نەسرین:** ئەی ئەوی‌تر دەروێش!؟ ژن‌و منداڵەکانی ئەوی‌تر دەروێش!؟ ئاخر دەبڵێ‌و بزانم چییان لێئەکەیت؟

هەروا بەسەرلێشێواوی‌و بەدڵشکاوی بەجێیان بهێڵین، ئەم جیهانە تاساوە هەروەك خۆی بەجێبهێڵین؟ هەموو هیوایەك هەر تۆ بوویت، کەچی تۆش چاوی پڕ فرمێسك‌و هەناسەی تاساوو قوڕگی وشە تێداخنکاوو جەستەی ئەشکەنجەو ئازاردراوی ئەم سەرزەمینە هەروا بێ‌هیواو نائومێد بەجێدەهێڵی‌و بەتەنها گیانی خۆت دەرباز ئەکەیت!؟

**دەروێش:** با ئەوی‌تر وێڵی رازو مەبەستی خۆی بێت، ئەی ئەوەی لەپێناویدا چەشتم بەس نییە؟ لەوە زیاتر بەرگە ناگرم، دە با هەر منداڵە وێڵی باوکی خۆی‌و هەر ژنە وێڵی مێردی خۆی‌و هەر خۆشەویستە وێڵی خۆشەویستی خۆی بێت، با ئەم ئەستێرەیە چۆن خولڤێنراوەو چۆن ئەخولێتەوە هەر وەك خۆی بێنێتەوە، با رۆژو مانگ‌و ئەستێرەکان لەجێگەی خۆیان بێننەوە، منیش بۆ دەروونی خۆم ئەگەڕێمەوە (هاوار ئەکات) ئەبمەوە بەخۆم، ئەوەی لەپێناوی خەڵکیدا چەشتم، بەسە ئیتر بەسەو لەوە زیاتر بەرگە ناگرم، ئیتر بەسەو ئەگەڕێمەوە.. ئەگەڕێمەوە.. ئەگەڕێمەوە..

**نەسرین:** (بەدەنگێکی هێمن‌و قووڵەوە) دەروێش! خۆت هەڵمەخەڵەتێنە خۆ تۆ خۆشت باش ئەزانیت کەگەڕانەوە مەحاڵە.. مەحاڵ.

**دەروێش:** (وەك لەگەڵ خۆی قسە بکات) گەڕانەوە مەحاڵ نییە! گەڕانەوە بۆ من مەحاڵ نییەو وا ئەگەڕێمەوە ( لەشوێنی خۆی ناجووڵێت) دەی دەروێش بجوڵێ‌و هەنگاو بنێ، من ئەگەڕێمەوە (بێ‌ئەوەی لەشوێنی خۆی بجووڵێت)

**نەسرین:** لەگەڕانەوەتدا چی دیاری‌و خەڵاتێك لەگەڵ خۆتدا ئەبەیتەوە!؟

**دەروێش:** (ئاورێکی لێئەداتەوەو بەهەڕەشەوە) بێ‌تاوانیم دیارییەکەمە، بێ‌تاوانیم خەڵاتەکەمە!

**نەسرین:** (بەهەمان هێمنی‌و دەنگ قووڵییەوە) زەمانی بێ‌تاوانی نەماو بەسەرچوو! خۆ تۆ دنیات دیوە دەروێش! بێ‌تاوانی چی!

**دەروێش:** (هاوار ئەکات) من بێ‌تاوانم.. خەڵکینە من بێ‌تاوانم.. بێ‌تاوان.

**شیرین:** تۆ هیچ تاوانێکت نەکردووە.

**نەسرین:** بەڵێ تۆ تاوانت کردووە، تاوانەکەش گەورەترینەو لێخۆشبوونیشی بۆ نییە.

**شیرین:** تۆ بێتاوان بوویت، بێتاوانیشت گوڵێکی بۆن خۆشەو لەناو دڵتدا گەشایەوە.

**نەسرین:** جیهان پڕیتی لەتاوان، خەڵکیش قسە ناشارنەوە، هەر ئەیڵێنو ئەیڵێنەوە.

**دەروێش:** چی ئەڵێن با بیڵێن، ئەوانە بۆ خۆشیان نازانن چی ئەڵێن.

**شیرین:** بەڵام خەڵکی باشو دڵسۆز باش ئەزانن کەهەر تۆی بێتاوان، باش ئەزانن کەهەر تۆ بوویت بوویتە قوربانی قسەوقسەڵۆکی ئەموئەو.

**نەسرین:** ئیتر خەڵکەو قسەی خۆیان ئەکەن.

**شیرین:** هەرگیز لەتۆ پاکتر نەبینراوە.

**نەسرین:** قسەوقسەڵۆك هێندە زۆرە هەر لەژمارە نایەن.

**دەروێش:** جیهان پڕە لەدرۆو دەلەسە.

**نەسرین:** راستە...

**دەروێش:** ئەوەشی خۆی کردووە بەدەم راست هەموو گیانی خراپەیەو لەهەموو کەس درۆزنترە.

**نەسرین:** ئەویش راستە...

**دەروێش:** تاوان هەموو شوێنێکی گرتۆتەوە، رووبکەیتە هەر جێگەیەك یەخەت ئەگرێت.

**نەسرین:** ئەوەش هەر راستە...

**دەروێش:** (هاوار ئەکات) ئەم جیهانە بۆتە سەرچاوەی خراپەو خراپەکاری، کراوە بەدایەنو بەشیر پەروەردەی ئەکات. جیهان پیرێکی پەککەوتەیەو خراپەش سوارێکی جەربەزەیەو رمبازی لەگەڵ ئەکات.

**نەسرین:** راستە ..راستە ئەوانە هەر هەمووی راستن.

**دەروێش:** (ئاوڕی لێئەداتەوە) بەڵام لەوە ناگەم بۆچی ئەم جیهانە هێندە ترسنۆکەو خۆی ئەشارێتەوە، بەوجۆرە بەرامبەر ئەو هەموو شەڕو خراپەیە پشتم تێدەکاو بەتەنها بەجێم دەهێڵێ!؟

**شیرین:** دەروێش! ئەوە تۆ ئەڵێیت چیو گوێ لەکێ ئەگریت!؟ گرنگ ئەوەیە تۆ بێتاوانیت، کەوابوو دەستی پێوە بگرەو خۆت دەرباز بکە، لەوە زیاتر گوێ بۆ ئەوجۆرە قسانە شل مەکە!

**نەسرین:** (بەدەوریا ئەخولێتەوە): تەنها یەك دەنگەو لەهەموو جیهاندا بەرزبۆتەوەو دەنگ ئەداتەوەو ئەڵێت:

جێگەی بێتاوانی نابێتەوە!

**شیرین:** تەنها بێتاوانی پردی سەرفرازییە.

**دەروێش:** (بەدوای نەسریندا ئەڕوات) باشە ئەوە بۆچی تاوانیان تەنها بەسەر مندا تلاندەوە؟

**نەسرین:** تا تێیبگەیت (تائێستاش هەر لەسەرخۆ بەدەوریدا ئەخولێتەوە)

**دەروێش:** تێیگەیشتم کەجیهان پڕە لەخراپە، باشە ئەوە سوودی چییە؟

**نەسرین:** چۆن سوودی چییە! کەتێیگەیشتیت ئیتر ئەبێت باجەکەی بدەیت باجو خوێنی خۆت بخۆیتەوە.

**شیرین:** دەروێش هەتا زووە خۆت رزگار بکە خۆت، خراپە مارێکی ژەهراوییەو دەستی بۆ درێژ مەکە!

**نەسرین:** یەك بانگەواز دەنگ ئەداتەوە! یەك بانگەواز دەنگ ئەداتەوە: رێگەی رزگاری داخراوە، دنیا خۆی داخراوەو بێدەربازگەیە.

**شیرین:** (رائەکات بۆ لای): دەروێش با خۆمان دەرباز بکەین، با رابکەین.

**نەسرین:** بێسوودە رێگەکە بازنەیەکە لەکوێوە رابکەیت هەر دەگەڕێیتەوە ئەوێ.

**شیرین:** (هاوار ئەکات): دەروێش با رابکەین، با رووبکەینە مەڵبەندێکی چۆڵ کەهەر کەسی تێدا نەژی.

**نەسرین:** بێهودەیە! لەهەموو ناوچەیەك ئاوەدانی هەیە، لەهەموو ئاواییەکیشدا مرۆڤ هەیە، لەناو دڵی هەموو مرۆڤیشدا جیهان جێگەی خۆی کردۆتەوە.

**دەروێش:** ( چەپۆك بەسنگیدا ئەماڵێت) دەی من گوناهم چییە...من؟ دە وەڵامم بدەرەوە بزانم بۆچی هەر دەبێت بەتەنها من ئەم جیهانە بگرم بەکۆڵمەوە؟ بۆچی ئەبێ هەر من گیرۆدەی ئەم داوە بم؟ لەبەرچییە کەئەبێت هەر من بەو ئاگرە

بسووتێنم؟ (دەنگی بەرزئەکاتەوە) ئاخر بۆچی ئەم دنیایە داخراوەو ڕێگەکانمان لەبازنەیەکەوە پێچراون؟

**نەسرین:** (بەدەنگێکی هێمن) تۆ بەشێکی لەجیهانو جیهانیش تۆیت.. تۆ.

**دەروێش:** باشە ئەی ئەبێت من چی بکەم (بەدەوریا ئەسووڕێتەوە) دە پێم بڵێ ئەی ئەبێت من چی بکەم؟

**نەسرین:** (ڕووبەڕووی ئەوەستێت) ئیتر گێلێتی بەسە بەس، سەرجەم جیهان چەوساوەیە، دیلی ئازارو ئەشکەنجەو برسێتییە، دە وێڵێ دۆزینەوەی چەکەکەت بەو بیکەرە شانت.

**دەروێش:** (بەرامبەر بەم بیرە نوێ کوتوپڕە بەوڕو تاساوییەوە ئەوەستێت) چەکی چی!؟ چەکەکەم!؟ چەکی من!؟

**شیرین:** (ڕائەکات بۆ لایو نیشانەی ترسو لەرز لەڕووخساریدا زاڵ ئەبێت) ئاخر ئەڵێم تا زووە خۆت ڕزگار بکە دەروێش تۆ مرۆڤێکی بێوەیو بێزیانیت، دەستەکانت بۆ کوشتن نەخوولقاوە، دەروێش تۆ پیاوکوژ نیت.

**دەروێش:** (گوێ لەشیرین ناگرێتو بەدەوری شوێنەکەدا ئەخولێتەوەو ڕووئەکاتە نەسرین) ئەرێ ئەوە گوتت چەکەکەم!

سەرەنجام وا وشەی چەکیشمان بیست!

**شیرین:** ئەرێ دەروێش! ئەوە بۆچی هۆشت بەخۆت نەماوە! وریا بە هەڵنەخلیسکێیت! تۆ پیاوێکی هەژارو بێزیانیت! تۆو چەکیان نەگوتووە، ئاخر تۆو چەك کوجا مەرحەبا!

**دەروێش:** (بەخۆی) باشە من چی لەو چەکە بکەم؟ ئەبێ خەڵکی پێ بکوژم! (سەرنجی شیرینو نەسرین ئەدات) نا..نا من پیاوکوژ نیم، ئەوە بەمن ناکرێت، ئەوە ئیشی من نییە.

**نەسرین:** دەروێش! تۆ ئێستاکە هەموو شتێك ئەزانیت، ئەشکەنجەو چەرمەسەرییەکانت هەر لەو پێناوەدا بوو، بۆیە هیچ چارەیەك نییەو ئەبێ هەر بیکەیت.

**دەروێش:** (بەخۆی ئەڵێ): نا...نا هەرگیز کاری وا ناکەم، ئەو جیهانە لەناو دڵو دەروونم دەرئەهێنم، ڕەگوڕیشەی هەڵئەکێشمو فڕێی ئەدەم، بەڵکو هەر توڕی ئەدەمە ناو زەلکاوێکی پیسەوە.

**نەسرین:** دەروێش! جیهان پەڵەیەك نییە بەجلەکانتەوە، بەڵکو جیهان پەیکەرێکەو وا لەناو دڵتدا.

**دەروێش:** نا... نەخێر درۆیە، دڵی من شتی وا پیسی تێدا نییە، ئەوە نەگبەتییەکەو خۆمی لیٚپاك ئەکەمەوە.

**نەسرین:** دەتۆ سەرنجێکی ناو دڵت بدە ئەوسا بەچاویش ئەیبینیو دەرئەکەوێت کەهەر لەو سەرچاوەیەوە هەڵئەقوڵێت لەو سەرچاوەیەوە!

**شیرین:** دەروێش! هەتا زووە توڕی بدە، هەتا بڵێیت پیسو شوومە.

**دەروێش:** (بەرووگرژییەوە) تۆ قسە مەکە! تۆ ئاگاداری ئەو راستیو ئەو کەینوبەینە نیت، وازم لێبێنە با خۆم بچمە ناو راستییەکەوە، ئەو جیهانە لەسەرچاوەوە، لەناو دڵەکەمەوە، هەڵئەقوڵێت؟ یان پیسییەکەو خۆی خزاندۆتە ناو دڵمەوە؟ باشە ئەی ئەگەر ئەم پیسی بێت ئەی بۆچی لەناویدا هەڵئەقوڵێت! من فڕێی ئەدەمو کەچی هەر لەجێگەی خۆیەتیو هەر هەڵئەقوڵێت؟ خۆ هەروەك کانیاوێکە تا ئاوی لێهەڵبهێنجیت ئاوەکە لێی کەم نابێتەوەو لەجێگەی خۆیەتی.. باشە ئەی ئێستاش هەر لەناو دڵمدایە!؟ (دەست ئەخاتە سەر دڵی) دەی کەساسەکەم تۆ پێم بڵێ ئایا جیهان لای تۆیە؟

هەروەکو خوێنو لەگەڵ خوێن لەناو تۆوە هەڵدەقوڵێت؟ جیهان ئەوەیە کە لەناو دەروونتدا بێسەرەوتە؟ خوێنەکەمە (هەروەك بەلەسەبوو ئەیلێتەوە) تۆ بڵێیت خوێنەکەم بێت، خوێنەکەم بێت؟

**نەسرین:** (رووبەرووی ئەوەستێت) دەروێش! وا سەرەنجام گەیشتیتە راستی! دەی خۆ ئێستا هەموو شتێکت زانی!

**دەروێش:** (لێی وردئەبێتەوە): زانیم..زانیم، هەر بەتەواوی زانیم!

**نەسرین:** دەروێش! ئەوا خۆر لەدەم کەل هەڵهات، رووناکی پرشنگی داو هیوا لەئاسۆوە دەرکەوت، ئیتر جارێکیتر شەوەزەنگ نابینیتەوە، ئێستاکە تۆ بەوشیاریو تێگەیشتنەوە رێگەی خۆت ئەبینیت.

**دەروێش:** هێندەم بینی تروسکایی لەچاوانم بڕا، سووتا... تەواو سووتان... سووتان (بەهەردوو دەستی چاوەکانی دائەپۆشێت)

**نەسرین:** نا... وانییە، چاوەکانت بکەرەوەو بزانە چەند روون ئەبینن، تا ئەتوانی سەیر بکەو زیاتر ببینە.

**دەروێش:** بینین ئەبڵەقم ئەکات، دڵم ئەهەژێنێ و بروسکە ئەدات، سەرم گێژووێژ بوو، زەمین لەبەرچاوم خولایەوە هەروەکو سواری باڵی بروسکە بووبم.

**نەسرین:** (تروسکەی سەرکەوتن بەڕووخسارییەوە دەرئەکەوێت): دەی وەرە لەگەڵم، منم باڵێ بروسکە، وەرە بازیاتر چاوەکانت بکرێنەوەو گەش ببنەوەو ئاسۆی بیرکردنەوەت فراوانتر بێت، وەرە بۆئەوەی هەمووشتێك ببینیو ببیستیت، تەکان بدەو بەرەوپێشەوە هەنگاو بنێ، بازووەکانت بەهێزو بڕوات پتەوو باوەڕت پۆڵاییتر بوون، چاوت نەترسێ و دڵت نەلەرزێ. دەروێش! ئەوەش بزانە کەزەمانی گەڕانەوە بەسەرچوو، ئەی ئێستا هەست بەوە ناکەیت کەچاوەکانت وەك قورقوشمی تواوە گەش و پرشنگدارتر بوون و سەرجەم رەنگ و جوانی و نهێنییەکانیان تێدا کۆبوونەتەوە! دەی با بڕۆین ئەی گەڕیدەی ئەرزو ئاسمان و گۆڕەری جەستەو گیان، دەی کۆڵەکانت هەڵبگرەو هەنگاو بنێ و بکەوەرە رێ.

**دەروێش:** (قسەکانی تەواو ورووژاندوویەتی و بەدەنگییەوە ئەچێت) ئەی بەبێ چەك بکەومە رێ؟ ئەی چەکەکەم لەکوێیە.. چەکەکەم؟

**نەسرین:** چەکەکەی تۆ هۆش و بڕواو تێگەیشتنە، ورەو بەڵێنە. چەکەکەت ئەوەیە کەببینیت و بزانیت و تێبگەیت!

**شیرین:** (لێی نزیك ئەبێتەوەو هەوڵ ئەدات بیگرێت و بۆ لای خۆی رایبکێشێت) ئەی من چ بکەم دەروێشەکەم.. من؟

**نەسرین:** هەموو ژنە کۆست کەوتووەکانی هی خۆتن!

**شیرین:** ئەی منداڵەکانم؟

**نەسرین:** هەموو منداڵە بێتاوانە ئەشکەنجەدراوەکان بۆ تۆ ئەبن، ئەبیتە باوکە لێپرسراوی ژمارەیەکی زۆرو بێشومار لەمنداڵانی ئەم جیهانە.

**شیرین:** ئەی من و ماڵ ومنداڵ و خۆشەویستییەکەم؟

**نەسرین:** بیانگرە کۆڵت دەروێش! لەیەکەیەکەی کوچەو سەرکۆڵانێکی ئەم سەرزەمینە کۆڵێك کەوتووە، هەر هەموویان کۆبکەرەوەو بیاندە بەکۆڵتدا ئەی پشت پۆڵایین، پشتت پشتی هەموانەو هەڵگری کۆڵ و باری بێتاوانەکانە!

**شیرین:** (زام و داخی دڵ و رازی بێهیوایی بەلاواندنەوەوە دەرئەبڕێ) لەدەستم چوو، بەخوا تازە خۆشەویستەکەم لەدەست رۆیی، ئای رەنجی بێهودە خۆم، سەرلێشێواوو ماڵ وێران خۆم!

**دەروێش:** (بەهەڵچوونو حەماسەتێکی زۆرەوە) بڕیارەو ئەبێت خەبات بکەم، دژی نائومێدیو چەوساندنەوە تێدەکۆشم، لەدژی ئازارو زوڵمو زۆرداری ئەجەنگمو ئەجەنگم!! هەرگیز نایەڵم سەرشۆڕم بکەن.

**نەسرین:** نا.. نا هەرگیز ناتوانن سەرشۆڕت بکەن، ترس لەسەرچاوە خۆگرە پۆڵایینەکانت سەر دەرئەهێنێ، بەڵام هەروەك سێبەری رۆژ ئەڕواتو نامێنێت، ترس بڵقی سەر ئاوەو نامێنێ، ئەوەی ئەمێنێت تەنها ئازایەتییە.

**شیرین:** ئاخخ.. رەنجەڕۆ خۆم! داخو هاوار بۆ لەدەستچووەکەم! دەی ساواکانم (ئەقیژێنێ) وەرنو ببینن، ئەوەی ئەقڵو چاو قبووڵیان ناکەن وا رووئەدەن، وەرن ببینن! (بەهەموو هێزیەوە هاوار ئەکاتو لەهەر چوارگۆشەی شانۆکەوە دەنگ ئەداتەوە) وەرن منداڵەکان، شەماڵ تۆ، سیروان تۆ، مەریوان تۆ، ژیان تۆ...

(لەلای راستی شانۆکەوە منداڵەکانی دەرئەکەون) دەی وەرن خۆشەویستەکانمان.

**دەروێش:** (وڕو گێژ ئەبێت) نا..نا نەکەیت...

**شیرین:** شەماڵ تۆ (شەماڵ نزیك ئەبێتەوە) تۆ سیروان (ئەمیش نزیك ئەبێتەوە) تۆ مەریوان، تۆ ژیان وەرن... (هەموو منداڵەکان لەدەوری شیرین کۆئەبنەوە)

**دەروێش:** (بەڕووخساری زەردو شێواوەوە) کچێ وا مەکە ئافرەت، توخوا ئەگەر دووریان نەخەیتەوە! تکات لێئەکەم هیچ نەبێت منداڵەکان رزگار بکە.

**شیرین:** کەس رزگاری نابێت! کەس رزگاری نابێت!

**نەسرین:** (رائەکات بۆ لای دەروێشو بەتوندی باڵی ئەگرێت) نەکەی وڕە بەربدەیت دەروێش! ئەشکەنجەکان لەبیرنەکەیت، زوڵمو زۆرداری، ئاهوناڵەو بێزاری بێدەرەتانان لەیاد نەکەی! خۆ دێتەوە بەرچاوت چەندە زەلیلو داخ لەدڵو بێزار بوویت!

**شیرین:** (ئەمیش ئەچێتە لایەوەو توند باڵەکەیتری ئەگرێت) وا منداڵەکان لەبن دەستدان، دەتۆ بزانە چ کارەساتێکە! دە لێیان ورد بەرەوەو پێمان بڵێ با بزانین ئاخر ئا ئەمانە تاوانیان چییە؟ دەی چاوێك بەهەمووماندو سەرجەمی خزمو کەسو ژیاندا بگێڕەو هۆشت بەخۆتدا بێتەوە! دەی با بزانم ئەوە چییەو بۆ لەخەوی غەفڵەت راناپەڕیت!

**نەسرین:** دەروێش! بیرت چڕبکەو بۆ دواجار هەرچی بێزاریی ناو دڵو دەروونت هەیە کۆیان بکەرەوەو لەناو خوێنتدا وەکو بورکان قووڵپیان پێبدەو ئینجا

بەهەردوو چاوە نەترسەکانت سەیر بکەو تا ئەتوانیت سەرنجەکانت چڕو بەهێزتر بکە... مەترسەو هەنگاو بنێ چاوەکانی تۆ پۆلان... پۆلا.

**دەروێش:** (خۆی لەهەردووکیان رائەپسکێنێت و بەهەردوو بەری دەستی دەموچاوی ئەشارێتەوە) بەدوو چاو لەخوێن و گۆشت یان لەپۆلا!؟ ئەی هاوار خەلکینە شێت بووم، ئاخر بە چ چاوێك سەیر بکەم بە چ چاوێك!؟

دەبا هەردوو چاوەکانم هەلکۆلم تا ئەم دنیایەم لێ ببێتە تاریکستان و تروسکەیەکیش نەبینم!

**نەسرین:** چاوەکانت بکەرەوەو مەترسە.

**شیرین:** دە بیانکەرەوە دەروێش بیانکەرەوە ببینەو بزانە هەر گۆشت و خوێنەکەیە یان دوو ئاوێنەن لەپۆلا!

**دەروێش:** (خۆی بەلای راست و چەپدا ئەهێنێ و ئەبات، تائێستا دەستەکانی هەر لەسەر روویەتی) نا..نا... ناوێرم، ناوێرم بیانکەمەوە، ئەترسم هەر هیچ نەبینم

**نەسرین:** مەترسەو چاوەکانت بکەرەوەو ببینەو بزانە هەموو، هەرهەموو یەك لەشی ئەشکەنجەدراوەو لەبیاباندا فرێدراوە...

**دەروێش:** ئاخر سێبەری مندالەکانم ئەکەوێتە سەر چاوم و تیشك ئەدەنەوە، هەر تەواو ئاوێنەن و تیشك بەرووناکی ئەدەنەوە.

**شیرین:** (بەهاوارکردنەوە) ئادەی ساوا ئازیزەکانم وەرنە پێشەوە.

**دەروێش:** کچێ بیکە بەرەزای خواو پێغەمبەر وازیان لێبهێنە! هێزو توانای سەیرکردنیانم نەماوە!

**شیرین:** دەی وەرنە بەر رووناکییەکە، دەی ئینجا سەیرێکی ئەم پیاوە بکەن، دەی ساوا ئازیزەکان لێی وردببنەوە!

(شیرین لەبازنەی رووناکییەکە دوور ئەکەوێتەوەو لەناو تاریکاییەکەدا ئەمێنێتەوە، هەروەها نەسرین دوور ئەکەوێتەوە، دەروێش و مندالەکان رووبەڕوو لەناو رووناکییەکەدا ئەمێننەوە..)

**مندالەکان:** (بەیەك دەنگ) : بابە

**دەروێش:** (بێ ئەوەی سەیر بکات) نا..نا..نا

**شیرین:** (دەنگەکەی لەناو تاریکاییەکەوە دێت) دە سەر هەلبڕەو بەرووی مندالەکانتدا بلێ نا!

**دەروێش:** ئاخر توانای سەیرکردنم نەماوە.

**شیرین:** دەروێش! سەر هەڵبڕە، سەر هەڵبڕەو سەیریان بکەو ئینجا بەهەموو هێزتەوە بەڕوویاندا بقیژێنەو بڵێ نا..نا

**دەروێش:** ئاخر ناتوانم، لەوانەیە رملەکەی بێتە دیو مندالەکانم نەبینم.

**نەسرین:** (دەنگی لەناو تاریکییەکەوە بەرزئەبێتەوە) دەروێش! ئەوە لەچی ئەترسیت! مەترسە، سەر هەڵبڕەو سەیریان بکە.

**دەروێش:** کچێ ئاخر ناتوانم! ناتوانم خۆم لەئاستیاندا بەکوێری ببینم!

**نەسرین:** نا... مەترسە تۆ ئێستا باشترو قووڵتر لەجاران ئەبینیت، دە تۆ تاقیبکەرەوەو سەرێکیان بکە.

**دەروێش:** ئای لەم نەهامەتییە! ئاخر گوناهی من چی بوو خوای کردگار! دە بیکەن بەڕاهی خوا ئەو مندالانە دووربخەنەوە (هاوار لەژنەکەی ئەکات): شیرین دە بەزەییەکەت بەحاڵمدا بێتەوەو ئەو مندالانە لەگەڵ خۆت ببە...

**شیرین:** ئەی ناتەوێت بیانبینیت؟ ئەی حەز ناکەیت سەیرت بکەن!

**دەروێش:** (دەستی لەسەر دەموچاوی لائەبات بەلام ناوێرێ سەیری مندالەکان بکات) ئاخر ئەترسم شیرین! دەباشە ئەو ساوایانە گوناهیان چییە تا ئەو زوڵمە گەورەیەیان لێبکرێت!؟ ئەوان لەم نەهامەتییە ناگەن دە وازیان لێبهێنە با هەر بەوجۆرە بمێننەوە!

**شیرین:** ئاخر چییان پێبڵێم! چۆنیان لێ بشارمەوە؟

**دەروێش:** چییان پێ ئەڵێیت بیڵێ، حەز ئەکەیت پێیان بڵێ مردووە!

**شیرین:** پێمگوتن بەلام بڕوایان پێم نەکرد.

**دەروێش:** ماوەیەکەو هەر لەبیریان ئەچێتەوە، ئەوان مندالن و زوو لەبیریان ئەچەوە.

**شیرین:** سۆزو خۆشەویستی باوك تێکەڵ بەخوێنەو زۆر زەحمەتە لەبیر بچێتەوە! ئەی من! ئاخر چۆن لەبیرم ئەچێتەوە...!

**دەروێش:** مرۆڤ گیانلەبەرێکی زۆر بەهێزەو ئاسان ناخۆشییەکانی لەبیر ئەچێتەوە! ئەی تۆ نابینی چۆن توانای رووتێکردنیانم نەماوە! خۆ تۆ شوکور ئاغرو وشیاریت، ئەبێت ببیتە رابەرێکی باش، ببە بەدایك و باوکیان، تازە من هیچ سوودێکم تێدا نەماوە، من ئێستاکە بێتاوان نیم، لەناو تاواندا نوقمیان کردووم، بڕوا بکە تاوانیان لەناو پەرەکانی دڵمدا چاندووە بەسوژن تاوانیان تێیدا هەڵکەندووە، لەمەولا ئەوەی ناوی خۆشەویستی و بەڵێن و پاکی و دڵسۆزییە لەدڵ و

دەروونــی منــدا جێگــەیان نابێتــەوە. دەبێــت تــۆش نــەهێڵی کەخۆشەویســتی بریندارکراوم دڵی بێگەردی ئـەو منداڵانـە بشـێوێنێت، شـیرین گیـان شـوکور تـۆ گـەورەو تێگەیشـتوویت، دە بیکـە بـەخاتری خۆشەویسـتی پـاكو بێگـەردمان ئـەو منداڵانە بەرەوەو ئێرە بەجێبهێڵن! (بەگریانو پاڕانەوەوە) تکات لێئەکەم...

**شیرین:** (دێتە بەر رووناکییەکە) دەروێش! دەی کەوابوو بۆ دواجـار سـەرنجێکم لێبدە!

**دەروێش:** (بەڕووگرژیو هەڵبزڕکاوییەوە) پێویست بەسەیرکردن ناکات، با لێم نەتۆقێیت، تکات لێئەکەم لەوە زیاتر خۆت دڵشکاو مەکە.

**شیرین:** دەباشە بۆ دواجار سەیرێکی منداڵەکانت بکە!

**دەروێش:** دەستبەردارم بە.. با لەوە زیاتر هەستی ئەو ساوایانە نـەڕاکێت! ئـاخر ئـەوا سەیریشـم کـردن! دەی لەڕووخسـارمدا چـی دەبینـن!؟ لـەئێشو ئـازار زیـاتر هیچیتـر نـابینن، لەنەهامـەتی زیـاتر کەبۆتـە کینـەو بێزاریو لـــەناو چاومـــەوە گڕئەدەن، ئەبێ چیتر ببینن! دە بیانبەو لەم دۆزەخە سەرفرازیان بکە!

**شیرین:** (ئەگەڕێتەوە بۆ ناو تاریکییەکە، لەوێوە دەنگەکەی بەقووڵیو لەسەرخۆ دەنگ ئەداتەوە، قسەکان ئاڕاستەی منداڵەکان ئەکات. چاکتر وایە لەبڵند گۆیەکەوە بەرزبێتەوە) ئـەیێ خـوای گـەورە ئـەم کۆسـتە چ بـوو هێناتـە رێگـەم؟ (رووئەکاتـە منداڵەکانی) منداڵە ئازیزەکان! تازە کــار لـەکار تـرازا، نـەمنو نـەئێوە هیچمـان بەســەر باوکتانــەوە نــەما، بــەڵێنو پــەیمان کۆتاییــان هــاتو بڕانــەوە، جــوان جــوان سەیرێکی ئەم پیاوەی بەرچاوتان بکەن، پێش ئەوەی بڕوات سەیرێکی بکەن، چونکە جـارێکیتر نایبیننــەوە، لەئێســتەو بــەدواوە ئــەم پیــاوە بــاوکی ئێــوە نییــە، راســتە لەمەوبەر باوکتان بوو، بەڵام ئێستاکە خۆی لەئێوە بێبــەری کــردووەو ئـەو باوکـەی جاران نەما! لەمەوبەر هی ئێوە بوو، بەڵام ئێستا ســەری خــۆی هــەڵگرتووە ئێــوەی بەجێهێشت. منداڵەکانم! ئیتر ئەبێت وێنــەی ئـەم پیــاوە، ئـەو باوکـەی رابوردووتـان لـەقووڵایی چاوتـاندا ریشـەکێش بکـەن، نـەهێڵن جـارێکیترو هـەتا هەتایـە خـۆی پێنیشانی چاوە جوانەکانتان بداتــەوە، ئـەبێت هــەموو هەســتێکی خۆشەویســتیتان لەبێخدا دەربکێشنو دوادەماری بــاوکێتی بپچڕێنـنو هیـچ شــوێنەوارێکی لــەدڵو گیانتاندا نەهێڵن، ئەم پیاوە وێڵو ئاوارە بــووەو خــۆی لەبیرچۆتــەوە، ئیــتر ئێمەشــی لەبیرچۆتەوە.

**دەروێش:** (بەرەو دەنگەکە ئەڕوات، بەڵام شیرین لەتاریکییەکەدایەو دەرناکەوێت، دەروێش لەناوەڕاستی شانۆکەدا ئەوەستێ و قسەی لەگەڵ ئەکات، بێ ئەوەی منداڵەکان رووبەڕووی بن....)

دە هەرچی داخ و بێزاری ناو دڵتە هەمووی هەڵبڕێژە بەسەرما، تەنها دڵی ئەو ساوایانە ئازار مەدە.

**شیرین:** (لەسەر قسەکردن بەردەوام ئەبێت، بەڵام بەگەورەکراوی): ئەم پیاوە گیانێکی تازەی بەبەرخۆیدا کردو بەچاوێکی‌تر دنیا ئەبینێت، ئەم پیاوە ئێوەی لەپردێك پەڕاندەوە کەچی ئێوەی بەجێهێشت! ئێوەی لەبیرکردو رێگەیەکی‌ترو رێبازێکی‌تری بۆ خۆی هەڵبژارد.

دەی سەرنجی بدەن و بزانن چۆن خۆی لەرابوردوو بێبەری کردوەو نایەوێت هیچ شتێکی ببینێ و ببیستێ! ئێوەش ئەی منداڵە ساواکان! دەی دەستی یارمەتی بۆ درێژ بکەن و ئینجا بەتەنها رێگەی تایبەتی خۆتان بگرنەبەرو بیکەنە هەمیشەیی، مەبن بەشایەت لەسەر رابوردووتان، چونکە ئەو رابوردووە مردو جارێکی‌تر زیندوو نابێتەوە.

**دەروێش:** (بەهاوارکردنەوە) دە سەیربکە شیرین بزانە چی ئەکەم، هەر ئێستاکە هەردووچاوم هەڵئەکۆڵم تا لەبینین رزگارم بێت، هەردوو گوێچکەم کەڕ ئەکەم تا لەبیستن رزگار ببم، شیرین! ئیتر بەسەو دە منداڵەکان رزگار بکە، رزگاریان بکە.. رزگار!

**شیرین:** (دەنگەکەی بەرەبەرە دوور ئەکەوێتەوەو لەهەموو سووچێکی شانۆکەوە ئەبیسترێ....):

ئیتر بەسە، ئیتر دەردەسەری بەسە! ئەوا زانیم کەچارنییەو ئەبێت بکەومە ناو ئەزموونی بیرچوونەوەوە، ئیتر نابێت بیر لەشەوانی خۆشی و بەختەورەی ناو سەردەمی هاوژیانی خۆشەویستەکەم بکەمەوە! ئیتر ئەبێت ساتەکانی قاقای پێکەنین و هەناسەی گەرموگوڕی کاتی تێکەڵبوون و لەش لەیەك ئاڵان فەرامۆش بکەم و لەدڵ و دەروونمدا بیانسڕمەوە، شێوەو رووخساری وردترین رەنگ و تیشکی چاوەکانی کە لەقووڵایی هەست و نەستما رواون و رەگ و ریشەیان داکوتاوە ریشەکێش بکەم، ئەبێت خۆم بخەمە دۆخ و حاڵەتێکەوە هەروەك هیچ شتێك رووی نەدابێت و رۆژێك لەڕۆژان هاوژینی من نەبووبێت.

منداڵە هەژارەکانم! ئەمە مردنێکی نوێیەو کەس پێش ئێمە نەیبینیوە! مردنێکی سەیروسەمەرەیە کەدووچاری ئێستەو پاشەڕۆژو رابوردووی مرۆڤێك ئەبێت کەهێشتا خۆی زیندووەو لەبەری ژیان ئەخوات، سەیری بکەن ئەوەتا لەبەردەمتاندایە! ئەوە ئەو مرۆڤە زیندووە مردووەیە کەسەری لەهەموومان شێواند، ئەوە ئەو باوکەیە کە بەجۆرێك لەمن و لەئێوە ئەمرێت کەئەقڵی کەس تائێستا پەی پێ‌نەبردووە!

ئەیەوێت خۆی بکات بەتەرمێك و لەگەڵیدا سەرجەم شوێنەواری ژیانی رابوردووی بشارێتەوەو بزری بکات، هەروەك سێبەرێك بوویێت و لەگەڵ ئاوابوونی رۆژدا شوێنەواری نەمابێت...

منداڵەکان! دەی ئێوەش فریای بکەون و دەستی یارمەتی بۆ درێژبکەن! لەم دەروێشە کلۆڵە دوور بکەونەوە با تێکەڵاوی هەموو دەروێشەکانی ئەم جیهانە بێت، ئەم خوێی سەر ئەرزە! ئەی ئەگەر خوێ لەسەر ئەم ئەرزە نەمێنێت تام و لەزەت لەچیدا ئەمێنێت! دەی وەرن بۆ لای خۆم و واز لەوو لەرازەکانی بهێنن! وەرن بۆ لای خۆم ساواکانم، وەرن منداڵە بێ‌باوکەکانم... وەرن.

(دەنگەکە دوور ئەکەوێتەوەو وەکو دەنگدانەوەی لێدێت): شەماڵ، سیروان، مەریوان، ژیان، دەی وەرن لەدەورتان گەڕێم، ئیتر خۆم ئەبم بەباوك و دایکتان، ئەبم بەرابوردوو و ئێستاو پاشەڕۆژتان! وەرن بۆ لام و فرمێسك مەڕێژن! بەجێیبهێڵن با هەر خۆی لەگەڵ فرمێسکەکانی خۆیدا بژی! (منداڵەکان لەبازنەی رووناکییەکە دەکشێنەوە)

**دەنگی شیرین:** (هەروەك دەنگدانەوە) وەرن کوڕەکانم وەرن، وەرە کچە شیرینەکەم وەرە.

**دەروێش:** (خۆی وەرئەچەرخێنێت و پشت ئەکاتە چاودێرگەکە، رووناکییەکە لێی دوور ئەکەوێتەوەو بەچرپی ئەکەوێتە سەر منداڵەکان، ئەمانیش کەمێك ئەچنە دواوە، رووناکییەکە ئەگەڕێتەوە سەر منداڵەکان، ئێستا دەروێش نیوە رووپۆشێکی شێواوی پۆشیوەو فرمێسکی گریان لەسەر روومەتەکانی وەستاوە... سەیری دەرورپشتی خۆی ئەکات، منداڵەکان ئەبینێ، ئیتر وردە وردە لەبازنەی رووناکییەکە ئەچنە دواوە): منداڵەکان! کوڕەکانم! کیژە خنجیلەکەم!

(منداڵەکان بەترسەوە سەیر ئەکەن، رووناکییەکە وا نیشانیان ئەدات کە بەخێرایی ئەکشێنەوە دواوە)...

**دەروێش:** کوڕە گەورەکەم شەماڵ!

**شەماڵ:** (بەترسەوە ئەچێتە دواوە) دایە..دایە ئەم پیاوە چی لەمن ئەوێت؟ دەری بکە دایە.. دەی دەری بکە!

**دەروێش:** (لێی ئەچێتە پێشەوە) کوڕە شیرینەکەم ئــەوە چییــە؟ لێــم ئەترسیت؟ شەماڵ گیان ئەوە لەباوکت ئەترسیت؟

**شەماڵ:** (رائەکاتە دواوەو هاوار ئەکات) دایەگیان فریــام بکــەوەو مەیەڵــە لێــم نزیك ببێتەوە، دەی خێرا دەریبکە!

(شەماڵ ئەڕواتو ون ئەبێت)

**دەروێش:** (بەکوڕی دووەم) دەی کوڕەکەم سیروان تۆ وەرە تۆ!

**سیروان:** (بەترسەوە ئەچێتە دواوە): نایەم... نا..نایەم (ئەمیش ون ئەبێت)

**دەروێش:** (بەبێئارامیو خۆجیڕکردنەوەوە) مەریوان! دەی تۆ وەرە باوکەکەم تــۆ وەرە!

**مەریوان:** (ئەچێتە دواوەو هاوار ئــەکات): نــا... نــاوێرم... نایــەم.. نایــەم، لێــت ئەترسم.. لێت. (ئەمیش ون ئەبێت)

**دەروێش:** (روو ئەکاتە ژیان): ئای لەم مەینــەتیو نەهامەتییــە! ئــەی تــۆ کچــە خنجیلەو خۆشەویستەکەم!؟

**ژیان:** (هەر لەشوێنەکەی خۆیــدا ئەوەســتێتو بــەدووچاوی خەمنــاکــەوە ســەیری دەروێش ئەکات...)

**دەروێش:** (دەستی بۆ درێژ ئەکات) ژیان! کچە خنجیلەکەم!

**ژیان:** (ئاوڕ بۆ دواوە ئەداتەوە) دایە! ئەوە ئەم پیاوە چی لەمن ئەوێت!؟

**دەنگی شیرین:** کچە چوانەکەم، ئەو پرسیارە لەخۆی بکە لەخۆی.

**ژیان:** ئەها دایە ئەوە خۆی ئەگریی! پیاوێکی گەورەیە کەچی ئەگری!

**دەنگی شیرین:** دەخۆت لێیبپرسە بزانە بۆچی ئەگری!

**ژیان:** (بەدوودڵییەکەوە): ئەوە بۆچی ئەگریت؟

**دەروێــش:** (رووپۆشــەکە ئەســڕێت هــەروەك فرمێســکەکانی خــۆی بســـڕێت): کچەکەم! بۆ ئەوەی فرمێسك لەچاوانی منداڵە ساواکانم نەیەت.

**ژیان:** ئەی کوا پیاو ئەگری!

**دەروێش:** راست ئەکەیت کچە شیرینەکەم خۆیان ناگرین، بەڵام دڵیــان ئــەگری، خۆ تۆ فرمێسکی دڵ نابینیت!

**ژیان:** (پەنجە ئەخاتە دەمیەوەو بیر ئەکاتەوە) ئەی تۆ هیچ کوڕێك یان کچێکت لەکیس چووە تا بۆیان بگریت!

**دەروێش:** (سەری بۆ ئەلەقێنێ): بەڵێ نەشمیلەکەم! من هەموو منداڵەکانم لەکیس چوون.. هەموو.

**ژیان:** منیش باوکمم لەکیس چووە، باوکێکی گەورە، هەروەکو تۆ گەورە بوو، بەڵام ئەو نەئەگریا، هەر لەکاتی پێکەنیندا فرمێسکەکانی ئەهاتنە خوارێ، هەموو جارێك کەئەم هێنایە پێکەنین، فرمێسك لەچاوانی ئەباری.

**دەروێش:** دە تۆ لەفرمێسکەکانم ورد بەرەوە (لەژیان نزیك ئەبێتەوەو بەسەر ئەژنۆدا ئەکەوێتو خۆی بۆ ئەنوشتێنێتەوە): ئەرێ ئەم فرمێسکانە لەفرمێسکەکانی بابە ناچن؟

**ژیان:** نا...نا لەهی ئەو ناچن، باوکی من غەمبار نەبوو، هەر لەکاتی پێکەنیندا فرمێسك لەچاوی ئەهاتە خوارێ.

**دەروێش:** (ئەکەوێتە هەوڵدان تا دڵو هۆشی کچەکەی بۆ لای خۆی رابکێشێت، بێئەوەی بەمەبەستی بکات) تۆ کەمێکیتر سەبر بگرە ژیانەکەم، هەر ئێستا بۆت پێئەکەنم، هەر ئێستا لەبری فرمێسکی گریان هی پێکەنین ئەبینیت (بێسوود ئەیەوێت خۆی بێنێتە پێکەنین، بێئەوەی گۆڕران لەڕووخساریدا بەدی بکرێت، چەند دەروێش خەریکی راکێشانی خەتەکانی رووپۆشەکە ئەبێت، بەڵام هەروەك خۆی ئەمێنێتەوە).

**ژیان:** (بەهەموو هۆشیەوە سەرنج لەودیمەنە چڕ ئەکات): نا.. تۆ نازانیت پێبکەنیت، تۆ زۆر خەفەتباریت. (ئەیەوێت بڕوات).

**دەروێش:** (سەرلەنوێ ئەکەوێتەوە هەوڵدان بۆ مانەوەی، بەڵام هیچ سوودی نابێت): ژیان! ئاخر دە تۆ سەیرکە، هەر ئێستاکە لەبەرخاتری تۆ پێئەکەنم، هەر ئێستا ئەبینیت چۆن پێئەکەنم.

(ژیان رووی لێوەرئەگێڕێتو دوورئەکەوێتەوە، دەروێش ئەیەوێت خەتەکانی سەر رووپۆشەکە بجوڵێنێت بێئەوەی سوودێکی هەبێت): ژیان کچە بەنرخەکەم!

**ژیان:** (پێش ئەوەی ون ببێت ئاوڕێکی لێئەداتەوە) من زۆر بەزەییم بەتۆدا دێتەوە، تۆ زۆر گەورەیت کەچی نازانیت چۆن پێبکەنیت! (ئیتر ژیان ون ئەبێت)

(ئێستا دەروێش بەتەنها وەستاوە، بازنەی رووناکییەکەی لەسەرە، دەست بەدەموچاویدا ئەهێنێت‌و ئینجا بەجلەکانی بەری دەست‌وپلی ئەسرێت، جارێکی‌تر دەست بەسەر رووپۆشەکەدا ئەهێنێت)

**دەروێش:** من نازانم چۆن پێبکەنم! ئاخر سەرچاوەی پێکەنینم وشك بووە، ئیتر چۆن بزانم‌و بتوانم پێبکەنم! هەر فرمێسکەکان خۆیان وشك بوون (دەستی بۆ ئەبات) تەنها چەند دلۆپێك لەسەر روومەتم قەتیس ماون، تەنها چەند فرمێسکێکە بوونەتە بەردو پێوەی مەلاس بوون (چاوی ئەگوشێ، بەلام بەبێ‌سوود) نەگریان ماوە نەپێکەنین، تاقی بکەرەوە بگری (هەولٚ ئەدات، بەلام ناتوانێ)، تاقی بکەرەوە پێبکەنە (دیسان هەولٚ ئەدات، بەلام ناتوانێت) نا.. نە خۆشی‌و نە ئازار فریات ناکەون‌و نایەن بەدادتەوە، رووم بووە بەبەردو تەڕایی تیانەما، رملەکانت هەمووی هاتنە دی، ئەرێ ئافرەتەکە (سەیری دەوروپشتی خۆی ئەکات) کوا ئەوە لەکوێیت ئافرەتەکە!؟ ئەوەی خواستت بوو وا هاتە دی (هاوار ئەکات) کوا تۆ ئەی ژنەکەی ئەوی‌تر! ئەی هاوژینی ئاوارەو لێقەوماوو زۆر لێکراوان، ئەی دایکی منالە هەتیوەکان! ئەی گیان‌و بێزاری دەنگ‌و ویژدانی ئەم جیهانە سەرلێشێواوە! ئەوەی خواستت بوو وا هاتە دی! ئیتر دوای ئەوە تۆش پشتم تێ‌ئەکەیت‌و دەڕۆیت وەرە پێشەوە نهێنییەکانی ئەم رووخسارە وشك هەلاتووەم بۆ باس بکە! وەرەو پەنجەرەی پێکەنین‌و گریانم لێ‌بکەرەوە! (بەشانۆکەدا دێت‌و دەچێت رووناکییەکەش بەدواوەیەتی): منیش تاقەت‌و توانای هەلگرتنی ئازارو پەژارەو چەرمەسەری ژیانی ئەم جیهانەم نەماوە! دە وەرە کەلەپچەو پێ‌بەستەکانم بکەرەوە! توانای هەلگرتنی ئێش‌و ئازارەکانی ئێوەم نەماوە. دەی لەسەر رێگەکەی خۆم دامبنێنەوەو بگەیەننەوە زەمانی بێ‌تاوانیم.

(بەسنگیدا ئەمالێت) زرنگەی دەنگێکی مسینی لێوەدێت‌و دەنگ ئەداتەوە): ئەمە چییە؟ ئەوە چییە لەسینەما! دلٚ مسەو روو بەردەو چاو پۆلایە! سەیرە! ئەوە خۆ پارچەیەك گۆشت لەجەستەما نەماوە!

(هاوار ئەکات‌و دەنگەکە بەبەرزی دەنگ ئەداتەوە) کچێ ژنەکە لەگەلٚ تۆمە! دە وەرە پێوەندەکەم بکەرەوە! تازە بەلێنەو داومە، ئەبێت لەپێناوی ئێوەدا چیای ئازار بگرم بەکۆلمەوە. هەر ئەوەندەی گیانەکەی خۆم بدەنەوە، گیانەکەم ئیتر پەیمانەو ئەبێت چیایەك لەئازار هەلبگرم‌و سەرانسەری جیهانی پێ‌تەی ئەکەم (هاوار ئەکات) دەی ژنەکە وەرە!

**دەنگی نەسرین:** (لەتاریکییەکەوە لەهەموو لایەکی شانۆکەوە دێت) دەروێش... دەروێش!

**دەروێش:** دە وەرە ئافرەتەکە وەرە!

**دەنگەکە:** دەروێش.. بۆ خۆت ئەزانیت، گەڕانەوە مەحاڵە.

**دەروێش:** ئەی هاوار لەم کارەساتە! ئەی باشە گیانەکەی خۆمم بدەنەوەو چیایەك لەئازارتان بۆ هەڵبگرم، من گیانو لەشی خۆمم ئەوێتەوە.

**دەنگەکە:** تەنها یەك دەنگە، دەنگ ئەداتەوە، یەك دەنگە کەئەڵێت: ڕێگەی ڕزگاری هەڵدێرەو زەمینیش داخراوە.

**دەروێش:** (ئەکەوێتە سەر ئەژنۆ) دەی کردگار تۆ بڵێی ئەوە ڕاست بێت! نە بۆ گەڕانەوەو نە بۆ ڕزگاربوون هیچ ڕێگەیەك نەمابێت!

**دەنگەکە:** (بەگەورەکراوی): ڕێگەکە بازنەیەکەو زەمینیش داخراوە، ڕێگەکە بازنەیەکەو زەمینیش داخراوە، ڕێگەکە بازنەیەکەو زەمینیش داخراوە...

(بەرەبەرە دەروێش ئەچەمێتەوەو دەنگەکەش هەر دووبارە ئەبێتەوە تا ئەکەوێت وەکو چۆن لەسەرەتای ئەم پەردەیەدا لەسەر پشت لێی کەوتبوو، وا ئەکات بێدەنگیش شانۆکە ئەگرێتەوەو ڕووناکییەکەش بەچڕی لەسەر دەروێشە، بەڵام بۆ ماوەیەك، ئینجا دووجار لەدەرگاکە ئەدرێت بێئەوەی دەروێش وەڵام بداتەوە، جاری سێیەم دەنگی لەدەرگادان ئەبیستێتو پەنجەرۆکەکەی سەر دەرگا ئاسنەکە ئەکرێتەوە، ئەوسا ڕووناکییەکە هەموو زیندانەکە ئەگرێتەوە.

**پاسەوان:** (لەپەنجەرۆکەکەوە سەیری ئەکات) هێی کوڕە تۆ!

**دەروێش:** (لەخەوەکەی بەئاگا دێت) هەر لەجێگەکەی خۆیەوە: من!

**پاسەوان:** (ئەنەڕێنێت) ئەی لەگەڵ کێمە گێلەپیاو، هەستە...ها بیگرە (پاسەوان بەکوپێك چاو پارچەیەك نانەوە دەستی بۆ درێژ ئەکات) دەی خێراکەو بیگرە، نانی بەیانییە نان (دەروێش لێیوەرئەگرێت...)

**دەروێش:** (بەشڵەژاوییەوە) من؟ بەڕاستی.. من.

**پاسەوان:** (پەنجەرۆکەکە بەڕوویدا دائەخات): هەی گەلحۆ.

**دەروێش:** (بەکوپە چاو نانەکەوە دائەنیشێت) ئەرێ ئەوە ڕاستی بوو یا خەیاڵ! (دەست بۆ دەموچاوی ئەبات) یان خەوبوو خەوێکی ترسناك؟ (بەبەری دەستەکانی دەموچاوی ئەسرێتو هەست بەڕووپۆشەکە ئەکات) ئەی خوای گەورە خۆ ئەوە نە

خەو بووەو نە خەیاڵ (بەرەو دەرگاکە قەڵەمبازێك ئەدات، لەدەرگاکە ئەدات):
پاسەوان.. پاسەوان! (پاسەوانەکە ئەگەڕێتەوەو پەنجەرۆکەکە ئەکاتەوە)

**پاسەوان:** ها.. چیت ئەوێت، بۆچی لەدەرگا ئەدەیت؟

**دەروێش:** (دەمی تێکەڵو پێکەڵ ئەبێتو لەترسانا نازانێت چی بکات):
پاسەوان! تو خوا پاسەوان گیان، تو خوا!

**پاسەوان:** (بەهەڵچوونەوە) دە قسە بکە شەقم برد ئەتەوێت بێیتە دەرێ؟

**دەروێش:** نەخێر گەورەم، بەڵام من...

**پاسەوان:** (ئەیەوێت پەنجەرۆکەکە دابخات)! دەی بڵێ من چی؟ ئەتەوێ جۆرێکیتر لەشێتێتیت نیشان بدەی؟

ئاخر تۆ نازانیت من حەزناکەم گوێ لەشێتێکی وەکو تۆ بگرم!

**دەروێش:** (پاڵ بەپەنجەرۆکەکەوە ئەنێت) بیکە بۆ خاتری خواو پێغەمبەر کەمێك سەبرو سەیرێکی رووخسارم بکە.

**پاسەوان:** (زۆر بەتوڕەییەوە) رووخسارت چییەتی؟ هیچی نییە ئەوە نەبێ کەپڕێتی لەگەوجێتی.

**دەروێش:** بڕوانە دەموچاوم، دەموچاوم! تو خوا لەشوێنی خۆیەتی؟

**پاسەوان:** دە تو خوا ئەوە پرسیارە! ئەی گوایا بۆ کوێ چووە؟

**دەروێش:** یەعنی هەروەکو خۆیەتی؟ دوێنێ چۆن بوو ئێستاش هەر وەهایە؟

**پاسەوان:** (لێیوردئەبێتەوە) ئادەی با بزانم، بەخوا لەوانەیە کەمێك گەوجێتی زیاتر بووبێت! ئا..ئا وایە هەر بەتەواوی گەوجێتی تێدا زیاتر بووە!

**دەروێش:** دە تو خوا پێم بڵێ هەروەك خۆی ماوە؟ هەروەکو جاران دەموچاوم لەگۆشتو خوێنە؟

**پاسەوان:** هەر بەڕاستی پڕە لەگەوجی، بەڵێ وەکو خۆی وەك جاران هەر لەگۆشتو خوێنەو وەکو خۆی ماوە.

**دەروێش:** (بەتەواوی ترس زۆری بۆ هێناوە) ئاخر مەبەستم...

**پاسەوان :** دەی بڵێ مەبەستت چییە؟

**دەروێش:** یەعنی هەر دەموچاوەکەی خۆمەو نەگۆڕراوە؟ وشك هەڵنەهاتووە؟ خەڵك چی ئەکەن ئەتوانم منیش وەك ئەوان بکەم؟ ئەتوانم وەکو ئەوان بگریم، پێبکەنم!؟

**پاسەوان:** (دیسان خەریك ئەبێت پەنجەرۆکەکە دابخــات، بەپەســتییەکەوە سەری رائەوەشێنێت‌و لەگەڵ خۆی قسە ئەکات): سـەیرە لەسـەر ئـەم ئـەرزە پان‌وبەرینـە سـاغیان نەدۆزییـــەوە وا کەوتوونەتـــە گرتنـــی شـێتەکان! (ئینجـا پەنجەرۆکەکـە دائەخات)

**دەروێش:** (ئەگەڕێتـەوە بـۆ ناوەڕاسـتی زیندانەکـەو ئێسـتاکەش دەسـتی هــەر بەدەموچاویدا ئەهێنێت، بیرێك دێت بەمێشکیدا، ئەکێشێت بەسنگیدا، دەنگێکی مەعدەنی لەبڵندگۆکەوە ئەگەڕێتەوە) ئـەوە خـۆ قوڕقوشـم لەسـنگمدایە قوڕقوشـم! (دەست لەدەموچاوی ئەدات) دەموچاویشم وشك هەڵهاتووە کەچی کەس نایبینــێ، من جیهانم، بەڵام بەشێواوی! (ئەگری) ئەی هاوار سەرگەردان خۆم، رووخسارو ناوو ئەقڵیان لێم زەوت کرد. رووبەك لەبەردو، سنگێك لەقوڕقوشم‌و مێشـکێکی لـەقوڕ دروسـتکراو نـاوی دەروێشـیان لێنـا، بـەڵام دەمـــم (پەنجـەی لـەرزیوی بـەلێویدا ئەهێنێت)، بەڵام دەمم... دەمیان کرد بەقەوان‌و هەر یەك بەزم‌ونەزم ئەڵێتەوە.

(بەسەر ئـەژنۆیدا ئەکـەوێت، لەهـەرچوار لای شـانۆکەوە، قاقـای پێکـەنینێکی گاڵـتەو شـێتانە بـەرز ئەبێتـەوەو دەنـگ ئەداتـەوەو بـەدرێژایی پەردەدادانەوەکـە، دەنگدانەوەکە ئەبیسترێت...).

# پەردەی سێیەم

(لەسووچی لای چەپی شانۆکە مێزی حاکم دانراوە، لەهەردوولای بەرامبەر بەیەکی سەر مێزەکە دوو تەرازووی بچووك دانراون.

زەوی شانۆکە بەتەواوی رووتە. لەلای راستەوە پیاوێکی سەر رووتاوەو سێ لێکۆڵەر بەدوایدا دێنە ناوەوەو هەریەکەیان جێگەی خۆی ئەگرێت، حاکم لەپشتی مێزەکەیەوەو لێکۆڵەری یەکەمو دووەم لەهەردوو تەنیشتیو سێیەمیش راستەوخۆ لەپشت حاکمەوە، حاکم لەپشت مێزەکەیەوە لەسەر کورسییەکەی دائەنیشێت. رووناکی ئەکەوێتە سەر حاکمو هەردوو لێکۆڵەرەکە، وەك داوێکیش درێژئەبێتەوە تا دەروێشیش ئەگرێتەوە کە لەبەردەم مێزەکەدا بەجۆرێك وەستاوە کەشانی بەرامبەر چاودێرگەکە بێت.

رووپۆشەکە لەسەر دەموچاوی دەروێشە، بەڵام کەس نایبینێت. حاکم رووپۆشێکی عەنتیکەی پۆشیوە کەوەك چرچاوی پیاوێکی پێکەنیناوی رووومەت ئاڵ وایە، سەری بەتەواوی رووتاوەتەوە. حاکم دەستێکی بۆ لای لێکۆڵەری دووەم درێژ ئەکات، ئەویش حەبێکی بچووکی ئەداتێو قووتی ئەدات. ئینجا بەپەنجەی دەستی ئاماژە بۆ زیندانییەکە ئەکات)

**حاکم**: (ئینجا لەفایلەکە وردئەبێتەوە): ناوت؟

**دەروێش**: دەروێش عەبدولڕەحمان، بازرگان، گەڕەکی سەرشەقام، خانوی ژمارە١١٤-٦٠و...

**حاکم**: (قسەکەی پێئەبڕێت): بەسە.. بەس!

**دەروێش**: (سەیرێکی هەردوو لێکۆڵەرەکە ئەکات): قوربان بەسە یان؟ (هەردووکیان سەریان رائەوەشێنن) دەی کەوابوو بەسە گەورەم.

**حاکم**: تا ئێمە پرسیارت لێنەکەین تۆ بۆت نییە هیچ قسەیەك بکەیت، دادگاش هەر خۆی پرسیار ئەکات، چونکە ئێستا کێشەکە لەبەردەم دادگایە، تێیگەیشتیت؟

**دەروێش**: (بەترسەوە چاوی لەنێوان حاکمو هەردوو لێکۆڵەردا ئەهێنێو ئەبات) یەعنی لێرەش لێکۆڵینەوەیەکیتر دەست پێئەکات؟

**حاکم**: نا.. لێکۆڵینەوە کۆتایی هاتووە، ئێرە دادگایە.. دادگا.

**دەروێش**: یەعنی نەپرسیار هەیەو نەوەڵام؟

**حاکم**: با هەیە، بەڵام من پرسیار ئەکەمو تۆ وەڵام ئەدەیتەوە.

**دەروێش:** (کەمێك ئەوەستێ‌و خۆی کۆئەکاتەوەو بەراپاییەکەوە) ئاخر گەورەم هیچ سوودێك لەوەدا ئەبینیت؟

**حاکم:** (بەچەکوشێکی مس بەمێزەکەدا ئەکێشێت)، ئەتەوێت بڵێیت ئەم دادگایە سوودی نییە!؟

**دەروێش:** ئەستەغفیروڵڵا گەورەم، ئەمویست بڵێم فایلەکە (دەست بۆ فایلەکەی بەردەمی حاکم درێژ ئەکات): هەموو ئەو پرسیارانەی بەمێشکدا دێن لەگەڵ سەرجەمی وەرامەکاندا لەوێدا هەن.

**حاکم:** تۆ ئەم فایلە لەبیر خۆت بەرەوە! چیت پێ‌ئەڵێن وا بکە، دادگا خۆی چی بەباش بزانێت پرسیاری لەسەر ئەکات، ئەوەش بزانە تەنها دادگا خاوەن مافو هەموو هەڵسەنگاندن‌و مەزەنەکردنێکە، تێگەیشتیت؟

**دەروێش:** (بەخۆشییەوە) تێگەیشتم گەورەم، زۆرباشە ئیتر فایلەکە لەبیر خۆمان دەبەینەوە.

**حاکم:** کەوابوو ئێستا پرسیارەکان ئەڵێمەوەو ئەمەوێت یەکسەر لەزاری خۆتەوە گوێم لەوەرامەکان بێت!

**دەروێش:** (ئەیەوێت قسە بکات، بەڵام کسەیرێکی لێکۆڵەران ئەکات، بەناچاری قسەکەی ئەجوێتەوەو ئینجا بەخۆی ئەڵێ): هەمان پرسیارو هەمان وەڵام... نەخێر هیچ سوودێکی نییە!

**حاکم:** پێم نەگوتیت بەبێ‌پرس قسە ناکەیت؟ ئەو بۆڵەبۆڵەت لەچییە؟

**دەروێش:** هیچ گەورەم.

**حاکم:** تەمەنت؟

**دەروێش:** چل ساڵ.

**حاکم:** ژنت هێناوە؟

**دەروێش:** بەڵێ، دووجار.

**حاکم:** واتە دووژنت هەیە؟

**دەروێش:** (سەری رائەوەشێنێت) نەخێر، یەکێکیان ئەناسم‌و دووەمیشیان لەدواییدا ناسیم، هەر لەوێدا، لەفایلەکەدا ناسیم، دواییش هاتە خەوم.

**حاکم:** یەعنی لەخەوتا ژنی دووەمت هێنابوو؟

**دەروێش:** فایلەکە وا ئەڵێت!

**حاكم:** (بەمێزەکەدا ئەکێشێت) دەروێش! بۆ دواجار دادگا ئاگادارت ئەکاتەوە کەواز لەفایلەکە بهێنە، هەر لەبیر خۆتی بەرەوە!

**دەروێش:** ئاخر گەورەم فایلەکە هەمووشتێکە.

**حاكم:** چی؟ بۆچی فایلەکە هەمووشتێکە؟

**دەروێش:** ئەوە کێشەکەیە گەورەم، سەرجەمی کێشەکە لەناو ئەو فایلەدایە، بڕوام پێبکە هەر یەك زەرە لێی لابدەیت یەکسەر سەرم لێئەشێوێت! خۆ لەوانەشە کێشەیەکیتری جیاواز قوت ببێتەوە!

**حاكم:** (دەستی لەسەر فایلەکە دائەنێت) ئەوەی لێرەدا نووسراوە تەنها ڕێگانیشاندەرو لایەحەی تاوانبارکردنە!

بەڵام پوختەو پاڵاوتەی ئەنجامەکان هەر دادگا خۆی هەڵیئەهێنجێتو بڕیاری لەسەر ئەدات.

**دەروێش:** (دەستەکانی بەرانیدا ئەکێشێت لەگەڵ خۆی قسە ئەکات) ئینجا خوا رەحم بەحاڵت بکات دەروێش! بەخوا بچووکترین زەللەو بەزەرە لەفایلەکە لابدەیت وا ئەکەویتەوە ناو گێژاوی نەهامەتی، خۆ دوور نییە پرسیارێکت لێبکرێت کە لەفایلەکەدا نەبێت، ئێ خۆ ئەشبێت وەڵام بدەیتەوە، هیچ چارەیەك نییەو ئەبێت وەڵام بدەیتەوە، بەتایبەتی چرۆچاوی حاکمیش لەپیاوێکی ساغڵەمو دادپەروەر ناچێت! ئاخ لەم گۆڵمەزەی تێیکەوتووم (دەستەکانی هەڵئەگلۆفێت) ئاخو سەد ئاخخ.

**حاكم:** (بەوریاکردنەوەی دەروێش) ئاگاداری ئێرە بە! قسەی لابەلاو دەرچوون لەیاسا قەدەغەیە! قسە لەگەڵ خەڵك رێی پێنادرێت... تێیگەیشتیت!؟ وەختەکەمان لەکیس مەدە! وەخت بۆ ئێمە ئاڵتوونە ئاڵتوون. هەزارویەك کێشەی لەم جۆرەمان لەبەردەستدایە!

**دەروێش:** ببوورە گەورەم لەمەولا چرپە لەگەڵ خۆشم ناکەم!

**حاكم:** با بگەڕێینەوە سەر پرسیارەکان.

**دەروێش:** (بەگرژبوونەوە) گەورەم حاکمی بەڕێز ڕێگەم ئەدەیت؟

**حاكم:** چیت ئەوێت؟

**دەروێش:** قسەیەك بکەم.

**حاكم:** دەربارەی کێشەکەیە؟

**دەروێش:** بەڵێ.. بەڵێ دەربارەی کێشەکەیە، بەڵکو هەر کاکڵەی خودی کێشەکەیە!

**حاکم:** دەی قسە بکە با بزانم چییە!

**دەروێش:** قسەکەم دەربارەی فایلەکەیە.

**حاکم:** دیسان گەڕاینەوە سەر فایلەکە!؟ ئەوە بۆم نابێژیت بزانم ئەم فایلە چی تێدایە وا هەموو هۆش‌وگۆشی داگیر کردوویت‌و نە بەڕاست‌و نە بەچەپدا لێی لانادەیت!؟

**دەروێش:** گەورەم ئاخر ئەو فایلە یەعنی مەسەلەکە، جا ئەبێت یان چاوم هەر لەفایلەکە بێت، یاخود ئەبێ (سەیری هەردوو لێکۆڵەر ئەکات)

**حاکم:** ئەبێت چی؟ دەی قسەکەت تەواو بکە.

**دەروێش:** (ئەو پرسیارەی حاکم هانی ئەدات کە بەردەوام بێت) یان ئەبێت ڕێگەیەکی‌تر بگرم، چونکە دادگا ناتوانێت هەردوولامان، من‌و فایلەکە پێکەوە کۆبکاتەوە! بۆیە باشتر وایە لەمن‌و فایلەکە یەکێکمان هەڵبژێرێت.

**حاکم:** (سەری رائەوەشێنێت) تێیگەیشتم، مەبەستت ئەوەیە (فایلەکە هەڵئەگرێت‌و ئەیخاتە لاوە) ئاوا لاییبەین؟

**دەروێش:** بەڵێ گەورەم.. ئەئاوا لابرێت.

**حاکم:** باشە بۆچی؟

**دەروێش:** ئەگەر راستت ئەوێت گەورەم، یەکێك لەم دووانە ساختەیە، یان فایلەکە ساختەیە، یاخود من!

**حاکم:** نا...نا، جا راستەوخۆ بۆ ناڵێیت فایلەکە ساختەیە.

**دەروێش:** (سەیری هەردوو لێکۆڵەر ئەکات، کەمێك دوودڵ ئەبێت) نا.. بەتەواوی مەبەستم وانییە، لەوانەشە من ساختە بم، دوورنییە وا نەبێت.

(لێکۆڵەری یەکەم شتێك بەگوێی حاکمدا ئەچرپێنێت، حاکمیش سەری بۆ ئەلەقێنێت وەك نیشانەی رازی‌بوون لەقسەکەی)

**حاکم:** باشە دادگا لەتێبینییەکانت حاڵی بوو، ئێستا ئەگەڕێینەوە سەر پرسیارو وەڵامەکان.

**دەروێش:** (بەپەشیمان بوونەوەوە) باشە گەورەم تێیگەیشتم.

**حاکم:** ئیشت؟

**دەروێش:** بازرگان. من مامۆستا بوومو (بەپەلە پەنجە بۆ فایلەکە درێژ ئەکات) کردمی بەبازرگان، قوربان. بازرگان!

**حاکم:** دەی ئێستا مامۆستایت یان بازرگان؟

**دەروێش:** قوربان هەردووکیان (خێرا پەشیمان ئەبێتەوە) نا..نا گەورەم بازرگان.

**حاکم:** (فایلەکە ئەخوێنێتەوەو) چەند منداڵت هەیە؟

**دەروێش:** چوار (خێرا بیری ئەکەوێتەوە) نا.. نا سێ منداڵ

**حاکم:** چوار یان سیان؟

**دەروێش:** چوار بوون (پەنجە بۆ فایلەکە درێژ ئەکات) ئینجا بوون بەسیان!

**حاکم:** (کەمێك ئەوەستێت، ئینجا خۆی بەلای هەردوو لێکۆڵەردا ئەخات تا بەچرپە رایان وەربگرێت، ئینجا پەنجەی شایەتمانی لێ بەرزئەکاتەوەو بەهەڕەشەوە) دەروێش عەبدولڕەحمان! تۆ ئەتەوێت گاڵتە بەدادگا بکەیت! فایلەکەت ئەڵێت تۆ پیاوێکی ساختەچیو فێڵبازیت، خواستی دادگا گەیشتنەڕاستییە، بەڵام ئەو تەڵەکەبازیو قسە بێڕێوجێیانەی تۆ بوونەتە کۆسپ! تۆ بەترسناکترین تاوان گوناهبار کراویت کەدژ بەکۆمەڵو دەوڵەتیشە، تۆ ئەزانیت چ شتێك فریات ئەکەوێت؟ ئەو شتە تەنها راستییە، گوتنی راستییە (دەست بەفایلەکەدا ئەدات) خۆ ئەگەر بۆ دۆزینەوەی راستی یارمەتی دادگا نەدەیت، وا بەم راستییانەی بەردەمم تاوانبار ئەکرێیتو سزا ئەدرێیت، ئەمەش باشترین هەلو دەرفەتە بۆ تۆ، بڕواناکەم جارێکیتر هەلی وا باشت بۆ هەڵبکەوێتەوە (ئەوەستێتو سەیرێکی دەروێش ئەکات) ئینجا ئێستا راستییەکە ئەڵێیت یان نەنە؟ بۆ دواجار ئەیڵێمەوە: راستی ئەڵێیت یان نەنە؟

**دەروێش:** (سەرنجی حاکم ئەداتو ئینجا سەیری لێکۆڵەرەکان ئەکات)

**حاکم:** (بەمێزەکەدا ئەکێشێت) هەر سەیری من بکە من.. نامەوێت سەیری ئەملاوئەولا بکەیت، راستیم لەتۆ ئەوێت، تەنها راستی.. تێیگەیشتیت؟

**دەروێش:** (بەگرژبوونەوە) ئەی ئەگەر راستییەکەم گوت هیچ کەس بەرۆکم پێناگرێ؟

**حاکم:** نەخێر کەس هەقی بەسەرتەوە نابێت تۆ لەحەرەمی دادگاو لەژێر سایەی یاسادایت، کێ ئەتوانێت قسە بکات.. یاسا حوکم ئەدات یاسا.

**دەروێش:** ئەی لەدواییدا؟ یەعنی دوای ئەم دادگایە ئەگەڕێمەوە حەپسخانە؟

**حاکم:** لەهیچ شتێك ترست نەبێت، هەر شتێکی وا لەدژت کرا یەکسەر خۆم ئاگادار بکە خۆم! بۆیە من پێت ئەڵێم کەڕاستییەکان بڵێ‌و مەترسە.

**دەروێش:** (بەدڵخۆشییەوە بەرەو مێزەکە ئەڕوات) باشە گەورەم کەوا بوو ڕێگەم ئەدرێ کەڕاستی بڵێم، بۆیە راستی ئەڵێم.. راستی. لەڕاستیدا گەورەم ئەوەی من بینیم کەس نەیبینیوە، هەر بەچاوەکانی خۆم بینیم.

گەورەم لەسەرەتادا من شتێکی ئەوتۆ نەبووم بگرە هەر هیچ نەبووم، شیاوی یاسکردن نەبووم، زۆر بەکەمی ئاگاداری راستی بووم، راستی دیاردەیەکی دوور بوو، هەر زۆر دوور بوو، لەشوێنێکی وادا هەڵواسرابوو کەمن هەر بیریشم لێ‌نەئەکردەوە، جیهانیش لای من زۆر سادە بوو، هەمووشتێك لەشوێنی خۆیاندا بوون، خەڵك بەئاسانی تێیان ئەگەیشت، بەڵام لەوکاتەوە کەڕووناکی راستی دەرکەوت‌و تیشکی خۆی بڵاوکردەوە، ئیتر هەمووشتێك ئاوەژوو کرا، هەمووشتێکی ناو ئەم جیهانە بوون بەدرۆیەکی گەورە، ئەو تیشکانە چاویان لێڵ کردم، بەڵکو هەر کوێریان کردم، ئیتر هەموو شتەکان لەبەرچاوم لنگەوقووچ کران، جیهان هەژاو هەموو سازو ئاوازو ساکارییەکی تێك دا، گەورەم حاکم.. ئەوەی نەبینرابوو من بینیم‌و ئەوەی نەئەبوو ببیسترێ.. من بیستم!

**حاکم:** (دەستی بۆ رائەوەشێنێت‌و ئەیوەستێنێت) بەسە بەس! ئەوە تۆ باسی چی ئەکەیت! من ئەمەوێ راستی بۆ دادگا روون بکەیتەوە، ئەو قسە پڕوپووچانە چییە!

**دەروێش:** بەڵێ گەورەم خۆ منیش ئەمەوێت هەروا بکەم.

**حاکم:** (ئەیوەستێنێت)، جارێ تۆ بوەستە، ئێستا یەکەیەکە پرسیارەکانت لێ‌ئەکەم (دەست ئەخاتە سەر فایلەکە) ئەوەی لێرەدا نووسراوە راستە؟

**دەروێش:** (پاشەکشەیەك ئەکات) ئاخر گەورەم من ئەمەوێت باسی راستییەکەت بۆ بکەم، من بەدەستم کرد بە...

**حاکم:** (دیسان ئەیوەستێنێت) راستییەکە هەر دەرئەکەوێت. وەڵامم بدەرەوە: باسەکانی ناو ئەم فایلە راستن یان نە؟

**دەروێش:** (بەسەرسوورمانەوە) یەعنی ئەتەوێت لەفایلەکەوە دەستپێبکەین‌و ئینجا بچینەوە سەر راستییەکە؟

**حاکم:** راستەوخۆو بەیەك وشە وەڵامم بدەرەوە!

**دەروێش:** بەڵێ گەورەم.

**حاكم:** پرسیارەکە دووبارە ئەکەمەوە: ڕووداوەکانی ناو ئەم فایلە ڕاستن یان نە؟

**دەروێش:** ڕاستن.

**حاكم:** لەگەڵ تاقمێك ڕەش‌وڕووت کەوتیتە پیلانگێڕان بۆ شۆڕش لەدژی دەسەڵاتی ڕەواو ڕاستەقینەی گەل؟

**دەروێش:** بەڵێ وایە.

**حاكم:** ئامانجی پیلانەکەش بۆ ڕووخاندنی سیستێمی کۆمەڵایەتی‌و زەوتکردنی دەسەڵاتی دەوڵەت‌و دابەشکردنەوەی سەروەت‌و سامان‌و هاوسانی‌کردنی هەموو خەڵك لەگەڵ یەکتری بە نەهێشتنی جیاوازییەکان لەنێوان ڕووت‌وڕەجاڵ‌و دەوڵەمەندەکاندا.

**دەروێش:** بەڵێ وابوو.

**حاكم:** باشە ئەی ددانی پێدا دەنێیت کەتاوانباریت؟

**دەروێش:** بەڵێ.

**حاكم:** بەلەسەبوون لەیاسا؟

**دەروێش:** بەڵێ.

**حاكم:** یاخی‌بوون لەیاسا؟

**دەروێش:** بەڵێ.

**حاكم:** زۆر باشەو ئەوە کافییە! ئەی ئێستا پەشیمان نیت؟

**دەروێش:** نەخێر...

**حاكم:** پەشیمان نیت لەو تاوان‌و لەیاسادەرچوونە؟

**دەروێش:** نەخێر...

**حاكم:** (هەوڵ ئەدات دڵی بداتەوەو بەو نیازە کەپەشیمانی دەربڕێت‌و بەڵێنی تۆبەکردن بدات) مەبەستم ئەوەیە ئایا ئێستا کەڕاستی مەسەلەکەت بۆ ڕوون‌و ئاشکرا بووە، ئەگەر جارێکی‌تر داوای هەمان کارت لێبکەن، وەکو یەکەم جار پێی‌هەڵئەستیت؟ یەعنی هەڵوێستت لەهەردوو جارەکەدا وەك یەك ئەبێت؟

**دەروێش:** نەخێر گەورەم! بێگومان وەك یەك نابێت.

**حاكم:** (خۆی بەپشتدا ئەخات‌و هەناسەیەك هەڵدەکێشێت) یەعنی تۆ ئێستاکە پەشیمانیت!

**دەروێش:** نەخێر گەورەم، من لەوە پەشیمانم کەهیچم نەکرد!

**حاكم:** چۆن؟

**دەروێش:** دوای ئەوەی راستیم بۆ دەرکەوت و ئەوەی تێینەگەیشتبووم تێیگەیشتم.

**حاکم:** کەوابوو ئەو کاتە دەرکت پێکرد کە هەڵەت کردووە؟

**دەروێش:** ئاخ گەورەم حاکم! بەڵکو من ئەو کاتە تێیەگەیشتم کە هەڵەبووم!

**حاکم:** (بەمێزەکەدا ئەکێشێت) رزگارمان بکە، ئەوە ددانپییانانێکی ئاشکرایە بەپەشیمانیتدا. گوێ بگرە دەروێش! ئەزانیت کەپەشیمانبوونەوەت یارمەتیدەرێکی زۆرباش ئەبێت بۆت، چونکە ئەوکاتە دادگا بەچاوێکی بەزەییەوە سەیری کێشەکەت ئەکات و سزاکەت ئاسان و سووکتر ئەکات. (فایلەکە دائەخات)

**دەروێش:** (بەخێرایی) گەورەم...گەورەم.

**حاکم:** چییە؟ هیچی زیاترت پێیە بیڵێیت؟

**دەروێش:** ئەی خۆ ئێمە تائێستا باسی راستییەکەمان نەکردووە! ئەی جەنابت نەتانفەرموو لەدواییدا دێینە سەر ئەوەش!

**حاکم:** (دێتە پێشەوەو دەست ئەخاتە سەر مێزەکەی) ئەی گوایا تائێستا باسی چیمان کردووە، لەگەڵ چی خەریك بووین! ئەی گوایە حیکایەتمان کردووە!

**دەروێش:** گەورەم قسەمان هەر لەسەر فایلەکە کردووە.. فایلەکە!!

**حاکم:** ئەی خۆت ددانت بەوەدا نەنا کەناوەڕۆکی فایلەکە هەمووی راستە!

**دەروێش:** بەڵێ.. بەڵێ وابوو! بەڵام مەسەلەی راستییەکە مەسەلەیەکی زۆر جیاوازە لەناوەڕۆکی فایلەکە.

**حاکم:** (بەمێزەکەیدا ئەکێشێت) باشە تەنها بەیەك وشە وەڵامم بدەرەوە: تۆ تاوانباریت یان بێتاوان؟

**دەروێش:** تاوانبار.

**حاکم:** (لەدانیشتنەکەیدا پشوویەك بەخۆی ئەدات) ئێ ئێمەش هەر ئەوەمان بەسە، وا خۆت بەدەمی خۆت ددانی پێدا ئەنێیت و ئەڵێیت؛ تاوانبارم!

**دەروێش:** باشە گەورەم ئەی لەڕاستی تاوانەکەم ناپرسیت؟ ئەی ناتەوێت راستی تاوانەکەم بزانیت!؟ ئەی ناتەوێت بزانیت چۆن چۆنی تاوانبار کرام، تاوان درا بەکۆڵمدا؟

**حاکم:** تاوانەکەت زۆر زۆر ئاشکرایە، یاخیبوون لەیاساو دەوڵەت! ئیتر تاوان لەوە گەورەتر! لەتۆ تاوانبارتر!

**دەروێش:** نەخێر گەورەم ئەوە پێچەوانە کراوەتەوە! تەنها تاوانی من ئەوەیە کەبێتاوانم!

**لێکۆڵەری یەکەم:** (بەدەنگێکی ساردو لەخۆڕازیبوونەوە) دادگا بەهەردوو گوێی خۆی لەزاری خۆتی بیست کەئیعترافت بەتاوانەکەی خۆت کرد!

**لێکۆڵەری دووەم:** (بەهەمان دەنگ) هەروەك چۆن بەتۆمارکراوی، ژمارەکراو، سەلێنراو بەبەڵگەوە ئا لەو فایلەدا تاوانبارکردنەکەت هاتووە، هەر بەوجۆرە راستییەکە بۆ دادگاش دەرکەوت!

**دەروێش:** (بەحاکم) دە گەورەم رێگەم بدە با بۆتی روون بکەمەوە، دە ئەم هەلەشم بدەرێو هەر ئێستا وەك رۆژی رووناك ئەو راستییەتان پێنیشان ئەدەم... قوربان! ئەوەی ئەو دوو گەورەیە (دەستی بۆ هەردوو لێکۆڵەر درێژ ئەکات) ئەیلێن راستە! رووداوو ژمارەو بەڵگە لەفایلەکەدا رێکخراون کەهەر هەمووی بێتاوانی من تاوانبار ئەکەن. گەورەم! تەنها بێتاوانی من تاوانبارە، بەڵام راستی بێتاوانم شتێکیترە! گەورەم! بڕوام پێبکە ئەو راستییە شتێکیتری جیاوازە! (هەردوو لێکۆڵەر ئەیانەوێت قسە بکەن، بەڵام حاکم بەهەڵچوونەوە بەمێزەکەدا ئەکێشێتو ئەڵێت):

**حاکم:** ئەرێ دوای ئەو هەموو تاوانە گەورانە تۆ هەر باسی بێتاوانی خۆت ئەکەیت! دەی پێمان ناڵێیت چۆن تۆ ئەڵێیت من بێتاوانم! سووربوونت لەسەر تاوانکردن گەیشتە ئەو رادە ترسناکە، ئینجا دوای ئەوەش هەر ئەڵێیت من بێتاوانم!

**دەروێش:** بەڵێ گەورەم من بێتاوانم، ئەبێ جەنابتان لەبێتاوانیم بکۆڵنەوە نەك لەتاوانباریم! بێتاوانیم خۆی مەسەلەی ویژدانو ئازارە، جەوهەرو بنچینەی ئەو مەسەلەیەیە کە لەبەردەمتاندایە!

(جارێکیتر هەردوو لێکۆڵەر ئەیانەوێت قسە بکەن، بەڵام حاکم بەمێزەکەدا ئەکێشێت...)

**حاکم:** ئەرێ تۆ (بەدەروێش) ئەتەوێت لەبەردەم دادگادا خۆت بەگێلو شێتۆکە نیشان بدەیت! وا ئەزانیت بەوە خۆت رزگار ئەکەیتو سەر لەئێمە ئەشێوێنیت!

**دەروێش:** (ئەچێتە پێشترو بەخوێنگەرمیو هەڵچوونەوە) گەورەم ئەگەر گوێ لەمن بگریت وا وەکو من راستیت بۆ دەرئەکەوێت، من نامەوێت لەئێوەی بگەیەنم کەگێلو شێتۆکەم! نەخێر گەورەم بەپێچەوانەوە، من ئەمەوێت لەمڕۆ بەدواوە خۆم

گێل نەکەم! ئەمەوێت باوەش بەهوشیاریدا بکەم تا رەگوڕیشەی لەناو ناخی گیانو دەروونمدا بنبەست بکات، ئەمەوێت هوشیاری بەهەموو لەشمەوە دیار بێت، هەروەك چۆن خۆر لەرۆژی رووناکدا ئەبینرێت، ئەمەوێت بەو هوشیارییەوە راستی، هەموو راستییەك بەئاشکراو نهێنییەکانییەوە، هەموو گیانم پڕ بکات. من ئەوەندە تینوی راستیم کەهەموو دنیا بەدوویدا تەی ئەکەم، لەهەر شوێنێکدا دەربکەوێت خێرا بیگرمە باوەش! دەخوازم کەئێوارەو بەیان، شەوو رۆژو نیوەڕۆ پرشنگی رووناکییەکەی هەموو ئاسمان بگرێتەوە... هێندە تامەزرۆی بینینیم کەزۆر زیاتر لەئافرەتو بەختیاریو دەوڵەمەندیو خۆشگوزەرانی ئارەزووی ئەکەم، تا زیندوو بم بەهیچ شتێکی ناگۆڕمەوە، من راستیم ئەوێت، ئەو راستییەی کە لەپێناویدا گیانو ژنو ماڵو منداڵو ژیانو خۆشیم بەخشیوەو بەزۆری زۆردارەکی لێیان زەوتکردم! ئەمەوێ پێیبگەم، ئەگەر خۆری سووتێنەری ساتەکانی نیوەڕۆژی سەر زەمینێکی چۆڵوهۆڵی بێسێبەرو ئاوو ژیانیش بێت.

**حاکم:** (بەلێدانی یەك لەسەر یەك بەمێزەکەیدا ئەیەوێت بیوەستێنێت): بەسە بەس! وتار خوێندنەوەم ناوێت، من راستییەکەم ئەوێت راستی! ئەوانە قسەی هەلەق‌ومەلەقن، دەی ئەو راستییە کوا کەهێندە بۆی تینوویتو ئەو نرخە گرانەت لەپێناویدا داوە! دە ئەو راستییەم بۆ دەربخە (بەمێزەکەیدا ئەکێشێت) هەر ئێستا ئەو راستییەم ئەوێت هەر ئێستا، دەی کوا ئەو راستییە! دە بۆم دەربخە تا بڕوای پێبکەم!

**لێکۆڵەری یەکەم:** (بەدەنگێکی ساردی درێژکراوەوە) گەورەم جەنابی حاکم راستییەکە وا لەبەردەستتاندایە، لەناو فایلەکەدایە!

**لێکۆڵەری دووەم:** (بەهەمان دەنگ): راستی تەواو وا لەناو فایلەکەدا، هەروەکو خۆر لەئاسماندا دیارو ئاشکرایە.

**دەروێش:** (بەهەمان هەڵچوونو ورووژاوییەوە ئەچێت بۆ لای لێکۆڵەری یەکەمو ئینجا بۆ لای دووەم): درۆیە گەورەم هەمووی درۆیە درۆ، تەنها سادەییو بێهۆشی من لەو فایلەدایە! فایلەکە هەمووی درۆودەلەسەیە! لەو فایلەدا تەنها چیرۆکی پیاوێکی گەوجو نەفام هەیەو هیچیتر! بەڵام راستی گەورەم راستی وا لەدەری فایلەکە.

**حاکم:** (بەمێزەکەدا ئەکێشێت بۆئەوەی ژاوەژاوی قسەی نێوان هەردوو لێکۆڵەرو دەروێش بوەستێنێت): ئەڵێیت راستی لەدەری فایلەکەدایە؟ دەی با بڵێین وایە، ئەی باشە لەکوێدایە کوێ؟ دە نیشانم بدە بابزانم چ رەنگە!

**دەروێش:** (ئاوڕی لێ ئەداتەوەو رووبەڕوو ئەبێت) وا لەجیهاندا گەورەم، لەجیهاندایە.. جیهان.

**حاکم:** یەعنی بێتاوانی تۆ لێرەشدایە (دەست بۆ فایلەکە رائەکێشێت)و لەجیهانیشدایە؟

**دەروێش:** گەورەم! جیهان خۆی تاوانبارە خۆی!

**حاکم:** یەعنی جەنابت ئەتەوێت ئێمە جیهان بگرین تا بزانین تاوانبارە یان بێتاوان! ئەتەوێت جیهان کێش بکەین بۆ ئێرە!

**دەروێش:** گەورەم حاکم! جیهان خۆی راونراو، ریسواکراوە، لەتاوان بارکراوە. ئەوانەش (دەست بۆ هەردوو لێکۆڵەر رائەکێشێت) بێتاوانی جیهان راوئەکەنو ئەیگرنو ئەشکەنجەی ئەدەن، بۆئەوەی جیهان بەپڕ لەتاوانو خراپەوە بهێنێتەوە.

**حاکم:** دەروێش عەبدولڕەحمان تۆ خەریکیت شوولی لێ هەڵئەکێشیتو تاوانێکی تری وا ئەخەیتە سەر تاوانەکانی ترت کەهەرگیز لێخۆشبوونی بۆ نییە.

**دەروێش:** ئەوە گرنگ نییە گەورەم گرنگ نییە! با تاوانێکی تریش بچێتە سەر تاوانەکانم، خۆ من هەر تاوانبارم ئیتر جارێك بێت، دووبێت یان سەد، بۆ من هەروەك یەك وایە! دوای ئەوەی من راستییەکەم بۆ دەرکەوت ئیتر گەورەم هیچ شتێکی ترم بەلاوە گرنگ نییە! گرنگ ئەوەیە کەمن بزانم! گەورەم حاکم کەتۆ بزانیتو هەموو خەڵك بزانن، هەر هەمووان ئەوە بزانین کەئەو تەلارە بەرزو سەرکەشەی سەرانسەری ئەم ئەستێرەیەی گرتۆتەوەو پێی ئەڵێن جیهان، لەسەر یەك پوش وەستاوە! بەڵێ لەسەر تەنها یەك پوش! بەڵێ لەسەر تەنها یەك پوش! ئینجا گەورەم بیهێنە بەرچاوی خۆت: جیهانێکی قەبەو بەرین کەهەموو سەر زەمین بگرێتەوە، لەسەر یەك پوش وەستابێت.

**لێکۆڵەری یەکەم:** (بەدەنگە ساردەکەی) چاوتان لێیە، ئاگادارن! چۆن یاخیبوونو شۆڕش لەدژی جیهان لەخوێنیدا قووڵپ ئەدات!

**لێکۆڵەری دووەم:** (لەهەمانکاتدا) خواستی شێتانەی وێرانکردنی جیهانی بەشیرەوە خواردووەو بەزمانی خۆیو بێپەردە ئاشکرای ئەکات!

**حاکم:** (چەند جارێك لەمێزەکە ئەدات) جیهان لەسەر پوشێکە، تۆش ئەتەوێت ئەو پوشە لاببەیت! وانییە؟

**دەروێش:** نا گەورەم بەپێچەوانەوە، ئەگەر لایببەم وا جیهان ئەڕووخێت! بۆیە من بەدوای رزگاربوونیدا ئەگەڕێم نەك رووخاندنی! من نامەوێت جیهان وێران بکەم.

**حاکم:** (بەجۆرێك تورەبووە کەخەریکە لەپشت مێزەکەیەوە هەڵمەتی بۆ بەرێت): کەوابوو هەموو راستییەکەی تۆ ئەوەیە کەجیهان لەسەر پوشێك وەستاوە! ئەمەیە ئەو راستییەی کەدەتەوێ گشت ماڵو منداڵو ژیانو خۆشگوزەرانیو روناکی چاوی هەمووان بکەینە قوربانی بۆی!! هەی تێکدەرو ئاژاوەچی! ئا ئەوە هەموو راستییەکەتە!؟

(هەردوو لێکۆڵەر ئەیانەوێت قسە بکەن، بەڵام حاکم بەتورەبوونەوە بەمێزەکەدا ئەکێشێت، هەڵچوونەکەی بەشێوەیەکە کەنازانێت چۆن لەسەر کورسییەکەی خۆی بگرێت) ئێوە وازی لێبهێنن، بۆ خۆم وازی لێ بهێنن، خۆم چاری ئەکەم!

**دەروێش:** گەورەم ئەو دووانە هەمووشتێکیان تێك داوە! تەنها ئەو دووانە لەهەمووشتێك بەرپرسیارن!

ئەو دووانە هەمووشتێك ئەکەن... ئەگینا من چیم هەبوو بەسەر راستییەوە، چی پەیوەندییەکم بەسەر راستییەوە هەبوو!؟ من هەر هەقم بەسەر هیچ شتێکەوە نەبوو! تا ئەو دووانە هاتنو لەناو ئاسودەییو بێئاگاییمدا دەریانهێنام، ئەو دووانە بوون بەهۆی رووداوەکان! هەردووکیان بوونە هۆی گڕگرتنی ئەو نەفرەتەی لەخوێنمدا چەقاندیانو وایان لێکردم کەوێڵی راستی ببم! بەدوویدا بگەڕێم، هەر ئەو جووتە بەجۆرێك مارانگازیان کردمو توڕیان دامە ناو گێژاوەوە کەدەست بۆ هەمووشتێك رابکێشم هەروەك چۆن مرۆڤی بەردەم ساتەکانی خنکاندن دەست بۆ پوشیش درێژ ئەکات، بەڵێ ئابەوجۆرە ئەو دووانە بێئاگاییو بێتاوانییان لێم زەوتکرد، هەموو ئەوشتانەی منیان بەجیهانی بێئاگاییو بێهۆشییەوە بەستبووەوە بەزۆر داگیریان کرد! کاتێك هۆشم بەخۆدا هاتەوە لەبۆشاییدا هەڵواسراوم، لەبۆشاییدا وەستاوم، ئەڕۆم، قسە ئەکەم، ئیتر بەدەردێکیان بردم کە وا بزانم هەمووشتەکانی سەر رووی ئەم جیهانە لەسەر پوشێك وەستاون، سەرجەم راستیو پاکیو هەقو یەکسانی تەنها مێزەلانێکەو فووی تێکراوە، هەر کەمێ بگوشرێت ئەتەقێتو پارچەکانی ئەچن بەئاسماندا.

**حاكم:** (لەسەر كورسییەكەی هەڵئەستێت‌و دائەنیشێتەوە) چاوتان لەم سەریەشەیە هەیە! (بەلێكۆڵەری دووەم) ئادەی حەبێكم بدەرێ، یا دووحەبم بدەرێ، یا دووحەبم بدەرێ دووان، (هەردووكی ئەداتێ‌و قووتیان ئەدات) هەروا ئاسان نرخی مرۆڤ‌و چاكەو دڵسۆزی بوون بەمیزەڵان‌و تەقێنرا!! بوو بەیاری منداڵان؟ (بریسكەی چاوی بووە بەگڕو پریشكی لێ‌ئەبارێ) ئەوە من چی ئەبیستم‌و چی ئەبینم؟

**دەروێش:** ( لەسەر قسەكانی بەردەوام ئەبێت، ئازایەتییەكی ئەوتۆ باڵی بەسەردا كێشاوە كەهەروەكو شێتی لێ‌هاتبێت) بەلآم تەنها ئەو دووانە بەرپرسیارن!( پەنجەیان بۆ درێژ ئەكات) گەورەم.. دە بیهێنە پێش چاوت‌و بزانە چۆن ئەم كارەساتە رووی دا! لەراستیدا ئەو كێشەیە، بگرە هەرهەموو كێشەكە لەناو یەك نوختەی بچووكەوە تەقییەوەو هەرسێكمانی گیرۆدە كرد، ئەو دوو بەرێزانەو بەندە... ئەوان دەروێشێكیان ئەویست، ئەو دەروێشە كەسێكە، بەلآم هەزاران دەروێش ناوی‌تریش هەن، منیش بۆ نەگبەتی منیش ناوەكەم دەروێشە. یەكێكیان پیلانگێڕێكی ترسناكە، یەكێكی‌تریان سادەو ساكارو بێ‌ئاگا لەدنیا، گومانیش تەنها لەناوەكەیە، هەر تەنها لەناوەكەو هیچی‌تر! ئیتر گومانەكە گەورە كرا... گەورە كرا گەورە كرا تا سەرانسەری جیهان‌و هەموو دانیشتووانیشی گرتەوە، سەرەنجام كاسەكەیان لەسەری مندا شكاند.

ئەو دوو لێكۆڵەرە منیان كرد بەدەروێشێكی‌ترو ئیتر مەسەلەكەیان داخست! فایلەكەیان پڕپڕكردەوەو منیان پێ تاوانبار كرد ئیتر لەوكاتانەوە، گەورەم حاكم.. خەمە گەورەكە دەستی پێكرد، گەران بەدوای راستیدا دەستی پێكرد. باشە گەورەم ئەگەر من خۆم لەشتێكەوە كردبێت بەشتێكی‌تر، ئەی ئەبێ چی وا لەشتەكانی دەوروپشتم بكات كەهەر وەكو خۆیان بمێننەوە؟ راستی بوو بەخەیاڵ‌و خەیاڵیش بوو بەراستی ! ئەوەی نەبوو خولقێنرا، هێنرایە ئاراوە، نەبوو كرا بەبوون، گەورەم! ئیتر لەو رۆژەوە هەمووشتێك گۆڕرا، دۆودۆشاو تێكەلكران، هەموو شتێك ئاوەژوو كرا، سادەیی بوو بەوریایی، بێ‌هۆشی بەزیرەكی، ئاقڵی بەشێتی‌و هێمنیش بەئاژاوە. شتەكان هەمووی جێگۆڕكێیان پێكرا، راستی لەگەڵ درۆ، چاكە لەگەڵ خراپە، تاوان لەگەڵ بێ‌تاوانی ئیتر بووم بەپیاوێك كەدووناوو دوومالّو دووژن دووئیش‌و دووجیهانی هەبێت. یەكەمیان لێپرسراو، ئەوی‌تریان فرێ بەسەر لێپرسراوییەوە نییە... بێ‌تاوان‌و تاوانبار، ساكارو فێڵباز، ئاشتیخوازو ئاژاوەچی، بازرگان‌و

مامۆستا... دە گەورەم خۆت پێمبڵێ لەناو ئەو گێژاوەدا ئەمتوانی چی بکەم!؟ تو ویژدانت! تۆ پێمبڵێ ئاخر بێدەسەڵاتێکی وەکو من ئەیتوانی چی بکات! خۆ نەمدەتوانی خۆم دەرباز بکەم، ئەی چیم بکردایە! شێت ببوومایە.. شێت!؟

**حاکم:** (یەکسەر دوابەدوای ئەو): شێت ببیت!

**دەروێش:** یاخود تیشکی راستی مێشکم روونـاك بکاتـەوە! سـەرەنجام تیشکـی راستی مێشکمی رووناك کردەوە.

**حاکم:** (خۆی ئەباتە دواوە) چی؟

**دەروێش:** تیشـکی راسـتی مێشـکمی روونـاك کـردەوەو هوشـیار بوومـەوە تێیگەیشتم کەجیهان تێکچووە، تاوانبار کراوە، ئەلەرزێ، لەسەر پوشێك وەستاوە، ئـەم دووپیـاوەش، هـەردووکیان (پەنجـە بـۆ هـەردوو لێکۆڵـەر درێـژ ئـەکات) بەرپرسیارن‌و هۆی ئەم کارەساتەن.

(هەردووکیان ئەیانەوێت هەڵبدەنێ‌و قسە بکەن، حاکم ناهێڵێت‌و بەمێزەکەدا ئەکێشێت)

ئەم دووپیاوە بەرپرسیارن لەتێکدانی جیهان! ئەگەر دەستیان نەگیرێت‌و بەوجۆرە دوای جیهان بکەون‌و لەسەر راوکردنی دانیشتووانی بەردەوام بن، وا هەمووی بەسەر هەژارو بێدەرەتانەکاندا هەرەس ئەهێنێت‌و قیامەت هەڵئەسێت!

**حاکم:** (دەموچاوی ئەسڕێت، سەیرێکی دەروێش ئەکات ئینجا بەهەردوو لێکۆڵەردا هەڵئەڕوانێت، بەبێ‌مەبەست فایلەکە پەڕە پەڕە ئەکات) کەوابوو تۆ ئەو کەسە نیت!

**دەروێش:** نەخێر

**حاکم:** تۆ بێ‌تاوانیت؟

**دەروێش:** گەورەم پێش ئەوەی ئەو جووتەی تەنیشتت بگرن من بێ‌تاوان بووم.

**حاکم:** وەڵامم بدەرەوە تۆ بێ‌تاوانیت یان تاوانبار؟

**دەروێش:** هیچیـان گـەورەم! نـە تاوانبـارم‌و نـە بێ‌تـاوان، مـن لەگـەڵ جیهـاندا هاوکارم! من بەشێکم لەجیهان.

**حاکم:** (هەناسەیەکی قووڵ هەڵئەکێشێت، خۆی بەسەر مێزەکەدا ئەدات):

دەروێش عەبدولرەحمان! جیهان نە یەکێکەو نە کۆمەڵێك، نە پارتییەکەو نەتاقمێکی چەتەو ڕێگر!

جیهان جیهانەو تۆش تۆیت، دەرویشیت، بەیەك وشە بیڵێ: تۆ تاوانبـاریت یـان بێتاوان؟

**دەرویــش:** (زیـاتر بـەرەو مێزەکـە ئەچێتـە پێشـەوە تـا بەتـەواوی رووی نزیــك بەدەموچاوی حاکم ئەبێتەوە): گەورەم حاکم! ئــەوە تــۆ ئـەڵێیت چـی! کارەسـاتێکی گەورە هەرەشە لەجیهان ئەکات، ئەی بەچاوی خۆت نابینیت کەمن لەگـەڵ جیـهاندا هاوکارم!؟

**حـــاکم:** (رووبــەڕووی دەروێـــش ئەمێنێتـــەوە): ئایـــا ئەتـــەوێت جیـــهان بەکەلەپچەکراوی بهێنینە بەردەم دادگا؟ دە بڵێ دەی! ئەتەوێت وا بکەین؟

**دەروێش:** ئەو دووانە (پەنجە بۆ هەردووکیان درێژ ئـەکات) قوربـان ئـەو دووانـە بەیەك شەوو رۆژ بۆت جێبەجێ ئەکەن!

بەپێبەندو کەلەپچەکراوی جیهان لەبەردەمتاندا قوت ئەکەنەوە! تەواوی بێتاوان‌و دڵسۆزو هەژاران راو ئەکەن، لەپەل‌وپۆیان ئەخەن‌و بـۆ بـەردەمتان کێشـیان ئەکـەن! گەورەم... گەورەم... هەر ئەوەندە بزانە جیـــهان کێـش ئەکەنـە بـەردەمتان‌و لـەتاواندا نوقمی ئەکەن.

**حاکم:** (ئەچێتە داوەو هەناسەیەك ئەداتەوە) تۆ چـاوەڕوان بـە چـاوەڕوان، ئێمـە جیـهان ئەخەینـە لاوەو تـۆ دادگـایی ئەکـەین! هـەر بـەم تاوانانـەی ئـێرە (دەسـت بەفایلەکەدا ئەدات) سزات ئەدەین! خـۆ ئـەوەی لێرەدایـە هـەر هیـچ نییـە! تـاوانی گەورەتر ئەوەیە کەتۆ هەموو جیهان بەخراپەو تاوان‌و ئاژاوە دائەنێیت، بەڵام جیـــهان تاوانبار نییە، بەڵکو تۆ تاوانباریت تۆ، جیهان گەش‌و خاوێن‌و جوانــە، تـۆ شـایەنی ئەو جیهانە نیت، هیچ رەوای هەق نییە تۆی تێدا بژیت (کەمێك لێی‌وردئەبێتـەوە) بەڵێ.. بەڵێ تۆ مـافی ژیانت نەمـاوە! بۆیە بڕیار ئەدەین تۆ لەم جیهانە دەربکـەین... لەتۆو ئەمسالی تۆ پاکی ئەکەینەوە.

**دەروێش:** (تائێستاش دەستی هەر بەمێزەکەوەیـە) گـەورەم ئـەوە زۆر زەحمەتـە، مـەحاڵە کەس بتوانێت جێبەجێی بکات.

**حــاکم:** زۆربـاش جێبـەجێی ئەکـەین‌و (یـەکێك لەلێکۆڵـەرەکان خـۆی بـــەلای حاکمدا ئەچەمێنێتەوەو بەگوێیدا ئەچرپێنێ‌و حاکمیش سەری بۆ ئەلەقێنێت) باشە ئەم جیهانە هەقی بەسەر ئەو هەموو شتەوە چییە!؟

رەنگە خواستت ئەوەبێت کەخۆت بکەیت بەتێکۆشەرو پاڵـەوانێکی شـەهید، نـا بەسەری باوکت پێی‌ناگەیت! نایەڵین بەو ئاواتەش بگەیت!

**دەروێش:** (بەترسێکەوە) گەورەم...گەورەم من نامەوێت شەهید ببم، من ئەمەوێت خۆم رزگار بکەم، جیهان رزگار بکەم، ئەمەوێت بژیم.
حاکم: (خۆی بەرەو مێزەکە ئەهێنێتە پێشەوە) ئێمە ئەمانەوێت ئارامو ئاسایش بەرکەماڵ بێت، یەکسانی لەئارادا بێت، یەکێك نەبێت کاری خواکردە تێك بدات، بۆیە پێویستە سزای ئەوکەسانە بدەین کە لەیاساو ئاسایش‌و بەرژەوەندی کۆمەڵ دەرئەچن‌و لێیان یاخی ئەبن، (لێی‌وردئەبێتەوە) تۆش یەکێکیت لەوانە! تۆ دەروێش عەبدولڕەحمانی پیلانگێڕو ئاژاوەچیت... تۆمان ئەوێت تۆ!
**دەروێش:** ئاخر کام دەروێش عەبدولڕەحمان قوربان؟
**حاکم:** (پەنجە ئاراستەی دەموچاوی ئەکات) ئەم دەروێش عەبدولڕەحمانە! تۆ، تۆی دەروێش عەبدولڕەحمانی خاوەن کێشەی ژمارە: نۆ نۆ نۆ (ژمارەکان ئەخوێنێتەوەو پاڵ بەکورسییەکەوە ئەداتەوە)
**دەروێش:** ( ترس زۆری بۆ ئەهێنێت) گەورەم.. گەورەم ئەو دووانە چەواشەت ئەکەن، هەردووکیان سەرت لێ‌تێك ئەدەن (پەنجە بۆ هەردوو پیاوەکە درێژ ئەکات) بەخوا کاتێك بەخۆت ئەزانیت شمشێرەکەتیان لەگەردنی هەموو هەژارو دەروێشەکان توندکردووە، یەك لەدوای یەك هەر هەموو بێ‌تاوانەکان کێش ئەکەنە بەردەمت. نەك یەکێکیان، بەڵکو هەرهەموویان تاوانبار ئەکەیت... بۆیە باشترە هەر من بکوژیت! من بکوژە من! هەر تەنها دەروێشێك بکوژە، بەهەر تاوانێك کەخۆت ئەتەوێت بڕیاری کوشتنم بدە تەنها بەو تاوانە نەبێت کە لەبەردەمتدایە! تکات لێ‌ئەکەم پارێزەری یاسا! با دادپەروەری دەنگ بداتەوەو بەناوی ئەو دووپیاوەوە تاوانبارم مەکە، ئەوە فێڵێکە، ساختەیەکەو رێگە مەدە سەر بگرێت! ئەگەر ئێستا بڕوای پێ‌بکەیت، دوایی لەپاشەڕۆژدا ناتوانیت پەشیمان ببیتەوەو خۆتی لێ‌بێبەری بکەیت! دادگاکەشت ئەبێتە قەسابخانەیەك بۆ سەرجەم بێ‌تاوان‌و هەژارو دەروێشەکان.
**لێکۆڵەری یەکەم:** (بەدەنگێکی ساردەوە) تاوانەکە ئاشکرایەو ئێستاش سزاکەی ئەبیستین.
**لێکۆڵەری دووەم:** (بەدەنگێکی ساردەوە) تاوانکردن سوودی بەکەس نەگەیاندووەو سزای تاوانیش وەك رۆژ دیارە.
**دەروێش:** (بەهەردوو دەستی هەردوولای مێزەکە ئەگرێت) گەورەم! بیانوەستێنە! دەسەڵاتیان پەك بخەو لەشوێنی خۆیان سڕیان بکە تا کار لەکار

نەترازاوەو جیهان نەبۆتە تاریکستانو ئاژاوە. هەردووکیان سەرچاوەی هەموو خراپەیەکن، داردەستن بۆ دژایەتی هەموو مرۆڤو نوقمکردنی جیهان لەتاوانو ساختەدا...

بەناوی راستیو عەدالەتەوە رایانبوەستێنە! پەردەیان لەڕوو هەڵبماڵە، وەکو ئالای شەکاوەی سوپایەکی سەرکەوتوو رووبەڕووی هەمووان بەرزی بکەرەوە با شەماڵ بیشەکێنێتەوە، پەردە لەسەر رویان هەڵبماڵە گەورەم، با هەمووان بەچاوی خۆیان تاوانو ساختەو درۆ شارراوەکان ببینن، پەردەی سەر رووخساری شارراوەیان بدڕێنەو وتجڕ وتجڕیان بکەو بەشەرمەزاری بەجێیان بهێڵە...

(حاکم دێتە پێشەوەو ئەچێتەوە دواوە، یەك لەسەریەك هەناسەی دوورودرێژ وەرئەگرێتو ئەیداتەوە، دەروێشیش تکاو رجای لێئەکاتو لێیئەپاڕێتەوە، بەهەڵچوونو نائومێدیو شێتگێرییەوە ئەیەوێت قسە بەدەروێش ببڕێت، بەڵام هەناسەبڕکێو ئاڵۆزی بیرەکانی دەبنە کۆسپی ئەو مەبەستەی، دوایی خۆی کۆئەکاتەوەو هێز ئەداتە خۆیو بەمێزەکەدا ئەکێشێت)

**حاکم:** دەروێش...دەروێش! گوێ لەبڕیاری دادگا بگرە!

(دەروێش ئەیەوێت قسە بکات، بەڵام حاکم بەمێزەکەدا ئەکێشێت...) بێدەنگ بەو گوێ لەبڕیاری دادگا بگرە!

(دەروێش ئەکشێتەوە شوێنەکەی خۆیو چاوی بڕیوەتە لێوی حاکم)

**حاکم:** دەروێش عەبدولڕەحمان! دادگا بڕیاری دا (قسەکە لەقوڕگیدا ئەمێنێتەوە، هەردوو لێکۆڵەریش بەپەلەو ترسەوە لێینزیك ئەبنەوە تا بزانن حاکم ئەیەوێت چی بڵێت)

دەروێش عەبدولڕەحمان دادگا بڕیاری دا (سەرلەنوێ ئەوەستێو وشەکە لەقوڕگیدا قەتیس ئەبێت): دادگا بڕیاری دا کەتۆ تاوانباریت (ئەوەستێت)، بەڵام بۆ دواجار دادگا پێش ئەوەی سزاکەت رابگەیەنێت، هەلێکیترت ئەداتێ تا ددان بەتاوانباریتدا بنێیتو پەشیمان ببیتەوەو تۆبە بکەیت.

**دەروێش:** (بەجۆرێك لەسەرخۆو هێمن ئەبێتەوە کەئەو هەڵچوونەی پێشترو ئەم هێمنییەی وای دەربخەن کەشێتە! هەروەك ئەوجۆرە کەسانەی کەئارەزوو و هەستو هەڵچوونی کوێرانە شێتگیریان ئەکاتو لەپڕێکیشدا ئارام ئەبنەوە) ئەبێت کێ سزا بدرێت!؟

**حـاكم:** ئـەبێت دەروێـش عـەبدولڕەحمانی تاوانبـار سـزا بدرێـت، ئـەبێت تـۆی یاخیبو و پیلانگێڕ سزا بدرێیت

**دەروێش:** باشە ئەگەر بەئارەزوو و خواستی خۆم بەو سزایە رازی بووم ئایا هۆی سزاکەم بۆ ئەگۆڕن!؟

**حاکم:** ( زۆر بەنەرمییەکەوە هەوڵ ئەدات کەهێمنو لەسەرخۆی بکاتەوە) ئەگەر ددان بەتاوانەکـەتدا بنێیـتو پەشـیمان ببیتـەوەو تۆبـە بکـەیت وا دادگـا لـەهۆی سووککردنی سزاکەت ئەکۆڵێتەوە!

**دەروێش:** (تائێستا پارێزگاری هێمنییەکـەی ئـەکات، بـەڵام نائـارامی لـەدڵو سینەیدا هاتۆتە کوڵ) ئاخر گەورەم! نازانم بۆچی ناتەوێت سـزای تەنـها یـەك کـەس بدەیت!؟ تەنها یەك کەس لەم جیهانەدا سزا بدەیت! بۆچی ئەتەوێت سزای هـەموان بدەیت!؟

**حاکم:** (بێئەوەی گـوێ بداتـە قسـەکانی دەروێـش، ئەیـەوێت هـەلێکیتری بـۆ بڕەخسێنێتەوە) ئەگەر تۆبە بکەیت وا دادگا...

**دەروێش:** (قسـەکەی پێئـەبڕێت) تکـات لـێئەکەم گـەورەم دادگـا مەکـە بەگاڵـتەجاڕ بـا دادگـا هاوبەشـی ئـەو یارییـە کۆنـە تازەکراوەیـە نـەکات! (بـە نائومێدییەکەوە سەیری ئەکات) کـەوابوو یارییەکـە هـەر بەردەوامـەو ئـەبێت هـەر لەیەکەم کاروانەوە تا دواکاروان قسابخانەکە هەر بەردەوام بێت!

**حاکم:** (بەردەوامە لەگوێنەدان بەقسەکانی دەروێش): گوێ بگـرە، بـۆ دواجـار رێگەی پەشیمانیو تۆبەت ئەدەمێ! ئەڵێیت چی؟

**دەروێش:** گەورەم! منیش ئەڵێم نامـەوێت! ئـەو رێگەیـە هـەڵنابژێرم! پێویستە هەموو مرۆڤێك رێگەی خۆی بدۆزێتەوە، ئێستاکەش تروسکاییەك لـەچوار دیـواری ئـەم زینداتـەدا بـەدی ئـەکرێت، ئـەم دووجانـەوەرە (دەسـتێکی بـۆ لای چـەپ بـۆ لێکۆڵەری یەکەمو ئەویتر بۆ لای راست بۆ دووەم لێکۆڵـەر رائەکێشـێ) ئـاخر بـەو بڕیارە ئەم دووجانـەوەرە لەسـەر راوکردنـی بێتـاوانو نوسـتووەکان بـەردەوام ئـەبن. (بەحاکم):

گەورەم حاکم! تۆ بڕیاری خۆت بدە، بەڵام من بەچاوی خۆم رۆژی راسـتیم بینـی ئەدرەوشایەوە.

(هـەردوو دەسـتی بـۆ دوور درێـژ ئـەکات، گـەورەم! لـەدوورەوە رۆژ ئەسـوتێو رووناکی خۆی پـەخش ئـەکات، مـن بـەچاوی خـۆم ئـەیبینم، لەبەرئـەوە کەجەنابت

نابینی یان ناتانەوێت بیبینیت، چۆنت ئەوێت بەوجۆرە بڕیاری خۆت بدەو سزا تۆمارکراوەکە بخوێنەرەوە!!

**حاکم:** (هەناسەیەکی قوولْ هەڵئەکێشێت) دەروێش عەبدولڕەحمان! (بەدەنگێکی نووساوەوە): لەبەر تیشکی ئەو راستییانەی لەم فایلەدا هاتوون (دەستی ئەخاتە سەر فایلەکە)... و... (تف قووت ئەدات) دادگا بڕیاری بەمردنت دا (وشەی مردن لەبلندگۆکانی ئەملاوئەولای شانۆکەوە بەرز ئەبێتەوە)

**دەروێش:** (بەهەموو هێزیەوە هاوار ئەکات) مردن بۆ دەروێش! مردن بۆ دەروێشی بازرگان! مردن بۆ دەروێشی مامۆستاو کرێکارو جووتیارو گەورەو بچووك! مردن بۆ دەروێشەکانی ئەم جیهانە کەساسە!

(رووناکییەکە لەسەر ئەو شوێنەی دەروێش لێیوەستاوە نامێنێت و بەچڕی ئەکەوێتە سەر حاکم، تاریکی لاکانی‌تری شانۆکە ئەگرێتەوە. حاکم هەڵئەستێت. قورسی و ماندوویی و پشت کۆماوەیی پێوە دیارە، لەگەڵ یەکەم هانگاویدا هەڵئەنووتێ و خەریکە بکەوێت، هەردوو لێکۆڵەر بەپەلە فریای ئەکەون، بەڵام لەناو رووناکییەکەدا تەنها دەست و باڵیان ئەبینرێت کەبۆ گرتنی حاکم درێژیان کردوونەتەوەو حاکم ئەگرن و بەراکێشان ئەیبەن بۆ دەرەوە...

حاکم و هەردوو لێکۆڵەرو پیاوی سێیەم ون ئەبن. رووناکییەکە ئەخرێتەوە سەر دەروێش کە لەناوەڕاستی شانۆکەدا وەستاوەو هەردوو باڵی بەتەواوی کراونەتەوە...)

دەروێش: بەهۆی منەوە بڕیاری مردن بەسەر هەموو جیهاندا سەپێنرا! بەدادگاکەم گوت کەسزای من بدەن و جیهان ئازاد بکەن، هاوارم لێکرد ئاڵای راستی بەرز بکەرەوە وەك رووناکی رۆژ پەخشی بکە، بەڵام دووجانەوەرەکە چاوی دادگایان بەست و هیچی نەبینی! (هەردوو باڵی شل ئەبن و ئەکەون): بۆیە ئاڵای راستی بەپێچراوەیی مایەوە (بەهەرچوارلای شانۆکەدا ئەسووڕێتەوەو رووناکییەکەش لەگەڵیدایە)

**دەنگ:** (لەهەرچوارلای شانۆکەوە بەرز ئەبێتەوە): مردن بۆ دەروێش!

**دەروێش:** (ئەوەستێت) سوودی چییە؟ هیچ سوودێکی نییە! قەسابخانەکە هەر بەردەوامە (بەسەر ئەژنۆیدا ئەکەوێت و بەهەردوو لەپی دەستی دەموچاوی دائەپۆشێت و لەگریاندا هەموو لەشی ئەکەوێتە جووڵە، لەنێوان هەردوو دەستییەوە): یەکێك بەس نییە!

**دەنگەکە:** (جارێکی‌تر دەنگەکە بەرز ئەبێتەوە) مردن بۆ دەروێش!

**دەروێش :** (سەری هەڵئەبڕێت، هەروەك لەگەڵ دەنگەکە قسەبکات) جا سوودی چییە؟ یەکێك بەس نییە!

**دەنگەکە :** ( بۆ جاری سێیەم بەرز ئەبێتەوە): مردن بۆ دەروێش.

(دەرگا ئاسنەکەی پێش شانۆکە ئەکرێتەوە، دووپیاو خۆیان ئەکەن بەتاریکییەکەدا، لەسەرخۆ لەدەروێش نزیك ئەبنەوە، ئینجا هەریەکەیان لەلایەکی دەروێشەوە ئەوەستێت)

**دەنگەکە :** (جارێكو دووجار بەرزئەبێتەوەو تێکەڵ بەهاوار هاوار ئەبێت): مردن بۆ دەروێش... مردن بۆ دەروێش... مردن...

**دەروێش :** (هیچ گوێ ناداتە هەردوو پیاوەکە) ئەگەر هەموو خەڵك پێی‌بزانن...

**دەنگەکە :** مردن بۆ دەروێش... (ئیتر نامێنێت)

**دەروێش :** ئەگەر هەموو خەڵك پێی‌بزانن وا خوێنەکەم بەفیڕۆ ناڕوات.

(هەردوو پیاوەکە دەروێش ئەگرن، هەریەکە باڵێکیانی بەدەستەوەیە، هەموویان بۆ دواوە ئەگەڕێنەوەو ڕووناکییەکە بەدوایانەوەیە. دەروێشو ئەو دەستەی هەردوو باڵەکانی گرتووە لەناو بازنەی ڕووناکییەکەوە تا ئەو دەرگایەی لەپێشەوەی شانۆکەدایەو کراوەتەوە ڕووناکییەکە ئەمێنێت، ئیتر دوای ئەوە ڕووناکییەکە بەتەواوی ئەکوژێتەوەو نامێنێت...)

**دوا پەردەش دائەدرێتەوە.**

## ئەو کتێب و بڵاوکراوانەی وەزارەتی رۆشنبیری لە ساڵی ١٩٩٩ داچاپی کردوون و هاوکاری کردوون


| ژ | ناوی کتێب | ناوی خاوەن کتێب | جۆری کتێب | جۆری چاپ |
|---|---|---|---|---|
| ١ | سێدارەکانی بەهەشت | قوبادی جەلی زادە | هۆنراوە | چاپکردن |
| ٢ | کورژنی خوێن | غەفور ساڵح | رۆمان | چاپکردن |
| ٣ | مەرگی سوشاب | عەلی کەریم | شانۆیی | چاپکردن |
| ٤ | بەسەرهاتی کەڵەپیاوێك | وەرگێرانی حسین عوسمان نێرگزەجاری | رۆمان | چاپکردن |
| ٥ | مێژووی هۆزی جاف | حەسەن فەهمی جاف | مێژوویی | چاپکردن |
| ٦ | ژوورەکەی دەلیا | ئاکۆ کەریم مەعروف | کورتە چیرۆك | چاپکردن |
| ٧ | سەرەتایەکی زمان ناسی | میدیا | زمانەوانی | چاپکردن |
| ٨ | بیبلۆگرافیای کورد وکوردستان | ئەکرەم قەرەداخی | رۆژنامەگەری | چاپکردن |
| ٩ | کورد | و . د. عیزەدین مستەفا رەسول | مێژوویی | چاپکردن |
| ١٠ | نامیلکەی چالاکیەکانی وەزارەتی رۆشنبیری بۆ ساڵی ١٩٩٩ | ئامادەکردنی فەرید زامدار | رۆژنامەگەری | چاپکردن |
| ١١ | حەپسەخانی نەقیب | بەخشان جەلال حەفید | مێژوویی | چاپکردن |
| ١٢ | وتنەوەی بیرکاری پۆلی یەکەم و دووەمی سەرەتایی | عەلی ئەحمەد | زانستی پەروەردەیی | چاپکردن |
| ١٣ | ئینسکلۆپیدیای کیمیا | جەمال عەبدول | زانستی | چاپکردن |
| ١٤ | کورتەجوگرافیای کوردستان | کەریم زەند | جوگرافیا | چاپکردن |
| ١٥ | دەفرە فڕیوەکان چین لەکوێوە هاتوون | ساڵح محەمەد | زانستی | چاپکردن |
| ١٦ | مردووەکان بنێژن | و.یاسین بەرزنجی | شانۆگەری | چاپکردن |
| ١٧ | میرزا مارف | ئومێد ئاشنا | ژیان و بەرهەمەکانی | چاپکردن |
| ١٨ | هاواری دڵ | بوار نورەدین | مەزهەری خالقی | چاپکردن |
| ١٩ | بابەتەکانی پەروەردەی نوێ | فواد قەرەداخی | پەروەردەیی | هاوکاری |
| ٢٠ | وێنەکەی خوشکت | رۆئوف حسن | کورتە چیرۆك | چاپ کردن |
| ٢١ | کلوە بەفرەکانی خۆر | هوشیار بەرزنجی | هۆنراوە | یارمەتی |
| ٢٢ | گوناهەکانی بەفرو سێبەر | محەمەد کاکە رەش | هۆنراوە | چاپ کردن |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٢٣ | گوێڕایەڵی بۆ ئامۆژگاریەکانی دایەو بابە | و. حەسەن عبدالکریم<br>خانەی منداڵان<br>ب.گ.ڕۆشنبیری و هونەر | چیرۆکی منداڵان | چاپ کردن |
| ٢٤ | گوێ درێژ و پاشا | و.لەتیف هەڵمەت<br>خانەی منداڵان<br>ب.گ.ڕۆشنبیری و هونەر | چیرۆکی منداڵان | چاپ کردن |
| ٢٥ | جوان وچۆلەکەکان | و.نوری سەعید قادر<br>خانەی منداڵان<br>ب.گ.ڕۆشنبیری و هونەر | چیرۆکیمنداڵان | چاپ کردن |
| ٢٦ | گێژاوی پۆلەندە | و.بورهان قانع | مێژوویی | چاپکردن |
| ٢٧ | گۆڤاری دایەلۆك | ژمارە(٤) ی گۆڤار | ڕۆژنامەگەری | هاوکاری |
| ٢٨ | گۆڤاری شانۆ | ژمارە(٩) ی گۆڤار | ڕۆژنامەگەری | هاوکاری |
| ٢٩ | گۆڤاری ئاران | گۆڤار | ڕۆژنامەگەری | هاوکاری |
| ٣٠ | دیاریەك بۆ یادی سەدویەك ساڵەی ڕۆژنامەگەری کورد | ئامادەکردنی ئومێد ئاشنا | ڕۆژنامەگەری | هاوکاری |
| ٣١ | کۆمەڵزانیو کورد | فؤاد گاهر صادق | کۆمەڵایەتی | چاپکردن |
| ٣٢ | باخچە ڕەژووەکانی حەقیقەت | شازین هێرش | هۆنراوە | چاپکردن |
| ٣٣ | ئاوییەر | صدیق بۆرەکەیی | هۆنراوە | چاپکردن |
| ٣٤ | هەناسەیەك لە تەنهاییدا | بەناز کوێستانی | پەخشان | چاپکردن |
| ٣٥ | دیوانی ڕەمزی مەلا مارف | ڕەمزی مەلا مارف | هۆنراوە | چاپکردن |
| ٣٦ | حەپسەخانی نەقیب لە ئاوێنەی مێژوودا | ڕۆوف عیمان | مێژوویی | چاپکردن |
| ٣٧ | چارە نووس | صابرگرد عازەبانی | ڕۆمان | چاپکردن |
| ٣٨ | مدن کوردیە قدیمە | مەلا جەمیل ڕۆژ بەیانی | مێژوویی | چاپکردن |
| ٣٩ | خۆزگەکانی بەرد هەڵکەنێك | ئا : جمال عارف امین<br>ب . ڕۆشنبیری وهونەر | چیرۆکی مناڵان | چاپکردن |

ئەوکتێب و بڵاوکراوانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری لەساڵی ٢٠٠٠ دا چاپی کردوون و هاوکاری کردوون

| ژ | ناوی کتێب | ناوی خاوەن کتێب | جۆری کتێب | جۆری چاپ |
|---|---|---|---|---|
| ١ | منداڵ و شیعر | محمد کەساس | هۆنراوە | چاپکردن |
| ٢ | ڕۆژنامەگەری | و . مجید صالح | ڕۆژنامەگەری | چاپکردن |
| ٣ | ئافرەت لەمۆسیقاو گۆرانی کوردیدا | سەردار خدر حسین | کۆمەڵایەتی | چاپکردن |
| ٤ | نۆزدەمیروکورد | ئەحمەد باوەڕ | مێژوویی | چاپکردن |
| ٥ | دەچڵ نێرگز | محمد رحیم رمچان | چیرۆکی منداڵان | چاپکردن |
| ٦ | مێژووی کتێبخانەکانی سلێمانی | مارف ناسراو | مێژوویی | چاپکردن |
| ٧ | شایەت | و ، ئاشتی عوسمان دانش | شانۆیی | چاپکردن |
| ٨ | هەقتەبزانی | و . شێرزاد حسن | ڕۆژنامەگەری | چاپکردن |
| ٩ | چەند گیروگرفت ودیمەنێکی دەروونی | و . جلال خلف ژاڵەیی | زانستی | چاپکردن |
| ١٠ | فەرهەنگی زەوی زانی وێنەدار | کمال جلال غریب | فەرهەنگی زانستی | چاپکردن |
| ١١ | لەبازنەی شانۆدا | عەلی کەریم | شانۆیی | چاپکردن |
| ١٢ | بووژاندنەوەی ڕۆشنبیری ونەتەوەیی ی کورد | و . صدیق صالح | مێژوویی | چاپکردن |
| ١٣ | چەند بابەتێك دەربارەی کەلتووری نەتەوەی کورد | سەلام مەنمی | کەلتوری | چاپکردن |
| ١٤ | مەرگی وەنەوشە | یاسین قادر بەرزنجی | چیرۆکی ڕۆژنامەنووسی | هاوکاری |
| ١٥ | زوبدەی عەقیدە | مەولەوی | شیعر | چاپکردن |
| ١٦ | گۆڤاری شەهید | بنکەی شەهید رێباز | گۆڤار | هاوکاری |
| ١٧ | گۆڤاری پەلکە زێرینە | بنکەی ئەدەبی منالان | گۆڤاری منالان | هاوکاری |
| ١٨ | گۆڤاری دیلانێ | منالپارێزی بەریتانی | گۆڤاری منالان | هاوکاری |
| ١٩ | خونچە گوڵ | عوسمان هەورامی | شیعری مندالان | چاپکردن |
| ٢٠ | سەمای لاولاو | ئەژی گۆران | هۆنراوە | چاپکردن |
| ٢١ | گۆڕستانی ئەپیکۆرۆس | هاشم سەراج | هۆنراوە | چاپکردن |
| ٢٢ | ماچی باران و خاك سروەو پەیامی کوردایەتی | ئەحمەد هیرانی | هۆنراوە | چاپکردن |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٢٣ | شۆڕشی ئاگری داغ | کاوە بەیات | مێژوویی | چاپکردن |
| ٢٤ | ورچی میهرەبان | حسەین ی نەجاتی | چیرۆکی منداڵان | چاپکردن |
| ٢٥ | ڕێبەندان | تەها ئەحمەد ڕەسووڵ | ڕۆمان | چاپکردن |
| ٢٦ | قوتابیەکی تەمەڵ | سۆران حەمەد | چیرۆکی منداڵان | چاپکردن |
| ٢٧ | جولەکەکانی کوردستان | ئەحمەد باوەڕ | کۆمەڵایەتی | چاپکردن |
| ٢٨ | عندما تتكلم الارقام | الشيخ عطا الطالباني | سیاسی | چاپکردن |
| ٢٩ | نەخۆشییە دەروونییەکان و دەروون لەشییەکان (سایکۆسۆماتی) یەکان | محەمەد کەریم شەیدا | زانستی | چاپکردن |
| ٣٠ | هۆنراوەو چیرۆکی فولکلۆریی کوردەواری | محەمەد حەمە صالح تۆفیق | فولکلۆری | چاپکردن |
| ٣١ | رؤي كردية بكلمات عربية | ستران عبدالله | سیاسی | چاپکردن |
| ٣٢ | ئەجلیکا | و.جەمال جامی | کورتە چیرۆك | چاپکردن |
| ٣٣ | قەفەزی زێڕین | و. یاسین قادر بەرزنجی | چیرۆکی منداڵان | چاپکردن |
| ٣٤ | میهرەجانی مەولەوی | وەزارەتی رۆشنبیری | بابەتەکانی میهرەجان | چاپکردن |



# الدراويش

## يبحثون عن الحقيقة

- مسرحية من ثلاثة مشاهد -

مصطفى الحلاج

ترجمة : محمود ملا عزت